# نەوشەفەق 53

خاوەن ئیمتیاز:
**بەدران ئەحمەد حەبیب**

**شوبات 2008**

کۆواری ئەدەب و ڕۆشنبیری


**نەبوونی ڕەخنەیەکی بەهێزو فرە چەمک لەنێو ئەدەبی کوردیدا ڕاستەوخۆ دەگەڕێتەوە بۆ نەبوونی ئازادییەکی ڕاستەقینە و فرە مانا.**

کەریم دەشتی

**من دەنووسم کەواتە بوونم هەیە» چرکەسات هەیە هەست دەکەم پیشەیەکی کڵۆڵم کردووە بەحیرفە، تەنیام وەکو زەنگە ژەنگگرتووەکەی کڵێسەیەک کە هیچ کەسێک ئامادە نییە تەلەفزیۆنەکەی بەجێ بهێڵێ تا سەردانی بکات.**

غادە ئەلسەمان

**لەچیرۆکدا مەرج نییە هەموو شتێکی نهێنی و شاراوە کەبوونی هەبێت بە شێوەیەکی ئاگادارانەو بەدەستی ئەنقەست لەلایەن چیرۆکنووسەوە داڕێژرابێ و خرابێتە نێو چیرۆکەکەوە.**

بەکر دەروێش


**سەرپەرشتیاری ئەنجوومەنی کارگێڕی**
ئەحمەد تاقانە

**سەرنووسیار:**
یوسف لەتیف
youseeflatif@yahoo.com
م/ ٠٧٥٠٤٦٧٥٠٥٦ - م/ ٠٧٧٠٢١٩٧٦٧١

**بەڕێوەبەری نووسیاری:**
محەمەد سەعید زەنگنە
Hamatal_z@yahoo.com

**دەستەی نووسیاران:**
سەباح ئیسماعیل
چنوور نامیق
بەکر دەروێش

**بەڕێوەبەری هونەری**
ئاراس ئەکرەم

دەزگای شەفەق
کوردستان - کەرکوک
ڕەحیماوا - نزیک خولگەی ئەحمەدی خانی

## پێڕست


چەند سەرەقەڵەمێ. **ڕوانین**. کەریم دەشتی ..... 3

ڕەش وەک گریان.. شیکردنەوەیەکی پراکتیکی دەربارەی چەمکی .... **لێکۆڵینەوە**. ..... 6

چاوگێڕانێک بە بەرهەمە ئەدەبییەکانی غادە ئەلسەمان و... **لێکۆڵینەوە**. و: چنوورنامیق. ..... 32

کەرکووک لە سەردەمی کلدانییانەوە تا ئێستا – بەشی یەکەم. **مێژوو**. و: ئەحمەد تاقانە ..... 42

فەرەیدوون سامان: جگە لە شیعرەکانم، نووسینێکی دیکە.... **دیمانە** : قەهار شێخانی ..... 53

ئەدەبیاتی ژنانە و پیاوانە. **وتار**. جەبار سابیر ..... 63

وێنە ڕەنگاوڕەنگەکان. **شیعر**. سورخی ..... 67

بروسکە. **شیعر**. محەمەد ئەمین پێنجوێنی ..... 82

ئێوارەیەک وەک درێژکراوەی ڕۆحم پڕ چاوەڕوانی. **شیعر**. عەبدولموتەلیب عەبدوڵڵا ..... 85

شیعر نا ... لێوەکانم. **شیعر**. زانا خەلیل ..... 88

چەپکە شیعرێکی "ئیمیلی دیکێنسۆن". **شیعری وەرگێردراو** . و: لە یلا ساڵحی ..... 90

تاڵ وەکو زوڵفت. **چیرۆک**. مستەفا زاهیدی ..... 94

ناسنامەیەکی جنراو. **چیرۆک**. خەبات ڕەسووڵی ..... 98

ئەو نە ئەو. **دەق و ڕەخنە**. محەمەد سەدیق کەریم پوور ..... 102

ڕەخنە... لە چیرۆکی یادەوەرییەکانی کۆڵانێکی خاپوورکراودا....**خوێندنەوە**. بەکر دەروێش ..... 111

بووکەشووشە!. **شاکارەکانی دوێنێمان**. . د. مارف خەزنەدار ..... 125



کەریم دەشتی

# چەند سەرەقەڵەمێ

چونکە شیعر لە بنەڕەتدا بۆ جوانی ڕسکاوەو بۆ بەرجەستەکردنی جوانییەکانی خوڵقاوە، بۆیەکێشەی بە ئایدۆلۆژیکردنی شیعر یا توخم ڕێژکردنی شیعر بە مەسەلەی سیاسی و ئایدۆلۆژییەکان کێشەیەکی دێرینە هەر لەو سەردەمەوە دەستی پێکردووە کە گریکەکان خەونی خۆیان گێڕاوەتەوە و جۆرێک لە ڕێبازگەراتییان لەناو شیعردا چاندووە. من بۆ خۆم پێموانییە شیعر جێگەی دروشمە ئاید ولۆژییەکانی تێدا ببێتەوە، ، دەشێ شیعر بتوانێ بە شێوەیەکی هێجگار جوان مەسەلەیەک لەو مەسەلانەی کە سیاسەت ورووژاندوویەتی بخاتە ناوەرۆکیەوە بەڵام ئەگەر هاتوو شاعیر بتوانێ هەمان ئەو کێشەیە لەناو چوارچێوەیەکی جەمالی دا دابڕێژێ سەرکەوتن بەدەستدێنێ، بیرۆکەی بە ئایدۆلۆژیکردنی شیعر وەک دیاردەیەکی زەق لە سەردەمی دوا شۆڕشی ئۆکتۆبەری کۆمۆنیستی هاتە کایەوە کاتێک شاعیرانیان ناچار دەکرد بچنە ناو کێشە سیاسییەکانەوە دەورو خولی پارسەنگە سیاسییەکان بدەن و شیعری کرێکارخوازی بنووسن. ئەوەبوو لەبەر یاخیبوونی کۆمەڵێکی زۆر لە شاعیرەکان لەو داوا ناڕەوایە دوورەپەرێز کران، چەندانێکیش شیعری لەم جۆرەیان نووسی، هەندێ دوورخرانەوە لە زێدی خۆیان، هەر لەبەر ئەوەی نەیانویست لە ڕۆحانیەتی شیعری خۆیان بدەن و بچنە ناو نووسینی شیعری سیاسییەوە، یان دەقی دیکەی سیاسییەوە. بۆ نموونە (بۆریس باسترناک) هەر زوو نەفی کرا، ئەم جۆرە

نووسەرانە لەبەر دوورکەوتنەوەیان لە ئایدۆلۆژیا بە مرۆڤی زیادە لە قەڵەم دەدران.

بەهەرحاڵ ئایدۆلۆژیا وەک بوویەرێکی سیاسی بەرهەمهێنەری فۆرمەکانی خۆیەتی، بەڵام ناکرێ شیعر فۆرمێک بێت لە فۆرمەکانی ئایدۆلۆژی.

لەبەرئەوەی سیاسەتیش فیکر هەڵیدەسوورێنێت، تا ڕادەیەک ئەوەی کە سیاسەت هەندێ جار ئایدۆلۆژیاییەکی دەستنیشانکراو هەڵیدەسوورێنێت، هەندێ جاریش سیاسەت گوزارشت لە بزووتنەوەیەکی ڕزگاریخوازی دەکات، بۆیە لە هەموو ئەو حاڵەتانەدا مەسەلەی ئینتیما دروست دەبێت، شاعیر لە کۆمەڵگە بەدەر نییە هەڵبەت ئینتیمایەکی هەیە، هەندێ جار ئەو ئینتیمایە هیۆمانستییەو سەرتاسەری مرۆڤایەتی دەگرێتەوە، هەندێ جاریش ئینتیمایە بۆ لایەنێک. بەڵام شاعیری ڕاستەقینە لە هەردوو حاڵەتەکەدا بە دیدێکی ئینسانی گەورە سەیری مەسەلەکان دەکات و ناخزێتە ژێر داواکارییەکانی دەزگاکانی سەر بەو سیاسەتە.

نەبوونی ڕەخنەیەکی بەهێزو فرە چەمک لەنێو ئەدەبی کوردیدا ڕاستەوخۆ دەگەڕێتەوە بۆ نەبوونی ئازادییەکی ڕاستەقینەو فرە مانا، لە هەر وڵاتێک ئازادی بە مانا مرۆیی و ڕاستەقینەکە هەبێت، لەو وڵاتەدا ڕەخنە بەهێز دەبێ و دەبێتە سەرچاوەیێکی گرینگی مەعریفی و دەبێتە هۆکارێکی گرینگی سەرهەڵدانی پرۆژەی گەورە گەورەی مەعریفی و دەزگای بەرهەمهێنەری مەعریفی، لەنێو ئەدەبی کوردیدا هێشتاکە ڕەخنە و ڕەخنەکاریش لە خودی خۆیان ئازاد نین و دیلی دەستی کۆمەڵێک قەوانی سواو داب و نەریتی سەلەفین، ئەمەش وایکردووە، بەرهەمی ڕەخنەیی لە ئاستێکی نزمدا سەقامگیربێت و نەتوانێ لەناو بەرهەمی ئەدەبی دا دەقی ئەدەبی جوان بخولقێنێ، ئەگەرچی هەندێ تەوژمی تازە هەن لەنێو گەنجەکاندا بەڵام ئەویش جیدییەتی بەردەوامبوونی کەمە، باشترین ڕێگەچار بۆ سەرهەڵدانی ڕەخنەیێکی گەورە ئەوەیە دەور و خولی بەرهەمی گەورە بدەن و حسێب بۆ پەیوەندییەکان نەکەن و بە ڕۆحێکی ئازاد و ڕەها سەیری بەرهەمەکان بکەن.

من ناتوانم بڵێم کولتوری کوردی کولتورێکی مەرگدۆستە، چونکە کولتور لەسەر بنەمای مەرگدۆستی دانامەزرێ، بەڵکو ئەوە ژیاندۆستیە وا دەکات کولتور بێتە کایەوە و میلەتان برەخسێنێ، بەڵام دیاردەی زیندووکردنەوەی دوای مردن لە نێو ئەدەبی کوردیدا دەگەڕێتەوە بۆ ڕابردوویێکی دوور، ئەو ڕابردوویەی کە کۆمەڵێک ئەدیب و شاعیرانی بەرهەمهێناو ئیدی تا قۆناغێکی زۆر درەنگ ئەدیب و شاعیر سەریان هەڵنەدایەوە، ناچار بۆ ماوەیەکی هێجگار زۆر ئێمە هەر خەریکی قسەکردن بووین لەسەر ئەو نەوەیە، چونکە بار و گوزەرانی

هەواڵنامەی کتێب

خەڵکی کوردستان لە نزمترین ئاستی خۆیدابوو لەبەر دەستی داگیرکەراندا، بەڵام دوای ئەوەی ئیدی قۆناغی سەرهەڵدانی ئەدەب گەیشت ئەم دیاردەیە کەمتر بۆوە، بەڵام نابێ ئەوەش فەرامۆش بکەین کە دەبێ یادی ئەدیب بکرێتەوە و دوای مەرگیان فەرامۆش نەکرێ، بەڵام نەک بە شێوەی شێوەن و سەردولکە ، بەڵکو بە شێوەی بەرهەمهێنانی مەعریفی سەبارەت بە بەرهەمەکانیان، بە مانای کەشفکردنی ڕەهەندەکانی ناو دەقەکانیان.

خۆرئاوا هەوڵدەدات لەرێگەی بەرهەمهێنانی مەعریفی و تەکنیکیدا وەک سێنترالێک خۆی سەقامگیر بکات و ڕۆژهەلات بخاتە پەراوێزی خۆیەوە، ئەوەشیان لەرێگەی بەهێزکردنی ئابووری خۆی دەبێت و لەرێگەی کۆنترۆڵکردنی سەرچاوە ئابوورییەکانەوەیە کە هەوڵدەدات هەموو شوێنێکی ئەم سەرزەمینە بکاتە بازاڕی ئازادی خۆی، خۆرئاوا لەژێر هەرچەترێکدا دەسەلاتی خۆیان دارێژن هەڵگری جۆرێک لە لیبرالیەتێکی پرەگماتیکین، دەیانەوەێ هەم ئازادیی بازاڕو هەم ئازادیی هەڵسوڕانی جیهان بەدەست بهێنن، ئەمەیە کە جیهانگیری بەرهەم دەهێنێ، ڕۆژهەلات پایەندی کلتووری خۆیەتی بەلام نەیتوانیوە بەرهەم هێنەری تەکنیکی بێ، تاوەکو ئێستاش لەنێو مەعریفەی ڕەوحانی خۆی دەژێت، دڵ کاریگەرترە لە ئەقڵ، نوشتە بەهێز ترە لەنەشتەگەریی هەربۆیەش خۆرئاوا هەمیشە بالادەستە، چونکە بەخەیاڵ سەرزەمین دەژیت لەکاتێکا ڕۆژهەلات بەخەیاڵی یۆتۆپێکی غەیبی دەژیت، ئەوان هەمیشە لەئێستادا دەژین و لەناو ئێستادا کاردەکەن ئاوڕ بۆ دواوە نادنەوەو باوەڕییان بە پاڵەوان نییە، ئەمەش وایکردووە ڕۆژئاوا دوورکەوێتەوە لە ئەفسانەو بێ سیمبۆل بژیت سیمبۆلدۆستی لای ئەوان کۆتایی هاتووە و ئێستاژینی گرنگە لەلای ئەوان، بەلام ڕۆژهەلات وانییە پابەندی هەزار سمبۆل و پیرۆزییە کە وایکردووە ئەقڵ لەنێو سوباتێکی ئەفسانە ژینی درێژخایەندا بژی و بواری بەرهەمهێنانی لەبەر ببڕێت، جیهانگیری پڕیەتی لەشتی جوان، بەلام بۆ ئەو نەتەوانەی کەنازانن پێشوازی لێ بکەن و نازانن چۆنی بەکاربهێنن دەبێتە شمشێرێکی دووتیغە تیغێکیان ئەوەیە ئەگەر ئەو نەتەوانە بەتایبەت نەتەوە پەراوێز کراوەکان و نەتەوە پەرش و بلاوەکان کە نازانن بەکاری بهێنن بەزووترین کات جیهانگیری هێندەی دیکە پەراوێزیان دەکاو لەبەرداشی کۆتایی لەناویان دەبات، تیغەکەی دیکەش بۆ ئەوانەی پێشوازییەکی زانستیانەی لێ دەکەن بەرهەمهێنەری بەختەوەرییە. هەمیشە بەدرێژایی مێژوو بەختەوەرییەکان دێن، بەلام نەزانەکان وردوخاشی دەکەن.

لێکۆڵینەوە



نەجات حەمید ئەحمەد

# ڕەش وەک گریان

## شیکردنەوەیەکی پراکتیکی دەربارەی چەمکی گریان لە لای شاعیر کامەران موکری

گریان لە ڕووە فیزیکی و هۆشیارییەکەوەی، والابوونێکی دەروونی و جەستەییە کە ڕۆڵی لە بەتاڵ کردنەوە و لە هەمان کات هاوسۆزی بوون بەکوڵ هاتن هەیە لەو کاتەی مرۆڤ لەو هەستانەی کە لێوڕێژ دەبێ بەرانبەر بە هەموو خۆشی و ناخۆشییەکانی ژیان داوای کرداری لێ دەکەن کە خۆشەویستەکانمان جێ دێڵین چاومان پڕ ئاو دەبێ و دڵمان دەلەرزێت... ئەوەیە هەوڵی خۆدەربازکردن لەواقیعێکی نەویستراو و داسەپاو، ئەمە بەفێڵ کردن لە جەستەیەک کە دەیەوێ لە جیاتی فرمێسک کردار بەرەو ڕووی دنیای نەویستراو بکاتەوە گریان، هەروەها گریان دەروونی بێ فرمێسکیشە، بێ دەنگ و خامۆش هەروەک ئەو ترسە گەورەیەی هەموو جەستە دەخاتە بەر هوروژمی ساتەکانی جێهێشتنی ژیانەوە گریان لە زەیندا یادەوەرییەکی لە بیرکراوە، بەو مانایەی گریان لە لای مرۆڤ وەکو داب و دەستوورێکی کۆمەڵایەتیی لێ هاتووە لە مردنەکان، لەڕووداوەکان، لە ساتە مینیەکان، لە ساتە توندوتیژەکان، لە ئازارەکان، مرۆڤ دەگرێتەوە پڕ بە دڵ دەگرێی تاکو ساڵی بەتاڵ بوونەوەیەکی زەینی و سادەییانە لەوکاتەی گریان وەکو بەهایەکی سۆزداری لە لای زۆرداران و بکوژان و پاسەوانانی مردنیش، تەنانەت لە لای جەلادەکانیش هەیە، بەڵام گریان هەمیشە ڕوویەکی والایە بۆ گوتنی ئەو شتانەی لە زماندا ناگوترێن، بۆ بەرهەم هێنانی تەواوی مانا پەنهانەکانی ناوەوەمان. گریان بەم مانایەش جۆرێکە لە شێوازی شت

دەربڕین، جۆرێکە لە پێکهێنانی مانی نەگوتراو و شاراوەی ناوەوە کە لە شیکرنەوەیدا پۆرترێتێکی کەسایەتیی جیاواز دەکەوێتە ڕوو گوناهباران و بێ گوناهان کامەران و خەمباران ئازاد و کۆیلە، بەند و ئازاد سەرکەتوو، نوشوست خواردوو، جەللاد و قوربانی ئەوان لە ساڵی جیاوازدا گریانی خۆیان هەیە، کە واقیعی خۆیان ناچاریان دەکات دەربڕین لە ساتەکانی خۆیان بکەن.

گریان لەلای شاعیر (کامەران موکری) فراوانترین ڕووبەری لە هەموو شیعرەکانیدا داگیر دەکات بەجۆرێک لە شەش کۆمەڵە شیعریدا (موکری)ی شاعیر نەیتوانیوە دەست بەرداری ئەو ئاخاوێنە ناخەکییەی گریان بێت کە بە هێزەوە بەرەو خۆی دەبات و ڕاپێچی دەکات، بەڕادەیەک شاعیر گریان وەکو فەلسەفەیەک بۆ کەسایەتییەکی زێدە هەستیار شاعیر دەکاتە مرۆڤێک وەکو گەڵایەکی تەریکە هەر شنەیەک هەڵبکات لەگەڵ خۆیدا دەیبات و ناخیشی لەگەڵیدا دەکەوێتە کەف و کوڵ، ئەم ساتانە لەلای شاعیر زۆر و دووبارەوە بوون. گەڕان بە دوای گەوهەری گریان لەشەش کۆمەڵە شیعردا کارێکی ئاستەم نییە بەڵام پڕ پڕە لە گرفتی زمانەوانی و سیمانتییکی و ڕێزمانی و فەرهەنگی و ڕەوانبێژی کە ناتوانین لەو گرفتانەوە پاش لێکۆڵینەوە لێیان بگەینە هیچ دەرەنجامێکی ڕوون و ئاشکرا هەرچەندە ئەو پێکهاتانە گەوهەری فەلسەفی و بنیاتی شاراوەی گوتراو و نەگوتراوەکان لە خۆ ناگرن، ئەمانە وەکو ڕەگەز و یەکەی زمانەوانی و ڕێزمانی بەکاریان دێنین تاکو لەوێوە بتوانین دەروازەیەک بەڕووی مانا هەستیار و شاراوەکانی شاعیردا بکەینەوە بەم پێیەش گریان لە ڕوویەکەوە لەلای شاعیر جۆرێک لە پۆلین کردنی ڕوکەشییانەی تێدایە ئەو گریانەی نەویستراوە و ڕەتکراوەتەوە و ئەو گریانەی خواستراوە، ئەو گریانەی ئامانجێکە و پێوەرێکیشە بۆ ژیانی کەسەکان بەگشتی ئەم کۆبوونە لە گریان لەلای شاعیر ئەو دەلالەت و مانایەی هەیە کە مرۆڤ لەلایەنی دوژمنانەوە بهێنرێتە گریان، مانای ئەوەیە کە دوژمن یەکێک لە ئامانجەکانی ئەوەیە کە گەلی کورد لە جیاتی هەموو بارودۆخێکی ژیانی شیاو لە گریاندا بژێت و کامەران نەبێت ئەم گریانە گریانێکە کە بە زۆر بەسەر گەلێکدا دەسەپێنرێت و دەتوانین بە گریانی داسەپاوی ناو بنێین.

لە خوێندنەوەی هەر پێنج کۆمەڵە شیعری شاعیر (کامەران موکری)دا کە کۆمەڵە شیعرییەکانی (ئاشتی ١٩٥٤، ئاگرو ژیلەمۆ ١٩٥٨، گوڵ ئەستێرە ١٩٥٩، و ئاوات و ڕەنج ١٩٦٨ و زەبری هۆنراوە و گوڵاڵە سووره ١٩٧١)دا، چەند دەرەنجامێکی دەلالەتدارو سەرسوڕهێنەرم کەوتە بەرچاو کەلەم لێکۆڵینەوەدا باسیان لێوە دەکەم ئەو ڕووپێوە هەر



هەواڵنامەی کتێب

لەسەرەتاوە گەڕانە بە دوای هۆکار و دەلالەتەکانی گریان لەلای شاعیر. کە دیارترین دیاردەی ڕووکەشی ئەو ڕووپێوە ئەوەیە کە گریان لەلای شاعیر بە هەرسێ ڕووەکەی زۆر دووبارە دەبنەوە و تەنانەت گریان شا وشەیە لەلای شاعیر کە هەمیشە لە پشتەوەی هەستەکانییەوە ئامادەیە. کۆی لاپەڕە شیعرییەکانی هەر پێنج کۆمەڵە شیعر (٢٨٦) لاپەرەی خاوێن سەرەتا بەم خشتەیە ئەو ڕووپێوە دەخەینە ڕوو لەو ٢٨٦ لاپەڕەیەدا.

خشتەی ژمارە (١)

| ناوی دیوان | ژمارەی لاپەڕەکان | ژمارەی شیعرەکان | ژمارەی وشەی گریان | ژمارەی ئەو شعرانەی وشەی گریانیان تێدایە | ساڵی چاپکردن |
|---|---|---|---|---|---|
| ئاشتی | ٥٨ | ٢٨ | ٥٢ | ١٦ | ١٩٥٤ |
| ئاگرو ژیلەمۆ | ٥٤ | ١٩ | ٤٣ | ١٩ | ١٩٥٨ |
| گوڵە ستێرە | ٤٨ | ٢٨ | ٢٢ | ١٣ | ١٩٥٩ |
| ئاوات و ڕەنج | ٤٧ | ٣٠ | ١٧ | ١٤ | ١٩٦٨ |
| گوڵاڵە سوورە | ٢٢ | ١ | ١٢ | ٠١ | ١٩٧١ |
| زەبری هۆنراوە | ٥٧ | ٢٧ | ٣٢ | ١٢ | ١٩٧١ |
| کۆی گشتی | ٢٨٦ | ١٤٣ | ١٧٨ | ٦٥ | ١٧ |

لەم خشتەیەوە، چەند ڕاستییەکمان بۆ دەکەوێتە ڕوو کە لە شیکردنەوەکانماندا سوودیان لێ دەبینین شاعیر لە ماوەی (١٧) ساڵ لە تەمەنیدا (١٤٣) شیعری نووسیوە «جگە لەو شیعرانەی کە لەدیوانەکانیدانین » لە کۆی ئەو شیعرانەدا (٧٨).جار وشەی گریان و (هاودەلالەتەکانی)ی گریانی بەکارهێناوە. کەواتە لەم زانینە سەرەتاییەوە ڕێژەی ئەو دێرە شیعرییانەی کە گریانیان تێدا هاتووە بەلایەنی کۆی شیعرەکانەوە (١٣٠٪)ن کەئەمەش دەری دەخات ناوهێنانی وشەی گریان و هاودەلالەتەکانی ژمارەی شیعرەکان تێپەر دەکات بەمەش بیری بناغەیی وشەی ناوەندیی شیعرەکان وشەی گریان و هاو دەلالەتەکانی دەنوێنێت دەشێ بڵێین وشەی زاڵ لەو شیعرانەدا کە قورسایی دەلالەتی خۆیان هەبێ لە زمانی شیعردا، وشەی گریان و فرمێسک و ناڵە و شیوەن ...هتد» کە ئەمەش بێگومان لە

شیکردنەوەی هۆکاروباری دەروونیی شاعیردا گرنگیی خۆی هەیە. سەرجەمی ئەو شیعرانەی وشەی گریانیان تێدا هاتووە، (٦٥) شیعرە، ئەگەر لەگەڵ کۆی شیعرەکان بەراووردی بکەین کە ١٤٣ شیعرن، ئەوە دیارە کە ڕێژەی ئەو شیعرانەی وشەی گریانیان تێدا هاتووە (٦٥) شیعرن، ئەگەر لەگەڵ کۆی شیعرەکاندا بەراووردیان بکەین (١٤٣) ئەوە دیارە کە ڕێژەی ئەو شیعرانە لەگەڵ کۆی شیعرەکاندا (٤٩٪)ە کە ئەمەش مانای وایە نزیکەی نیوەی شیعرەکانی هەر شەش کۆمەڵە شیعرەکانی وشەی گریانیان تێدایە، کە ئەمەش ڕێژەیەکی گەڵێک زۆر و ناسروشتییە لە یادەوەریی شاعیردا هەمیشە ئامادەیە، کەواتە ڕاستییەکی بەرایی لەم جۆرە، چ بۆچوون و چ پاڵنەرو هۆکارێک دەبن بۆ لێکۆڵینەوەیەک کە لەسەر وشەیەک بکرێت نەک بابەتێکی سەربەخۆ ، لەم ڕاستییەوە ئەم ڕووپێوە هەر لە سەرەتاوە بەرەو تاسانێکی مرۆڤایەتیمان دەبات هۆیەکەش ئەوەیە. شاعیر لە زۆر لە شیعرەکانیدا «بەرگری کردن، تۆڵە سەندنەوە لە زوڵم، ڕاپەڕین، هەڵمەت و هێرش کردن یاخیبوون و شۆڕش. ...» ڕووبەرێکی چاک لە ماناکانی شیعرەکانی داگیر دەکەن، بەڵام وشەی گریان دەشێ دژە دەلالەتێکی زۆر لەو مانایانە بێت ئەو مرۆڤەی خەبات دەکات و سەنگەر دەگرێ و داوای تۆڵەی چەوساوان دەکات و خەڵکی بەرەو ڕاپەڕین جۆشی دەدات، زیاتر بە مرۆڤێک دەکات کە دەزانێت لە ڕۆژگاری ڕەش و زۆرداریدا چی پێویستە بکرێت و چی بۆ ڕۆژگارێکی واشیاوە و دەشزانێت بەسۆزهاتن و گریان لە دەستی زۆرداری بە جۆرێک لە جۆرەکان دەستەپاچە بوونە بەرانبەر بەو زۆردارییانەی کە بەسەر نەتەوەکەیدا هاتووە، کەواتە زۆرسەیرە مرۆڤێکی لەم جۆرە هەست و سۆزەکانی ئەوەندە ناسک و ڕووشاوە و دەست لێ نەدراوبن، کە هەبێت هێزی خۆگرتن نەماوە و ئەوە ناخیەتی بەرەو هەموو کردارەکانی بەگریان بوونی دەبات، بەو ڕادەیەی کە خۆی بەرانبەر بەتراژیدیا سیاسی و کۆمەڵایەتی و بوونیەکان پێ کۆنترۆڵ ناکرێ و، لە پڕێکدا هەناو و ناخی هەڵدەچێت و چاوەکانی ئەوەندە شەکەت و ماندوو دەبن، کە بەرگەی تەوژمی بەسۆزهاتنێکی ناخەکی ناگرن و وەکو ملوانکەیەکی پساو، کە دەنکەکانی دەکەونە سەر زەوی و هەڵبەز و دابەز دەکەن دڵۆپ دڵۆپ فرمێسک دەڕێژن و بەسەر کوڵم و لاچاوەکانیدا دێنە خوارەوە و زۆرجاریش ناڵەو هەنیسک و شیوەنیان تێکەڵ دەبن و هەروەک بڵێت گریان ئەو دەست بۆ بردنە بێ جێگرەوەیە بێت کە بەرەوڕووی زۆرداری دەکرێتەوە و ئەو هێزە بێت کە لە ڕووە دەروونییەکەوەی بەسەر تێپەڕبوونی ناهاوسەنگی چینایەتیدا زاڵ بێت ئەو پەنچە تیشکاویانەبن کە دەروونی برینداری لێقەوماوان سارێژ کاتەوە، وەکو هێزێکی

مانەوەی کە چاوەڕێی کاردانەوەی دیکەی لێ بکرێت، نەخێر دەشێت لەلای شاعیر هیچیان نەبێ و لە هەمان کاتیشدا بچێتەوە سەر هەموویان چونکە چوونەوە سەریان بەندن بە حاڵەتە زەینی و دەروونیەکانی شاعیر، کە دەیەوێت خۆی لە هەموو کایە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکاندا ببینێتەوە. شاعیر هەروەک گرفتارێکی سۆفیگەری بەسۆز هاتووە لە گریاندا نە لە ڕۆژگار و نە لە ساڵەکاندا گۆڕان بەسەر ئەو سۆزانەیدا نایەن، کە هەموو هێزی دەربڕینی شیعری ناتوانن لێی دوور خەنەوە ئەو وەکو کۆڕپەیەک دەکەوێتەوە ئامێزی گریان ، چونکە دەشێت گریان بگاتە شیعر چاوەکان ببنە مانا فرمێسکەکان ببنە ڕستە، بەجۆرێک، لە هەندێک شیعردا گریانی ئەو گریانێکی تێکەڵ و ئاوێتەیەکە لە جۆشی جیاواز و کاردانەوەی لەناکاو ئەمانە هەرگیز وێنەیەک نین، بۆ گوڕو تینێکی یەک مانایی و یەک ئاراستەیی واتە یەک کاریگەر بوون گریان لای ئەو جۆرێکە لە جۆرەکانی ئاخاوتنی ناخەکی ئەمەش وا پێویست دەکات لەو ڕووپێوە زمانەوانییە سەرەتاییەوە بەرەو ڕووپێوێکی دیکە بچین کە ئەویش لەلایەکەوە گەڕانێکە بە دوای جۆرەکان یان شێوە ڕووکەشەکانی گریان لەلای شاعیر، لە لایەکی دیکەشەوە هۆکارەکانی گریان و ئەو هێزە نهێنییە پڕ توانایەی کە شاعیر دەخاتە گریانەوە کە سەرەتا پێویستە جۆرەکانی گریان پۆلێن کەین بە دووی سەرچاوەی هاتنە کایەوەو دروست بوونیدا بگەڕێین لەسەر بناغەی کێیە دەگرێی، گریان ویستراوە، یان لاوەکی نەویستراوو داسەپاوە.

هەواڵنامەی کتێب

### گریانی نەویستراو (داسەپاو)

لە کولتووری مرۆڤایەتیدا لە نێو پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا گریان ئەو ڕوونیشاندانەیە، کە لە لایەکەوە خۆ بەدەستەوەدان دەردەخاتە دەرەوە لە بەردەم ڕووداوە پڕ لە تاسەکاندا . لەلایەکی دیکەشەوە جۆشدان و تڕۆپکی خۆ پڕکردنێکی خودیانەیە بۆ کاردانەوەی بەپەلە لەم ڕووەوە ڕووی خاوێنیی گریان گومانی تێدا نییە، هەر بۆیە گریان ڕەتکردنەوەی چارەنووس و ڕووداوی داسەپاوە ئەو گریانەی ڕەشە ئەموستە چاوێکی تاریک و نابینایە بێ ئارەزوو، بەبێ هەڵبژاردن، چونکە گریان هەوڵدانی دەروونە بە تاسەی لە ناکاو شێوانی زەینە لە دەستەپاچەیی کاردانەوەکان مەبەست لە ڕووداو هەموو ئەو ساتانەیە کە مرۆڤ بێ سنوور بەرەو بەسۆزهاتنی ناخەکی دەچێت، کە دەم و دەست مرۆڤ دەخاتە دۆخێک لە ناکردەییەوە، وەکو ئەوەی گریان ببێتە هاوارێکی تاساو بەرانبەر بەوەی کە ڕوو دەداو دەمانخاتە بارێکی نەشیاوی دەروونییەوە، مرۆڤ بە سروشتی خۆی تراژیدیای لەگەڵ

خۆیدا هەڵگرتووە، چونکە بوون بە قورسایی خۆیەوە بەرەو پەراوێزبوونێکی هەمیشەیی دەبات، کە هەمیشە مرۆڤ لە هەستی بەرانبەر دیاردەکان لە زۆر زەمەنی جیاجیادا ئەو هەستە تراژیدییەی لە ناخەوە لەلا زیندوو دەبێتەوە ناتەبایی نێوان «مرۆڤ و گەردوون، مرۆڤ و مرۆڤ ، مرۆڤ و دیاردەکان مرۆڤ و ڕووداوەکان مرۆڤ و نایەکسانی مرۆڤ و خودی نەگونجان ..تاد» کەواتە دەبێ بۆ گەیشتن بە هۆکارەکانی چەمکی گریان لەلای کامەران موکری شاعیر بە نێو شیعرەکانیدا ڕۆچێت و سەرەتا ئەو ڕووپێوە سەرەتاییەی بۆ گریانمان کرد، پۆلێنێکی دەروونی و کۆمەڵایەتی و مێژوویيان بۆ بکەین لە شێوەی بە دووی یەکدا هاتنێکی مانادا هەروەها کاریگەری و دەوریان لە دروستکردنی شیعرییدا، کەواتە سەرەتا لە ئاستی ماناو دەلالەتەکاندا بە دووی وشەی گریاندا دەگەڕێین لەلای شاعیر گریانێک لە دەسەڵاتی بەسۆزهاتن و خوڵقان و پەیدابوونی دەسەڵاتی خود دەردەچێت هەر لەسەر ئەم بناغەیەش پێویستە لە خشتەیەکدا هەموو ئەو بەیت و دێڕە شیعرییانە دەستنیشان بکەین لە هەر شەش دیوانی شیعردا کە تێیاندا گریان مۆرکی گریانێکن کە شاعیر ئاواتەخوازیان نەبووە و نەیویستوون پاشان بە دووی هۆکاری یان بنەچەی ئەو جۆرە گریانەدا بچین ئینجا گریان لە نێوان شاعیر و ئەوانی دی جیا بکەینەوە، بۆ زانینی کێیە دەگرێ ئاخۆ دەبێ گریان بچێتەوە سەر چ حاڵەتێکی زەینی و دەروونی.

| | بەیتە شیعرییەکانی گریان | بنەچە | من - ئەوی دی | ئامازەی گریان |
|---|---|---|---|---|
| ١ | پیری پەک کەوتەی فرمێسک قەتیس ماو<br>شەڕ دیو دڵ بەقین خانە و ماڵ سوتاو | سیاسی<br>کۆمەڵایەتی | ئەوی دی | فرمێسکی<br>قەتیس ماو |
| ٢ | پایزی ڕوو زەرد پایزی غەمگین<br>دیسان ژیانی باخی کرد بەشین | سروشتی<br>فەلسەفی | ئەوی دی<br>نائۆرگانی | باخی کرد<br>بەشین |
| ٣ | مناڵێکی شەش حەوت ساڵان<br>ئەگەڕێ ئەگری لە کۆڵان | کۆمەڵایەتی | ئەوی دی | ئەگری |
| ٤ | دڵی پێخەفی... تەنیا<br>بۆ دووری من ئەگریا | بوونگەرایی<br>نائۆرگانی | ئەوی دی<br>نائۆرگانی | ئەگریا |
| ٥ | نەعەتری شەونم نەپرشنگی گوڵ<br>لە سای توترکا ئەگری زۆر بەکوڵ | سیاسی<br>ڕەوانبێژی | ئەوی دی<br>نائۆرگانی | ئەگری |
| ٦ | تک تک دڵۆپی ئەسرینم<br>ڕژا لە چاوی غەمگینم | فیکری | من | دڵۆپی ئەسرین |
| ٧ | دوای دووسێ ساڵی تەماوی<br>شەوی مات و گریاناوی | سیاسی<br>کۆمەڵایەتی | من | گریاناوی |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ٨ | گریانی زۆر، هەناسەی سەرد، ئەشکی سوور<br>خورپەی بزێو، نائومێدی کتوپڕ | سیاسی<br>کۆمەڵایەتی | من | گریانی زۆر<br>ئەشکی سوور |
| ٩ | پەرچەمی تەڕ ئاڵا لە مل<br>فرمێسکی ئەڕژا لەگەڵ کل | کۆمەڵایەتی | ئەوی دی | فرمێسکی ئەڕژا |
| ١٠ | زریک و هۆر و چرای ڕەنگین<br>ئەگریان بەتاو ئەلەرزین | سیاسی<br>کۆمەڵایەتی | ئەوی دی ئۆرگان<br>– نائۆرگانی | زریک و هۆڕ<br>ئەگریان بەتاو |
| ١١ | ئەینوارییە ڕێی گۆڕستان<br>پیاوی ژاکاوی پڕ لە گریان | فیکری | ئەوی دی | پڕ لە گریان |
| ١٢ | کپ و غەمگین و مات کۆلان<br>لە پڕ هەورێک ئەیزریکان | فیکری<br>سروشتی | ئەوی دی<br>نائۆرگانی | ئەیزریکان |
| ١٣ | کارەکەری جوان وەکو گوڵ<br>بەدەم گریانەوە بە کۆڵ | کۆمەڵایەتی | ئەوی دی | گریان بەکوڵ |
| ١٤ | ئەی کۆرپەی باوک تاوانبار<br>لە ئێستەوە بگری بەزار | کۆمەڵایەتی<br>سیاسی | ئەوی دی | بگری بەزار |
| ١٥ | گۆیژە گریا بەخوڕ<br>لافاو هەستا بەتین و گوڕ | سروشتی | ئەوی دی<br>نائۆرگانی | گریا |
| ١٦ | دار و دیوار بەرد ئەگریا<br>دایک ئەیزیران بۆمان | سروشتی | ئەوی دی<br>سروشت | بەرد ئەگریا<br>ئەیزیران |
| ١٧ | شین بوو (هەموو) نەک کەس مردوو<br>لە مەشا تۆ تیاچووی هەژار | کۆمەڵایەتی<br>سروشت | ئەوانی دی | شین بوو |
| ١٨ | کە پەنگی ئەخواردەوە ئاو<br>ئەیزریکان سوپای لافاو | سروشتی | ئەوی دی<br>نائۆرگانی | ئەیزریکان |
| ١٩ | چووە سەر لاشەی دوومناڵ<br>گریا بۆ ژینی ڕەش و تاڵ | کۆمەڵایەتی<br>سروشتی | ئەوی دی | گریا |
| ٢٠ | مردن ئەیگێڕا زەماوەند<br>ئەگریا هەژار دەوڵەمەند | کۆمەڵایەتی<br>سروشتی | ئەوانی دی | ئەگریا |
| ٢١ | پەنچەرەو پەردەو چاوی کاڵ<br>ئەگریا بۆ نەخشێ ساماڵ | سروشتی | ئەوی دی<br>نائۆرگانی | ئەگریا |
| ٢٢ | هەموو بە جارێ گەورە و ورد<br>فرمێسکت بۆ ئەڕێژین دڵ | کۆمەڵایەتی<br>سروشتی | ئەوی دی | فرمێسک<br>ئەڕێژین |
| ٢٣ | بۆ کۆچی تۆ هاتۆتە کوڵ<br>باخی ئەشکی کوردستان | سروشت فیکری | ئەوانی دی<br>نائۆرگانی | هاتنە کوڵ باخی<br>ئەشک |
| ٢٤ | گرە بەر ئەبێ لە دەروونی باخ<br>چەمە لە پێچا ئەگری وەک مناڵ | سروشتی فیکری | ئەوانی دی<br>نائۆرگانی | ئەگری |
| ٢٥ | بزانە چۆن فرمێسکی لێڵ<br>ئەڕژێتە سەر ڕووم گەرم و وێڵ | کۆمەڵایەتی<br>سروشتی | من | فرمێسکی لێڵ |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ٢٦ | جێ پەنچەی لە خۆدان<br>فرمێسکی چاوی پڕ لە ژان | کۆمەڵایەتی | ئەوانی دی | فرمێسکی چاوی پڕلە ژان |
| ٢٧ | کە بای خەزان گوڵی وەران<br>خونچە دەست ئەکا بە گریان | سروشت | ئەوانی دی<br>نائۆرگانی | گریان |
| ٢٨ | بەڵام شارەکەمان بە گشت<br>بۆ کۆچی تۆ فرمێسکیان ڕشت | کۆمەڵایەتی<br>سروشت | ئەوانی دی<br>نائۆرگانی | فرمێسکیان ڕشت |
| ٢٩ | شیوەن تیژ کەن بۆ گەورەو ورد<br>کامل وێنەی شیرینی ڕووت | سروشتی<br>کۆمەڵایەتی | ئەوانی دی | شیوەن تیژکەن |
| ٣٠ | ئاوازەی ئەو ڕۆژە تاڵە<br>گریان بوو زریکە و ناڵە | کۆمەڵایەتی<br>سروشتی | ئەوانی دی | گریان بوو زریکە ناڵە |
| ٣١ | مەزاتخانەی لەش و گیان بوو<br>بازاڕی غەم و گریان بوو | کۆمەڵایەتی<br>فیکری | ئەوانی دی | غەم و گریان |
| ٣٢ | لەسەر شان و ملی بێگەرد<br>بە فرمێسکی تاڵی خوێنین | سیاسی | ئەوانی دی | فرمێسکی تاڵی خوێنین |
| ٣٣ | یاساو لێک تف و دار<br>ئەیهێنایە گریا و هاور | سیاسی | ئەوانی دی | گریەو هاوار |
| ٣٤ | خوێن ئەباری لە ئاسمان<br>ئەسرین ئەتەقێ وەک کانی | سیاسی | ئەوانی دی | ئەسرین ئەڵەقێ |
| ٣٥ | گریان بوو ڕۆ ڕۆ سنگ کوتان<br>نرکە بوو هەوڵە بۆ ژیان | سیاسی<br>کۆمەڵایەتی | ئەوانی دی | گریان ڕۆ ڕۆ<br>سنگ کوتان |
| ٣٦ | ئەویان هەژاری بێ تاوان<br>یەک بە دوای یەک ئەگریان | سیاسی<br>کۆمەڵایەتی | ئەوانی دی | ئەگریان |
| ٣٧ | لە خۆڵی مەچەکی مردوو<br>مەتارەکەم پڕ لە ئەسرین | کۆمەڵایەتی | من | پڕ لە ئەسرین |
| ٣٨ | لە خرمە خرمی شەستە بارانا<br>لە دوا هەنسکی قوڵپی گریانا | کۆمەڵایەتی | من | هەنسک قوڵپی<br>گریان |
| ٣٩ | نوێنت ئەگری بۆ تەنیایی<br>سنگ ئاگرە هەنگونیە | نائۆرگانی | ئەوی دی | نوێن ئەگری |
| ٤٠ | کچی بەسزمانی غەمگین<br>ئەیڕشتە چنگێوە ئەسرین | کۆمەڵایەتی | ئەوی دی | ئەسرین |
| ٤١ | تا ئاوا دڵی کچەی کوشت<br>شەو و ڕۆژ فرمێسکی ئەڕشت | کۆمەڵایەتی | ئەوی دی | فرمێسکی<br>ئەڕشت |
| ٤٢ | بەسەر سنگی نەرمیا ڕوا<br>بەکوڵ گریا بۆ شەو | کۆمەڵایەتی | ئەوی دی | بەکوڵ گریا |
| ٤٣ | کە بەیانی هەستا لە خەو<br>کچە بەکوڵ دیسانەوە گریا | کۆمەڵایەتی | ئەوی دی | گریەو شین |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ٤٤ | هاتە بەرچاوی کە چۆن ژین<br>یەکسەر لێی بوو گریە و شین | کۆمەڵایەتی | ئەوی دی | گریە و شین |
| ٤٥ | سروودەکەم پڕن لە سۆزی<br>گریان و ناڵەو ئازار چەشتنی | کۆمەڵایەتی<br>سیاسی | من | گریاو ناڵە |
| ٤٦ | هەزاران چاو ئەشکی تێزا<br>دڵ بە پشتی خەما چزا | کۆمەڵایەتی<br>سیاسی | ئەوانی دی | چاو ئەشکی تێزا |
| ٤٧ | ئەستێرەکان ورد ئەوەرین<br>بۆ ناو قەترەی ئەشکی خوێنین | فیکری | ئەوانی دی | قەترەی ئەشکی<br>خوێنین |
| ٤٨ | لە ناو گۆمی لێڵی پەشیمانی<br>کۆست کەوتوانە هەمیشە لە گریانای | کۆمەڵایەتی | ئەوی دی | لە گریانای |
| ٤٩ | لە قەترەی فرمێسکی چاوا<br>لە ناو جۆگەلەی خوێناوا | سیاسی | ئەوی دی | قەترەی<br>فرمێسک |
| ٥٠ | لێرەدا بوو گوڵی خەندە هەڵوەری<br>کیژی لادێ، ئێستەش زۆر بەکوڵ ئەگری | کۆمەڵایەتی | ئەوی دی | بە کوڵ ئەگری |
| ٥١ | گریەی منالّی دەربەدەر<br>بە نێڵە نێڵی ئاگری | کۆمەڵایەتی | ئەوی دی | گریەی منالّ |
| ٥٢ | لەگەڵ دەنگی شین و گریان<br>خوێنی ئارامی دڵ تکا | فیکری | من | دەنگی شین و<br>گریان خوێنی<br>دڵ تکا |
| ٥٣ | ئەسرین کەدیی جۆگەی خوێناو<br>نەیەیتە بەر پەرژینی چاو | سیاسی | من | ئەسرین |
| ٥٤ | کاتێ دیم ئەسرین لە تەختی ڕووتا<br>وەک پشکۆی ئاگر ئەسووتا | سیاسی | ئەوی دی | ئەسرین |
| ٥٥ | کەژی سەختی بە لێشاوی<br>فرمێسکی ئاسمان | سروشتی | ئەوی دی<br>نائۆرگان | فرمێسکی<br>ئاسمان |
| ٥٦ | ئەسرین لە چاوم تکا<br>یانزە قەنارەی تیا شکا | سیاسی | من | ئەسرین |
| ٥٧ | گوندە ڕەشە سوتاوەکان<br>ئەسرین کلّپە ئەڕێژن | سیاسی | ئەوانی دی<br>نائۆرگانی | ئەسرینی کلّپە |
| ٥٨ | دڕدەن ئەی کێوانی ژیان<br>ئەبێ شاخ بێنمە گریان | سیاسی | ئەوانی دی<br>نائۆرگانی | گریان |
| ٥٩ | هەور ئەگری ئاسۆ ڕەش پۆش<br>ئاسمان غەمگینە | سیاسی | ئەوانی دی | هەور ئەگری |
| ٦٠ | بۆ هەر لایەک گوێ هەڵ ئەخەم<br>زایەڵە و شینە | سیاسی | ئەوانی دی | زایەڵە و شینە |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ٦١ | هۆنەرەوەی ناسۆری ژینی تاڵە<br>پڕ هەنسک و تا سەو قوڵپی گریانە | کۆمەڵایەتی | من | هەنسک قوڵپی<br>گریان |
| ٦٢ | ئەبێ خۆری کەلی بەرزی ئاوات بێ<br>ئەبێ بزەو گریانی لێقەوماو بێ | سیاسی | ئەوانی دی | گریان |
| ٦٣ | گوڵ ئەگریا و دوا دڵۆپی شەونمی ئەڕشت<br>بۆ ئەو کوڵمەی خۆڵەمێش بوو لەسەر ڕووی ئەنشیت | کۆمەڵایەتی<br>فیکری | ئەوی دی<br>نائۆرگانی | ئەگریا دڵۆپی<br>شەونم |
| ٦٤ | نەهاوار و نەلالانەوە و گریان<br>نە ئەگەین بە ناخی دڵ و گیان | کۆمەڵایەتی | من | لالانەوە هاوار<br>گریان |
| ٦٥ | چاوی دایکی هەمیشە کاسەی ئەسرین<br>کەس و کاری و سەنگەر و کەژ بۆی ئەگرین | سیاسی | ئەوی دی | کاسەی ئەسرین<br>بۆی ئەگرین |
| ٦٦ | سەنگەرەکان ئەگرین بۆ قارەمانەکان<br>ئەوان گیان بوو پارە نەبوو بەخشییان | سیاسی | ئەوانی دی | سەنگەرەکان<br>ئەگرین |
| ٦٧ | هۆنراوەکانم لەناو دەروون<br>بۆ پەرەی گوڵی وەریو ئەگریان | سیاسی<br>کۆمەڵایەتی | من | ئەگریان |
| ٦٨ | دوای چەند ساڵ خڵتەی نەبوونی چەشتن<br>ئەشکی سووری بەپەنهانی و ئاشکراڕشتن | سیاسی<br>کۆمەڵایەتی | من | ئەشکی سوور |
| ٦٩ | کاتێ پایز لەسەر لوتکەی بڵندی چیا<br>لە جیاتی من بەسەر لاشەی شۆخا ئەگریا | سیاسی | ئەوی دی من | ئەگریا |
| ٧٠ | لە فرمێسکا چاوی شەماڵ گوڵی وەک چرا<br>ئەشکی تاڤگە بەشێنەیی و بە نەرمی شۆرا | کۆمەڵایەتی | ئەوی دی<br>سروشت | لە فرمێسکا<br>ئەشکی تاڤگە |
| ٧١ | هەرچی خونچەی ئاوات هەیە هەموو هەڵوەرین<br>هەرچی چاوی یادم هەیە هەموویان ئەگرین | کۆمەڵایەتی | من | ئەگرین |
| ٧٢ | لەم ژوورەدا قەترەی ئەسرین<br>ڕژایە سەر ڕوومەتی پان | کۆمەڵایەتی | من | قەترەی ئەسرین |
| ٧٣ | ژنی شۆخی دڵ ئاگرین<br>بەخوڕ دەستی کرد بە گریان | کۆمەڵایەتی | ئەوی دی | گریان |
| ٧٤ | فریشتەی دڵداری گریا<br>کە گریا ژنی وەک پەری | کۆمەڵایەتی | ئەوی دی | گریا گریا |

هەروەک دەبینین «٧٥» جار بۆ «٩٠» جار وشەی گریان و هاو دەلالەتەکانی یان هاوماناکانی گریان هاتووە لە هەر شەش دیوانی شاعیردا؛ کە ئەم ژمارەیەش ژمارەیەکی سروشتی نییە بۆ تەنها جۆرێک لە گریان کە ڕۆژگار دەیسەپێنێتە سەر وشەی شیعری لە لای شاعیر. کە ڕێژەی ئەم ژمارەیە لە کۆی شیعرەکاندا دەگاتە ٦٠٪ ی هەموو وشەکانی گریان هاودەلالەتەکانی لە دیوانەکانیدا، ئاخۆ ئەم خشتەیەی ژمارە «٢» چیمان پێ دەڵێت

پێش ئەوەی هیچ دەرەنجامێکی شاراوە و نهێنیی لێ دەرکەین:

لە کۆی «٧٥» بەیت و ڕستەی شیعری تەنیا «١٧» بەیتیان گریان بۆ شاعیر دەگەڕێتەوە واتە ئەوە شاعیرە دەگرێی هەموو ئەوانی دی گریانەکان بۆ سروشت خەڵکانی دی دەگەڕێتەوە.

لە کۆی «٧٥» بەیت کە گریانی تێدایە «٢٢» بەیت و ڕستەیان گریان شتەکانی دەورو بەرن کە بە شێوەی ڕەوانبێژی سیفەتی گریانیان پێ دەبەخشێ لە کۆی ئەو «٧٥» دێڕە «١٣٦» دێڕە هۆکاری کۆمەڵایەتی و سیاسین کە ئەوانی دی دەگرێن.

ئەم ژمارانە ڕاستییەکی بەڕایەتی دەردەخەن کە گریانی شاعیر لە ئاست گریانی ئەوانی دی – (سروشت – مرۆیی) نزیکەی چوار لەسەر یەکی گریانەکانی دیکەیە، ئەوانی دی لە گریانە نائۆرگانیەکاندا واتە شتەکانی سروشت گریانێکن بۆ بارودۆخێکی ناهاوسەنگی سیاسی، یان کۆمەڵایەتی، یان بوونگەرایی و فیکری گریانی ئەوانی دی ئۆرگانییەکان گریانێکن کە لە هۆکاری نا تەباو زوڵم و ستەمی کۆمەلایەتی و سیاسی و مێژووییەوەن، هەروەکو چۆن گریانەکانی خودی شاعیریش گریانێکین، یان هۆکارو بنەچەی سیاسییان لە پشتەوەیە، یان کۆمەڵایەتی و خودی ئەم ڕاستییانەش، یان ئەم وردە ئەنجامانەش ئەوە دەردەخەن کە هەموو گریانەکان سیفەتێکی هاوبەشی کۆمەڵایەتی و سیاسی و فیکری کۆیان دەکاتەوە ، لەگەڵ جیاوازیی ماناکاندا لێرەدا ئەو پرسیارە دێتە پێشەوە ، گریانی ئەوانی دی لە سروشت و بارە ئۆرگانیاندا بۆ کێ دەگەڕێنەوە ئەوە کێیە دەگرێ و گریان سەرچاوە و هۆکارەکانی لە چییەوەن؟

سەرەتا گریانی شاعیر و ئۆرگان و نا ئۆرگانەکان لە ناڕەزایی و ڕەت کردنەوەی ستەم و جیاکارییە کۆمەڵایەتییەکانەوە سەرچاوە دەگرن و زۆرکەم پەل بۆ بواری فیکری و فەلسەفی دەهاون، ئەمەش وا دەکات هەموو گریانە جیاوازەکان تەنها یەک خەسڵەتی بنەچەیی کۆیان بکاتەوە و ببنە خاوەنی یەک خەسڵەتی بنەڕەتی کە هێزی هاتنە گریانە کەواتە سەرچاوەکان لە ناخەوە و لە ناوەوەی هەستەکانی شاعیرەوەن کە گریان دەخوڵقێن و گریان دێننە بوونەوە ئەوە شاعیرە لەگەڵ ئازار و ستەم و زۆرداریی سەر ئەوانی دی وێنەیەک بۆ گریانی ئەوان دەدۆزێتەوە ئەوە هەر خۆیەتی لە بەرگ سیمای سروشت و کەسەکانی دەور و بەریەوە بەرەو گریان دەچێ و ئەوانیش لەگەڵ خۆی بەرەو گریان دەبات گریان هەڵوێست و کردار نییە گریان بەرپەرچ دانەوە و دەست دانە چەرک و بیری گۆڕانکاری نییە بەڵکو گریان هێزێکی شاراوەیە کە مرۆڤەکان بەرەو هەڵوێست و کاردانەوە

دەبات لە پاش هەموو ئەمانەش گریان ئەو دەستەپاچەبوونەیە کە تاکەکان بەرەو کاری بەرپەرچدانەوە و هەڵوێست وەرگرتن و خۆشەویستیی یەکتری دەبات وپاش ئەوەی هاوبەشییەک لە هاوسۆزبوون و ئینتیمابوون بۆ یەکدی دەخولقێنێت لە گریاندا، گریانی بەکۆر هەموو بەشدارن لە ڕەتکردنەوەی نا هاوسەنگی و نادادپەروەری و نایەکسانییەکان بەڵام لە کۆتایی هەموو شتێکدا ئەوە شاعیرە کە دەگرێی ئەوە شاعیرە سۆز و هەڵوێست و بە مرۆبوون لە گریانەوە دێنێتەوە ناخی مرۆڤەکان. بەلایەنی کۆی گشتیی وشەکانی گریان و هاوشێوەو هاو دەلالەتەکانی کریان ژمارەی «٧٥» لە ٦٠٪ی سەرجەمی وشەکانی گریان لە شیعرەکانی شاعیردا پێک دێنێ، ئەمەش ئاماژەیەکە بۆ ئەوەی کە بارودۆخێکی ناگزوور و نەگونجاو و نالەبار و نادادپەروەرانە هەیە کە تاکەکانی لە شاعیرەوە بەرەو گریان دەباو کۆمەڵگە بەبێ ئیرادە و دەسەڵاتی خۆی بەرەو ئەوی نەگونجان و نالەبارییانە دەبات، چونکە کۆمەڵگەی کورد هیچ نەبێ بەلایەنی شاعیر و سەردەمەکەیەوە گەورەترین زوڵم و زۆرداری و ستەمی لەسەر بووە، کاتێک تاک ئەوەی دەیەوێت و ئارەزووی لێیەتی بیهێنێتە دی. لە دەسەڵاتی خۆی دەردەچێ ئەوسا گریان دەبێتە گەورەترین کاردانەوە لە ژیان و لەسەر بیرکردنەوەی شاعیر کە منداڵێکی بێکەس دەبینێ دەگریێ کە هاوڕییەکی سروشت دەیباتەوە دەگرێی کە کورد بەر جوێن و تێهەڵدان و زوڵم و کوشتن دەبێتەوە دەگرێی کەبیر لە ژیان و بەسەرهاتەکانی خۆی دەکاتەوە دەگرێی، ئەو دەگرێی بۆ هەموو لەنگی و نایەکسانییەکانی ژیان بۆ بەفیرۆچوونی ژیانی کامەرانیی خۆی کەواتە ئەوە شاعیرە کە تووشی حاڵەتێک لە دەروون و بیرکردنەوەی برینداراوی بووە کە بە درێژایی ژیان ئەو بیرە بریندارە بە ناچاری دەگرێی و لەگەڵ ئەمانەشدا ئەو بیرە شێوازی دیکە لە گریان دەگرێتە خۆی. پاش ئەوەی کە دەبێتە مرۆڤێک گریان دەچێتە نێو کەسایەتی و بیرکردنەوەی چونکە گریان بەپێی بارە کۆمەڵایەتی و تراژیدیەکان بەرجەستەبوونی کەسایەتییەک، کە دەگرێی، دەرک کردنە بەبێ دەسەڵاتی لە ئاست هەندێک کارەسات و ڕووداو. ئەو مرۆڤەی لە هەموو مافێکی بوونایەتی و سروشت و سیاسیەکانی خۆی دوور دەخرێتەوە ئەو سات کە ئاوڕ لە شوێنی خۆی دەداتەوە گریان دێ و لەگەڵ خۆیدا دەیبا و بەڵکو لە گریانەوە هیوایەک بێتە دەروونەوە هەر چەندە دووریش بێت هەرچەندە خەیاڵیش بێت.

گریان پاش ڕووداو و کارەساتەکان بیرکردنەوە و کاردانەوەیەکی ڕاستەوخۆیە لە حاڵەتە دا سەپاوەکاندا بەڵام هەروەک بڵێیی هێزی بیرکردنەوەو بڕیاردانە وەکو ئەوەی چیتر بیرکردنەوەی شاعیر بەبێ گریمان شوێنی خۆی ناگرێت، چونکە ماناکانی زۆرداری و زوڵم

لێکردن و دەست درێژی کردنە سەر مانایەکن لەو دەروونانەی تەنیا زمان شک دەبەن لە گریانەوە بەرەو جووڵەیەکی ناخەکی دەبن کە بە دووی کردەوە و کاردانەوەی دەبەن کە داوا لە دەستەکان دەکات بجووڵێنەوە داوا لە زمان دەکات بێنە گۆر ئەو زمان و دەستانەی لە ژێر داسەپاندن و کۆنترۆڵ کردندا مەییون ئەوانەی ناتوانن چۆن بێنە گۆ بۆیە گریان ئەو زمانەیە کە ڕوون بینییەک لە سۆز و هەڵوێست وەرگرتن دەردەخەن.

شاعیر لە حاڵەتی گریاندا سروشت و ئەوانی دی دەبینێی لە وێنەی خۆبینین و بینینی ئەوانی دیشدا دیمەنی گریان دەبینێ ئەمە لای ئەو حاڵەتێکی دەروونیی چەسپاوە کە لە گریانەوە بەرەو بیرکردنەوە و کاردانەوە دەچێت.

لەگەڵ زۆریی ڕێژەی ئەو حاڵەتە گریانانەی کە لە کەسانی دی وردەوربەریدا دەیبینێ شاعیر گریان بە بەشێک لە ژیانی سۆزداری و هاو سۆزی خۆی دادەنێ بەشێوەیەک هەست بە مرۆڤێک دەکەین کە لە هەستەکانی زۆر ناسکە، ڕووداوەکان دەیهەژێنن و بەرەو گریانی دەبەن.

## گریانی نەخواستراو (ڕەت کراوە)

کاردانەوەی دووەمی شاعیر بەرامبەر بە چەمکی گریان ئاوێتەبوونی گریانە لەگەڵ ساتەکانی لابردنی خەم و ئازار و کارەسات، گریان لێرەدا هاودژی پێکەنین و خۆشی و کامەرانیە، چونکە لەم کاردانەوەیەدا شاعیر گریان بەهاو وێنەی تراژیدیاو نەهامەتی و ماڵ وێرانی دادەنێ لەو کاتەی لە گریانی داسەپاودا ئەو چەمکە ئەگەرچی بارێکی ناچاری و نەخواستراوی پێوە دیارە، بەڵام لە هەمان کاتدا مۆرکێک لە هۆگربوونەوە و هێوربوونەوە و ڕاهاتنی تیادایە لەگەڵ ناخۆشیدا مۆرکی ئەو مانایەی کە نزیکترین کاردانەوە لەلای شاعیر لە بارێکی ئاسایی و نائاساییدا بەبیرهاتنەوەی کۆنە ئازارەکانە، بەڵام گریانی ڕەت کراوە دەرک کردنە بەو گریانەی کە نەهامەتی و کارەسات و ژیانی پڕ لە ئازار بۆ تاک دێنێ و یەکێکە لەو ئامانجانەی کە زەمان و دوژمنان و بەختێکی ڕەق بۆ مرۆڤی کوردی دێنێ پێمان چاکە لە شێوەی خشتەیەک.

## خشتەی ژمارە «٣»

| | بەیتە شیعریەکانی گریان | ئامازەو گریان | هۆی ڕەتکردنەوە |
|---|---|---|---|
| ١ | قا قای بەسۆزو پیرۆزی دایکا<br>نەک شین و شەپۆڕ گریەو لە خۆدان | پێکەنین گریان | کامەرانی |
| ٢ | ئەی پایز بەسە هەڕەشەو ناڵە<br>ئەم ژینەی ئەمڕۆ واترش و تاڵە | ناڵە | ڕەتکردنەوەی گریان<br>چونکە ژین خۆی گریانە |
| ٣ | فرمێسکی ئاڵت بسڕەوە<br>کاتێ تێکۆشانەو زەردە | سڕینەوەی فرمێسک ئاڵ | ڕەت کردنەوەی گریان<br>کاتێ تێکۆشان |
| ٤ | نموونەی جوانین گەش و جوان<br>بۆسیس بن کزبن، بەگریان | گریان | جوانی و گەش دژی<br>گریانە |
| ٥ | من تۆم خۆش ئەوێ ئەی پەری<br>بەڵام ئاخ ژنی جوان مەگری | مەگری | خۆشەویستی لەگەڵ<br>گریان نەگونجاوە |
| ٦ | ئەی گوڵی باخی بێگانە<br>ئەم ئاخ و گریانە | ئاخ و گریان | جوان وەک گوڵ<br>نەگونجاوە لەگەڵ گریان |
| ٧ | نامەوێ لەمەو دوا هەرگیز<br>بگریم وەک هەورەکەی پایز | بگریم | گریانی پایز بێ ژیانە<br>بۆیە ڕەتی دەکاتەوە |
| ٨ | گوڵی دڵداریم هەڵوەری<br>کە دیم نازەنینم ئەگری | ئەگری | گریان وەکو مردنی<br>دڵدارییە |
| ٩ | گوڵی هیوام کاتێ وەری<br>لە جیاتی ئەوەی بۆی بگری | بۆی بگری | نەمانی هیوا<br>گریانی ناوێ |
| ١٠ | نە ئازارە نەفرمێسکی دڵ و چاو<br>نەسوێی برین نەهەڵڕشتنی زوخاو | فرمێسکی دڵ | گریان هاو دەلالەتی ئازار<br>و برین و زوخاوە |
| ١١ | لە دەربەندەکەی بازیان<br>کە دوژمنی کورد ئەگریان | ئەگریان | گریان بۆ دوژمنانە نەک<br>بۆ ئێمە |
| ١٢ | ئەی لاوانی کڵپەی ژیان<br>لە جیاتی خەفەت و گریان | گریان | لاوان گریان ڕەت<br>دەکەنەوە |
| ١٣ | بۆ ئەوانەی جەرگیان برین<br>دێڕی شینیان بۆ ئەنووسین | دێڕی شین | دوژمن دەبێ شین بگێڕێ |
| ١٤ | وەک نەیەڵێ بچن بۆ شار<br>بیکەن بەقریشکەو هاوار | قریشکەو هاوار | قریشکە هاوار ڕەت<br>کراوەتەوە |
| ١٥ | دڵی تەنگ بووم بۆ کۆمەڵێ گیان<br>کە بەشیان خەفەتەو گریان | خەفەت و گریان | گریان ڕەت کراوەتەوە<br>ئامازەی مردنە |
| ١٦ | قەدەغە بوو هاتن گریان<br>کێ گریا بوو ناوی نووسرا | گریان گریابوو | گریان قەدەغە کراوە |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ١٧ | دایە گیان مەگری وەک جاران<br>ئیتر نامبەنەوە زیندان | کاسەی گریان | گریان ڕەت کراوەتەوە<br>هاودەسەڵاتی سەرگەردانییە |
| ١٨ | دانیشە سەرگردانانە<br>کۆشتان وەک کاسەی گریان | گریان و هەنسک | هەڵبەست گریانی لێ ڕەت<br>دەکرێتەوە |
| ١٩ | هەڵبەستێک بێ تەڕو ناسک<br>دوور بێ لە گریان هەنسک | گریان و هەنسک | هەڵبەست گریانی لێ ڕەت<br>دەکرێتەوە |
| ٢٠ | هاوڕێیان بۆم مەگرین<br>بڵێن هەربژی نەبەزین | مەگرین | نەبەزین گریانی لێ ڕەت<br>کراوەتەوە |
| ٢١ | بۆیە دڵم قەت مل نانێ بۆ گریان<br>پێ ئەکەنێ بە جۆش و کوڵ بە گەرمی | گریان | گریان هاودژی پێکەنینە و<br>ڕەت کراوەتەوە |
| ٢٢ | بنووسە دێڕی پڕ تام و لە زەت<br>دوور بێ لە گریان هەنسک و خەفەت | گریان و هەنسک | شیعر گریانی تێدا ڕەت<br>کراوەتەوە |

هەروەک دەبنین لە هەموو ئەم بەیتانەی کە ژمارەیان «٢٢» ڕستەیە وشەی گریان ڕەت کراوەتەوە و نەویستراوە، لە هەموو دەلالەتەکاندا هاودژی خۆشی و کامەرانی و نەبەزین و تێکۆشانە و نەخواستراوە بارودۆخێکی تراژیدی ئاوەژوو کراوەتەوە، خواستراوە، شاعیر ئارەزووی لە بینینی گریانە لە لای هەموو ئەو مرۆڤانەی خۆشیانی دەوێ، لە هەموو ئەو دیاردە سروشتیانەی کە ئاماژە و نیشانەی توند و تیژی هەڵدەگرن ئەو دەیەوێ گریان لە دەرەوەی هەموو بوونەوەر وشتەکاندا ببینێ لەو کاتەی ئەو وا هەست دەکات گریان هەموو ژیانی مرۆڤی کوردی تەنیوەتەوە و لەمەش دوورتر دەڕوا کاتێک هیوای بە گریان هاتن بۆ بەرامبەرە زۆردارەکانی دەخوازێ.

کەواتە گریمانی نەخواستراو هاوبەندیی دەروونی و عەقلیی نەویستراوە لە هەموو مرۆڤ و شتەکان، چونکە گریانی داسەپاو ئەوەی نیشانمان دا کە هەمیشە دڵێک چوێنراوی نەهامەتی و زۆردارییە، گریانی نەویستراو، نەخواستراو ڕەتکراوە لە لای شاعیر، ئەو گریانەیە کە چیتر شوێنی لە جوگرافیایەکی دەروونی و ئەتنیی دیاریکراوەدا نابێتەوەو ڕەت دەکرێتەوە. بە ئاگا هاتنەوەیەک لەوەی کە بۆچی گریان دەبێ هەمیشە ئامادە بێ تاکو ببێتە شایەتییەک لەسەر کوشتن و لە ناوبردن و زیندانی کردنمان، تاکو ببێتە دەست بەردانێک و ڕاهاتن بەوەی گریان بۆتە مانایەکی داسەپاو لە ژیانمان، کەواتە لەم بۆچوونانەوە دەبێ چۆن لە گریانی نەخوستراوو دەلالەتە شاراوەکانی بگەین؟

گریانی نەخواستراو ڕەت کردنەوەی گریانە وەکو مانایەک بۆ بەزین و مل کەچکردن و کارەساتی داسەپێنراو، لەو کاتەی گریان وەکو دان بێدانانێک لەلای شاعیردا دەکەوێتە بەر

چاو لەو زۆردارییانەی دەکرێنە سەر مرۆڤی کورد و دەبێ چارەنووسی ئەو مرۆڤەش هەر ئەوەبێ کە بەگریان بەو واقیـعە ڕازی بێ و کـاردانەوەش بە گریان کۆتایی بێت، ئەو ئەم گریانە تراژیدی و ڕەش بینییە ڕەت دەکاتەوە و بۆ دوژمنانی کوردی دەخوازێ.

گریانی نەخواستراو لە هەمان کاتدا خواستراوێکە بۆ زۆرداران، ئەو وێنەیەی گریان کە زۆر دەبینێ ئەم کاردانەوەیەش پەیوەندیی بە بینینی واقیـعێکی دییەوە هەیە کە خەوی پێوە دەبینێ گریانی زۆردار ئەو تۆڵەسەندنەوەیەیە، یا ئەو ئاماژەیەیە بۆ بینینی شکست و لەناو چوونی زۆردار،

گریانی نەخواستراو و ڕەتکراوە هیواو خەونێکە بۆ ئەو ساتە پڕ لە خۆشی و حەسانەوە دەروونییانەی کە شاعیر ئازاد دەکەن لە ڕاهاتن و خووپێوەگرتنێکی دەروونی کە چاوەکانی لە نێو فرمێسکدا نوقم دەکەن و وای لێ دەکەن ئەو قەتاو قەت دەرفەت و ساتێک شک نەبات کە تێیدا پڕ بە دڵ بزەو پێکەنین و کامەرانی بەری ڕووچاوەکانی گەش بێتەوە، ڕەتکردنەوەی لەم جۆرە کاردانەوەیە جۆرێک لە بێ هیوابوونی قووڵیش هەڵدەگرێ، چونکە ڕەتکردنەوەی گریان لەلایەکەوە هیوا خواستنە لەلایەکی دیکەشەوە بارێکی کاتی و بەسەرچووە کە لە پاش وێنە تراژیدیەکانی گریان دووبارە دەبنەوە، بەڵام چێژ وەرگرتن و نەگریان و ڕەت کردنەوەی چێژی خۆبینینەوە وەکو مرۆڤێکی خاوەن بڕیارو کاردانەوەدار.

لە بەشێکی دیکەی دەلالەتەکاندا گریان و ڕەتکردنەوەی لەلایەن زۆردارانەوە وەکو هەوڵێکە بۆ نەبینینی ئەو زۆردارییانەو کاریگەریەکانی لەسەر زوڵم لێکراو و زۆردار، کاتێک چێژ لە ئازاری زوڵم لێکراو دەبینێ، کاتێک بەسەر ئەو هەستەیدا زاڵ دەبێ، ئازاری زوڵم چێژ بەشێک نەبێ لە ئازاری دەروونیی خۆی ئەوانەی دەستیان بە خوێنی زوڵم لێکراو سوور دەبێ، دەبنە خاوەن دەروونێکی سادی و چێژ وەرگر لە هونەری کوشتن و ئازار و سزادانی زوڵم لێکراو، شاعیر ئەو وێنەیەی زۆردارمان بۆ دەخاتە ڕوو، کە زۆردار نایەوێ ئەو وێنەیە ببینێ، چونکە ئەو وێنەیە ئازاری دەروونیی لەلادا پەیدا دەکات

گریان لەناوبردنی وێنەیەکی خواستراوە، ئەو وێنەیەی لە پشتەوەی پێکەنین و بزەی سەر لێوانەوە ژیانێکی بێ گرفت و کامەرانی دەدۆزینەوە، وەکو ئەوەی گریان ئەو سیما بۆشە بێ کە هێمایەک بێ بۆ نەهامەتی و خەمەکانی ژیان، شاعیر لە ناخەوە گریان ڕەت دەکاتەوە بە هیوایەکە ئەو وێنەیە بەسەر سیمایاندا تێپەڕ نەبێت.

## گریانی خواستراو (ویستراو)

ئاخۆ گریان لە ڕووە دەروونیەکەوەی چێژی تێدایە؟ ئاخۆ گریان کەی دەبێتە حەسانەوەیەکی جەستەیی و عەقڵی؟ گریان یاخیبوونە یاخود خۆدانەوە دەست و ناچار بوونە؟

گریان والابوونێکی دەروونی و عەقڵیی نیمچە خۆکوژییە لەلای شاعیر کە ئیتر لەو دیوی گریانەوە شتێک بۆ مرۆڤ نامێنێتەوە لە تاریکترین ساتەکاندا خوی پێوە بگرێ، چێژ وەرگرتنیشە لە ڕاهاتن لەگەڵ ئازاردا، گریانی نەویستراو و ڕەتکراوە، گریانی نەخواستراوە، دوو حاڵەتی بە ئاگا هێنانەوەمانن لەوەی کە دەروون و عەقڵی دەرفەتێکیان لەبەر دەمەو خۆیان لە دەستی ڕابپسکێنن، بەڵام گریانی خواز تراو گریانێکی قەدەری و نەگۆڕدراوە ختووکەی دەروون و عەقڵ دەدات کە پاش گریانی یەکەم ئیتر گریانەکانی دیکە لە نێو ئازاردا بە دووی خەندەیەک دەگەڕێ لە نێو فرمێسکی شۆڕەوە بووی سەر ڕوومەتەکان بزەیەک دەیگرێ. کەواتە گریانی خواستراو لەو کاتەی خۆدانەوە دەست و دەست بەرداری بوونە لە هەموو کاردانەوەیەک هەروەها دەبێتە جێگرەوەیەک بۆ خودی کاردانەوە بەو مانایەی شاعیر بۆیە دەگری تاکو هێدی هێدی لە نێو گریاندا بە دووی بزەیەکدا بگەڕێ، بەڵکو لە نێو گریان و قوڵپ دان و هەنسک داندا، خەندەیەک لە دایک بێ، بەڵکو لە نێو خۆدانەوە دەست و گریان لە خۆدانەوە دەستدا و لە کەوتندا، ترووسکاییەک لە خۆشی لە ئەنجامی بەتاڵبوونەوەیەکی ناخ لە ئازارەکاندا لە دایک بێت. ڕەهەند و بەهاکانی گریانی خواستراو قووڵ و فرەمانان و لەم بەشەدایە کە شاعیر لە فیکردا قووڵ دەبێتەوە بەڵام لەیەک ڕووبەری چێژ وەرگرتن لە ئازاردا، چونکە تاقە ڕێگەیەکە بۆ خاڵی بوونەوە، لە ئازار و پەشیمانی و داخەکان، شاعیر لە هەرپێنج دیوانیدا بە دەیان وشەی گریان لە بارە خواستراوەکەیدا بەکار دەهێنێ. کەواتە با لە خشتەیەکدا ئەو بەیتانە دیاری کەین کە تیایاندا گریان جۆرێک لە هۆگری و چێژ و هیوایان لەخۆگرتووە، ئەو گریانەی چاو و دڵ و هۆش و سۆزی و خۆشەویستی بانگی دەکەن و بەرەو جەستەی دەبەن و بنەچەو هۆکاری ئەو چێژەش بخەینە رووکەلەو گریانەوە لەدایک دەبێ وەکو ئەوەی شاعیر بێ ئەو گریانە جەستەیەنی بێ گیانە

**شتەی ژمارە – ٤ –**

| | بەیتی گریانی خواستراو (خوازراو) | ئامازەو گریان | بنەچەو هۆکار |
|---|---|---|---|
| ١ | بەو مەلە جوانەی تامەلابانگدان<br>بۆ عەتری ڕووی گوڵ ئەیکا بە گریان | ئەیکا بە گریان | تامەزرۆیی |
| ٢ | هەمیسان تاسە ڕژایە دەروون<br>دوو دڵۆپ ئەشکم وەک قەترەی ئاڵتوون | دڵۆپی ئەشک | تاسەو بەسۆز هاتن |
| ٣ | وتی ئەی یاری نازداری گیانم<br>تووبی ئەم دڵەو خورپەو گریانم | خورپەو گریان | گریان هاو دەلالەتی دڵ و خورپە |
| ٤ | نامەکەت گەیشت تەڕو بڕ<br>بە هەناسەی گەرمی وەک گڕ | تەڕو بڕ هەناسەی گەرم | سۆزداری تاسە |
| ٥ | وشکم کردەوە ئەی دڵدار<br>خوێنمەوە هەنسک و جەفار | وشک کردنەوەی فرمێسکی سەر نامەر هەنسک | بەسۆز هاتن |
| ٦ | دیسان گریام نەختێ بەکوڵ<br>ڕام چەنانەوە پەڕی دڵ | گریان بە کوڵ | چێژ لە خۆ و ڕۆژاندن |
| ٧ | دامە تاوی هەنسک بەگوڕ<br>ئەگریام وەک مناڵ بەخوڕ | هەنسک بەگوڕ گریان بەخوڕ | بەسۆز هاتن |
| ٨ | تێر تێر گریام لەسەر تەرمی<br>شینێکم گێڕا بە گەرمی | تێر گریام شینێکم گێڕا | چێژ لە تاسەو سۆزی یادگاری |
| ٩ | ئۆخەی کە دڵم تێر گریا<br>بە کوڵ بە جۆش بە ئاشکرا | دڵ تێر گریا بە کوڵ بە جۆش | گریان و حەسانەوەی دەروونی |
| ١٠ | ئەی فرمێسکی دڵی بێ هۆش<br>بۆم گێڕە گریانی خۆش | گێڕانی گریانی خۆش | گریان وەکو چێژ و خۆشی |
| ١١ | سا دەی هەورەکەی ژیان بارانێ<br>ڕامالێت پووشی نائومێدی دڵ خەندە و گریانێ | هەوری ژیان بارانێ گریان وەکو خەندە | گریان لابردنی نا ئومێدی |
| ١٢ | چی بکەم لەگەڵ زێری گلاو تۆی فڕان<br>بۆ کۆشکی سامان ناتگاتێ نە ئاخ نەگریان | ئاخ و گریان | ئاخ و گریان ئاماژەی خۆشەویستین |
| ١٣ | بابرێژێت فرمێسکی زۆر<br>وەک نمی ئاورنگی بەر خۆر | فرمێسکی زۆر | گریان وەکو ڕووناکی و ژیان |
| ١٤ | بابرێژین تک تک لە گیانا<br>خوای دڵداری بێتە گریان | تک تک لە گیانا گریانی خوای دڵداری | هیوا خواستن بە سۆزی خودایی |
| ١٥ | زەردەخەنەکەت بێگومان<br>ئەڕژێتە ناو خوڕەی گریان | خوڕەی گریان | خەندە وەکو هاوبەهای دەروونیی گریان |
| ١٦ | ئە تویتەوە ناو ئەشکی سوور<br>نامبینێت مەگەر هەر لە دوور | ئەشکی سوور | گریان سۆزو تاسەیە |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ١٧ | وێنەی بەهێزی جێماوە لە کاروان<br>لە خاڵە خاڵی ئەرژێت شەپۆلی گریان | شەپۆلی گریان | بەسۆز هاتن |
| ١٨ | کارەکەری جوان وەکو گوڵ<br>بە دەم گریانەوە بە کوڵ | دەم بە گریان بە کوڵ | گریان سۆزداری |
| ١٩ | ئەی کۆرپەی باوک تاوانبار<br>لە ئێستەوە بگری بەزار | بگری بەزار | گریان بۆ ڕەواندنەوەی تەنیایی و ئازار |
| ٢٠ | ئەی فرمێسکی لێڵ بەرزە<br>لە عەرزەت باران و تەرزە | فرمێسکی لێڵ | حەسرەت و تاسە |
| ٢١ | ئەمجارە دڵۆپی ئەسرین<br>ئەکەوێتە هەڵبەست چنین | دڵۆپی ئەسرین | گریان وەکو ئیلهامی شیعری |
| ٢٢ | بۆ کۆچی تۆ هاتۆتە کوڵ<br>باخی ئەشکی کوردستان | باخی ئەشک هاتنە کوڵ | تامەزرۆیی حەسرەت |
| ٢٣ | لە سۆزی ئەم گریانەدا<br>ئەڵێم و هەرووتوومە هەر | سۆزی گریان | گریان هاودەلالەتی بەسۆز هاتن |
| ٢٤ | لەبەر فرمێسکی لێڵ و خوڕ<br>خامەکەم هەرچەندە هاتە گوڕ | فرمێسکی لێڵ و خوڕ | گریان وەکو نووسینی شیعر وەکو هۆکار |
| ٢٥ | ئەی باڵندەی شیعری غەمگین<br>بابێکەوە بیکەین بەشین | بیکەین بەشین | شیعرو گریان، هاودەلالەتی |
| ٢٦ | گریانێک بگرین گەرم و گوڕ<br>ئەسرین بڕێژین گەرم و گوڕ | گریانی گەرم و گوڕ<br>ئەسرین ڕشتن | چێژ لە گریان |
| ٢٧ | وەرە ناو هێلانەی دڵم<br>گوێ بگرە لە گریەی بە کوڵم | گریەی بە کوڵ | چێژ لە گریان |
| ٢٨ | ئەی باڵندەی ئاوازی هەست<br>بابگری دڵی مات و پەست | بگری | گریان ڕەوانەوەی خەمی دڵ |
| ٢٩ | دڵۆپ دڵۆپ لەسەر ڕووی ژین<br>ئەنووسین شیعر و دێڕی شین | دێڕی شین | گریان بۆ ژیان |
| ٣٠ | ئەی کە خونچەی ناسک وەری<br>خەڵکینە توخوا کێ بگری | کێ بگری | داوەت بۆ گریان |
| ٣١ | بگرین بەسۆز بەکوڵ بەزار<br>بۆ کۆچی کاملی ئازیز | گریان بە کوڵ بەزار | گریان وەکو تاسەو تامەزرۆیی |
| ٣٢ | ئەگرین گوڵاڵەش و پایز | ئەگرین | گریان وەکو چێژ |
| ٣٣ | شیوەن تیژکەن بۆ گەورەو ورد<br>کامل وێنەی شیرینی ڕووت | شیوەن تیژکەن | گریان بۆ سۆزی مرۆڤ |
| ٣٤ | لە خۆدان هی سنگی ناسک<br>دەنگدانەوەی گریە و هەست | لە خۆدان دەنگدانەوەی گریەو هەست | گریان خۆ بە تاڵ کردنەوە |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٣٥ | بە کچی خنکاوی شیرین<br>بەو دڵانەی بۆتان ئەگرین | بۆتان ئەگرین گریانی دڵ | بەسۆز هاتن |
| ٣٦ | لەبیرمانن ئەی کاکە گیان<br>هەر فرمێسک ئەرێژین بۆتان | ڕشتنی فرمێسک | ڕەواندنەوەی یادگاری و ئازار لە گریان |
| ٣٧ | بەگریانەوە وەک، ساوا<br>ئەڵێ ئەی شۆخە سوار توخوا | بەگریانی ساوایانە | گریان بۆ هێنانە سۆز |
| ٣٨ | بەسەر بەستێوە بنێژین<br>نە ئەبوو ئەشکیش برێژین | ڕشتنی ئەشک | ڕێگەگرتن لە چێژی گریان |
| ٣٩ | فرمێسکم کرد بە ملوانکەت<br>پەڕەی دڵیشم بەلانکەت | فرمێسک | جوانی و چێژی جوانی لە گریان |
| ٤٠ | دەمێ ئەگری وەکو مناڵ<br>ئەبێ بە پەپوولەی خەیاڵ | ئەگری | گریان و بێگەردی و خاوێنی |
| ٤١ | ئەی هاوڕێیانی تێکۆشان<br>خەفەت و قوتیلەو گریان | گریان | گریان وەکو تامەزرویی و حەسرەت |
| ٤٢ | دڵ ئەگریا و پێئەکەنی<br>سەد دڵ ئەیوت ئا لەم بەژنی | گریان | هاو دەلالەتی پێکەنین |
| ٤٣ | لەرزینی دڵۆپی ئەسرین<br>لەسەر خونچەی کوڵمی شیرین | دڵۆپی ئەسرین | گریان و جوانییەکان |
| ٤٤ | وەسفی بە هەنسکی شمشاڵ<br>ئەپژایە دەشت دەوەن و قەدپاڵ | هەنسکی شمشاڵ | دەنگی گریان هاو دەلالەتە لەگەڵ دەنگی مۆسیقا |
| ٤٥ | ڕژا بەسەر لێوی وشکم<br>ناو دڵۆپی گەرمی ئەشکم | دڵۆپی گەرمی ئەشکم | فرمێسکی تاسەو حەسرەت |
| ٤٦ | کاتێ کە قۆڵی شل ئەجووڵێنێ<br>نم نم فرمێسکی تاسەم ئەرێژم | فرمێسکی تاسەم ئەرێژم | گریان وەکو تاسە |
| ٤٧ | دوای هەناسەیەک بێ دەنگ بوون<br>ئەسرین زایە ناو چاوی ڕوون | زایینی ئەسرین | گریان و بەسۆز بوون |
| ٤٨ | دوو دڵۆپی لێڵ لە ئەسرین<br>لەسەر گۆنای سوور ئەلەرزین | دڵۆپی لێڵی ئەسرین | گریان وجوانی |
| ٤٩ | سنگ قژی ئەگرتە باوەش<br>وەک بگری بۆ دڵی بێ بەش | گریان بۆ دڵی بێ بەش | گریان وەکو حەسرەت |
| ٥٠ | چاوت کە فرمێسکی تێزا<br>تیشکی ڕووتی تیا شکایەوە | تێزانی فرمێسک | گریان و جوانی |
| ٥١ | وەک دڵۆپی بارانی خەم<br>بۆ ناو دەریای چاوت تکام | دەریای چاو | گریان نزیک بوونەوە لە خۆشەویستی |
| ٥٢ | نزیک برژانگ ئەی چاوەکەم<br>لە ناو شەپۆلا ئەگریام | گریان لەناو شەپۆل | گریان و بەسۆز هاتن |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٥٣ | وتم من نەمدیوە هەرگیز<br>کارم واتێکا گریان | گریان | گریان و کارتێکردن |
| ٥٤ | ئەم جوانە هەر وەکو پەری<br>لەگەڵ دڵی منا ئەگری | ئەگری وەکو دڵ | هاو سۆزی بوون |
| ٥٥ | چونکە گەردەلوولی ژیان<br>ئەیبا بەرەو دەشتی گریان | دەشتی گریان | گریان و شوێن |
| ٥٦ | ئەگریا وەکو فریشتە<br>ئەیوت بۆچی ئەم بە هەشتە | گریان وەک فریشتە | گریان و بەرائەت |
| ٥٧ | باخی شیعرم شپرزەی خوێن و ئەشکە<br>کانیی بەهرەم وەکو گەرووی خۆم وشکە | شپرزەی خوێن و ئەشک | گریان وەکو باخی شیعر |
| ٥٨ | ئەو خۆشییەم وەک خەوێ بێ<br>لە ئەشکی چاوا توایەوە | خەو وەک ئەشک | توانەوەی خۆشی لە ئەشکا |
| ٥٩ | زەردەخەنە لە ئەسرینا<br>وەک گۆیەکی زێرتوایەوە | زەردەخەنە لە ئەسرینا | زەردەخەنەی نێو گریان |
| ٦٠ | خەندە لە قوڵپی گریانا<br>خنکاو یەکسەر بڕایەوە | خەندە لە گریان قوڵپی گریان | خەندە لە گریان بڕایەوە |
| ٦١ | تا نمی ئەشکی دڵت نەڕێژێ<br>تامی خونچەی دەم هەرگیز نا چێژێ | ڕژتنی ئەشکی دڵ | گریان بۆ گەیشتن بە چێژ |
| ٦٢ | هەوری غەمگین تا دانەڕێژێ<br>بارانێ هەمووی خوێن و ئەسرین | بارانی خوێن و ئەسرین | گریان هاودەلالەتی باران |
| ٦٣ | ڕەنگە دڵداری نرخی هەرزان بێ<br>بزەی گەرم و گوڕ نەختێ گریان بێ | نەختێ گریان | بزە. هاودەلالەتی گریان |
| ٦٤ | مۆم و پەروانەش من فێرم کردن<br>ئەسرین ڕشتن و گڕ لە خۆبەردان | ئەسرین ڕشتن | چێژ لە گریان |
| ٦٥ | ئەسرینی هەژار ناکەم بە یاقووت<br>یا سۆزی گریان مۆسیقام نابێ | سۆزی گریان | سۆزی گریان هاوبەهای مۆسیقا |
| ٦٦ | لوول ئەخوا لەناو دەمی برینا<br>گریەم دێتە گوێ لە نەغمەی بینا | گریە | گریان وێک چوێنراوی نەغمە |
| ٦٧ | نامەی زەردی کە پێم گەیشت<br>مشتێ ئەسرینی خەمی ڕشت | ئەسرینی خەم | گریان و سۆزداری |
| ٦٨ | نامە سەرچاووسەر ڕوومەت<br>پیامارشت ئەسرین و تاسەم | ئەسرین تاسە | گریان وێک چوێنراوی خۆشەویستی |
| ٦٩ | دەستی داوەتە سەر ئەژنۆ<br>ئەڵێ من هەر ئەگریم بۆ تۆ | هەر ئەگریم | گریان بۆ خۆشەویستی |
| ٧٠ | چاوی خۆزگەی نمی ئەسرین نەرشتوم<br>دڵی تاسەی تامی خەفەت نەچەشتوم | نمی ئەسرین | گریان وێک چوێنراوی خۆزگە |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٧١ | من کە بە فرمێسکی هۆنراوە ئەگریم<br>ڕۆژێ نەمدیوە بۆم میهرەبان بێ | گریان بە فرمێسکی هۆنراوە | هۆنراوە وێک چوێنراوی گریان |
| ٧٢ | گریا ئەو شۆخەی گریانێ<br>تەزووی ئەڕشتە ناخی گیان | گریا گریانێ | گریان و وروژێنەری سۆز |
| ٧٣ | ئەی دڵ هەتا ماوە بگری | بگری | سۆز بۆ گریان |

هەروەک دەبینین گریان لە نێو سۆز و هەست و دابڕان و خەندە و کامەرانی و چێژ و بیرکردنەوە هەست و هوشیاری و جوانی و هەموو ژیان و بوونی شاعیردا ئامادەیە، شاعیر هەموو ساتە جیاوازەکانی ژیانی هەموو وێستگە خۆشی و ناخۆشیەکانی هەموو پەیوەستی گریان کردووە، بە جۆرێک گریان بەشێکی شاراوەو زمانێکی شاراوەی شاعیرە لە ژیاندا گریان لای ئەو بەشێکی پێداویستی دەروونی و زەینییە لەم بەشەی گریاندا شاعیر بە تەواوەتی لەگەڵ گریاندا ڕۆ دەچێ بە تەواوەتی چێژو خۆشی لە گریان دەبینێ، چونکە گریان لێردا خولقێنەری شیعر و سۆز و خۆشەویستییە بەرهەمهێنی ساتە پڕ لە جۆشەکانە هەر بۆیە بە هەموو جەستەو بوونیەوە لەگەڵ گریاندا ڕۆ دەچێ لەگەڵ گریاندا خۆشەویستی دەکات لە نێو بزە و خەندە و جۆش سەندندا دەگرێی، ئاخۆ چی لە پشتەوەی ئەم جۆرە گریانەوەیەم. گریان هێزی وروژاندنی ناخە لەلای شاعیر ساتە کامەرانەکان ساتە خەمبارەکان بەبێ گریان و فرمێسک مانایان نییە لە لای شاعیر بۆیە گریان وێک چوێنراوی هەموو ژیانی شاعیرە.

شاعیر ڕەهەندێکی ڕەوشتی بە گریان دەبەخشێ ئەوانەی دەگرین ڕاستگۆن لە ژیانیان بە ڕاستەقینە سۆز دەیانگرێ لەڕوون و مرۆڤی سادە و دڵسۆزن.

گریانی خوازراو شوێن بە هەموو هەستەکانی دیکەی شاعیر چۆڵ دەکات بەڕادەیەک گریان دەکەوێتە سەرەوەی کەسایەتییەک کە سۆزدار و هەستیارە بەرامبەر بە هەموو بوونێک کە لە خۆشەویستی و هاوسۆزی بوون نزیک بێت.

شاعیر لە هەر پێنج دیوانیدا بەرجەستەترین کاردانەوەی بەرامبەر بە هەموو دیاردەو ڕووداوە خۆش و ناخۆشەکان دەربڕین لە خۆ کردن دەکاتە زمانی گریان گریمان لەلایەکەوە زمانی ناهوشیاریی شاعیرەو لەلایەکی دیکەشەوە خۆ والآ کردنی شاعیرە.

گریان لەلای شاعیر لەم بەشەدا گریانێکە تێکەڵ بە جوانییەکان دەبێ، دەرکەوتن و ئاوا بوونی جوانییەکان، نەمان و ژیانەوەی جوانییەکان.

### گریان و داهێنان زمانەوانی

بەرجەستەترین مۆرکی زمانەوانی لە بەکارهێنانی وشەی

گریان لەلای شاعیردا لە بینی ڕوودایە:

– گریان و وەسفەکەی، گریان ئاوەڵ واتا و گریان وپێشگرەکەی.

هاودەلالەت و هاوماناکانی گریان.

بەخشینی سیفەتی گریان بەشتە نائۆرگانییەکان

### گریان و وەسفەکانی گریان

ژمارەی ئەو وشانەی کە گریان وەکو تەنها وشەیەکی تەجریدکراو بەکار هاتووە زۆر کەم و دەگمەنن، شاعیر کۆمەڵێک وەسف و وشەی وێک چوێنراو و شێوازی زاراوەگەری لەگەڵ وشەی گریاندا بەکار دێنێ ئەمەش دەلالەتێکە بۆ گرنگی و بایەخی ئەو وشەیە لەلای شاعیر هەروەها ئاماژەیەکە بۆ قووڵبوونەوەی زمانەوانیانەی شاعیر لە وشەی گریان، ئەو سیفەتانەی کە بە گریانی دەبەخشێ

مۆرکێکی جوانکاریی زمانەوانی پێ دەبەخشن واتە بەرجەستەو بەیتەکان بەجۆرێک کە زۆر لە خەسڵەتی تێک شکاندنی مانا و لادانی زمانەوانی بە خۆوە دەگرن بۆ زیاتر ئاشنا بوون و ورد بوونەوە لەم شێوازەی نووسین شیعریدا ئەو نموونانە دێنینەوە کە شاعیر لەگەڵ وشەی گریان و هاو دەلالەتەکانیدا بەکاریانی هێناوە هەروەکو [شین و شەپۆڕ، گریە و لە خۆدان ئاخو گریان، زایەڵەو شین، هەنسک و تاسە، قوڵپی گریان هاوار و لاڵانەوە و گریان، کاسەی ئەسرین ، ئەشکی سوور، هەمیشە لە گریان، قەترەی فرمێسک، گریانی بە کوڵ، ئەسرین تکا ئەسرینی کڵپە، مەتارەی پڕ ئەسرین، چنگی ئەسرین ، سۆزی گریان چاو ئەشکی تێزا، ئەشکی خوێنین، باخی ئەشک، فرمێسکی لێڵ، فرمێسکی ئاڵی خوێنین، گریەو هاوار ئەسرین ئەتەقێ، پڕ لە گریان بگری بەزار، فرمێسکی قەتیس ماو، دڵۆپی ئەسرین، شەوێ مات و گریاناوی، گریانی زۆر، فرمێسک ئەڕژا، ئەگریا بەتاو، قەترەی ئاڵتوون، خورپەو گریان هەنسک و جەخار، هەنسکی بەگوڕ، گریانی بەخوڕ، شین گێڕان تێر گریا، قوتیلە و گریان دڵۆپی ئەسرین، گریانی خۆش زەردەخەنە لە ئەسرین، نمی ئەشک، ئەشکی گەرم خەندە و گریان نم نم فرمێسک، فرمێسکی زۆر، ئەسرین ڕشتن، زایینی ئەسرین خوڕەی گریان، ئەسرین هەزار، ئەسرینی لێڵ، شەپۆڵی گریان سۆزی گریان، فرمێسک تێزایین، ئەسرینی بەسۆز، مشتێ ئەسرین شەپۆڵی گریان، بگرین بەزار،

ئەسرین و تاسە، دەشتێ گریان، شیوەن تیژکەن ، خوێن و ئەشک گریە و هەست خەفەت و گریان، دێڕی شین، قریشکەو هاوار]

هەروەک دەبینین شاعیر پەنای بردۆتە بەر کۆمەکێکی زۆر لە وەسف و کردار و پێشگر و ئامرازی جیاواز

هەروەک بیەوێ گریان بە شێوەیەک نیشانمان دا کە ڕەهەندێکی زمانەوانین جوان و دەوڵەمەندی هەبێت لە ڕاستیدا دوور لە هەموو هەڵسەنگاندنێکی ناوەڕۆک، شاعیر لە بەخشینی ئەو وەسف و کردار و پێشگرانە بۆ وشەی گریان و هاودەلالەتەکانی زۆر لە زمان قووڵ بۆتەوەو زۆر بیری کردۆتەوەو هەروەک دەبینین لە کۆی هەموو بەیتەکانی گریاندا شاعیر نزیکەی نیوەی ئەو وشانە بە شێوە داماڵراوە زمانەوانیەکانی ڕوویەتی جوانکاری و مەجازی و فیکرییان پێ ببەخشێ کە ئەم بەکارهێنانانەشی بوارێکی فراوانن بۆ لێکۆڵینەوە لە چۆنێتی بەکارهێنانیان. گرنگ لێرەدا شاعیر توانیویەتی لەیەک وشەی گریاندا بەدەیان وێنەی شیعریی جوان و ڕستەی پڕ لە مانا بەکار بخات.

### هاو دەلالەت و هاو ماناکانی گریان

شاعیر لە پێناو دەرکردنی وشەی گریان لە وەسفە ڕووتەکەی خۆی جگە لەبەکار هێنانی شێوازی زاراوەگەری وەسفی جیاواز بە نێو زمانی کوردیدا گەڕاوە تاکو هەموو ئەو وشانە دیاری بکات، کە دەلالەت لە گریان دەکەن لە ڕاستیدا شاعیر وشە گەلێک زۆری لەم بوارەدا بەکارهێناوە کە ئاماژەیەکی بۆ دەوڵەمەندیی زمان و گەڕان بە دوای زمانی شیعری هەروەک وشەکانی [شین و شەپۆڕ، ناڵە، فرمێسک، شین، زایەڵە، هەنسک، قوڵپ، هاوار، لاڵانەوە ئەسرین، ئەشک، قەترە، دڵۆپی فرمێسک، بەکوڵ، ڕۆڕۆ، سنگ کوتان، گریەو شین، ناڵە، شیوەن، زریکە، قریشکە، زیرە، زریکان، زریک و هۆڕ، هەنسک و جەخار، شین گێڕان، شیوەن، ئەسرین]. هەروەک ئاشکرا شاعیر بە دووی هەموو هاو دەلالەتەکانی گریاندا گەڕایەوە، کە ئەم گەڕانە لەلای شاعیرانی سەردەمی خۆیدا دەگمەنە، ئەم قووڵ بوونەوەیە لە هاودەلالەتەکانی گریان پێشینەو بنەچەیان بۆ باری دەروونی و زەینی شاعیر دەگەڕێنەوە کە گرنگترین ئەو بارانەش ئازاری شاعیر لە ژیانی نەبوونی و هەژاری لە کارەساتی نەتەوەکەی لەو کارەساتی سروشتی لە زوڵم و زۆرداریی سیاسی لە جیاوازیی چینایەتی و ئاکامە خراپەکانی شاعیر داهێنانی لە هەڵبژاردن و گەڕان بە دوای هەموو هاو دەلالەتەکانی گریماندا کردووە، ئەوەش ئاماژەیەکە بۆ قووڵ بوونەوەی شاعیر لەو چەمک و وشانەی ڕەنگ و فرەمانای دەکەن.

هەواڵنامەی کتێب

## بەخشینی سیفەتی گریان بەشتە نائۆرگانییەکان

لە بناغەوە یەکێک لە ڕەگەزە بنیاتنەرە شیعرییەکانی ڕۆمانسیەت تێک شکاندنی ماناو وەسفە باوەکانە، شاعیر لە وەسفەکانی بۆ گریاندا ڕێژەیەکی زۆر لەو حاڵەتە دەروونیانە دەداتە پاڵ شتەکانی دەوروبەر ئەو شتانەی شایەتن بۆ تراژیدیاکان جوانییەکان کامەرانییەکان، ساتە پڕ لە جۆش و کەف و کوڵەکان، شاعیر بۆیە پەنا دەباتە بەر شتەکان، چونکە شتەکان پەیوەستن بە مرۆڤەوە، کار لە ژیان و یادەوەری و یادگاری و ژیانی ڕۆژانەی مرۆڤ دەکەن و دەبنە ئەو شوێنانەی کە هاوبەشیەک لەگەڵ باری دەروونیی شاعیردا دروست دەکەن هەروەک نموونەکانی:

[ئەسرین وەک کانی دەتەقێ، هەور ئەیزریکان، گوێژە گریا، دار و دیوار بەرد ئەگریا، دایک ئەیزیڕان، سوپای لافاو ئەیزریکان، ئەگریا هەژار پەنچەرە و پەردەو چاوی کاڵ ئەگریا، باخی کردن بەشین، دڵی پێخەف ئەگریا، زریک و هۆری چرای ڕەنگین گریانی مەلی جوان، نامەی تەڕوبڕ، فرمێسکی دڵی بێ هۆش گریانی خوای دڵداری، ئەگرین گوڵاڵەش و پایز، گریانی دڵ هەنسکی شمشاڵ گریانی سنگ دەشتی گریان ئەگریا وەکو فریشتە بارانی خوێن و ئەسرین مۆم و پەروانە ئەسرین ئەڕێژن فرمێسکی هۆنراوە گریانی لێقەوماو. گریانی گوڵ سەنگەرو کەژ ئەگرین سەنگەرەکان ئەگرین گریانی پایز ئەشکی تاڤگە گریانی چاوی یارا، فرمێسکی ئاسمان گریانی شاخ گریانی هەور، نوێن ئەگری ئەگری وەک ماڵ خونچە دەگریێ فرمێسکی دڵ دوژمن ئەگریان].

ئاشکرایە گریانی شتەکان هەمان گریانی خودی شاعیرن هەمان هەنسک و فرمێسکی ئەون بۆ ئەو مرۆڤانەی بەرز زوڵم کەوتن، بۆ ئەو خۆشەویستەی خیانەتی لە خۆشەویستەکەی کرد، بۆ ساتەکانی تەنیایی بۆ کۆست کەوتن و خواحافیزی بۆ تەنیایی و ژیانی ناکای بۆ کەوتنەکان و نسکۆکان بۆ زوڵم لێکراوان و لێقەوماوان ئەوە شتەکان نین کە دەگرییێن ئەوە شاعیرە شتەکان دەخاتە حاڵەتی گریانەوە، چونکە شتەکانی بەشێکنلە بوونی ئەو لە شوێنی ئەو، پارچەیەکن لە یادگاری و شایەتەکانی ڕووداو و کارەساتەکان. بەم جۆرە لە هەموو حاڵەتەکاندا ئەوە هەمیشە شاعیرە دەگریێ شاعیر دڵێکی پڕ لە گریان و کەف و کوڵ و تاسەی هەیە شاعیر هەستێکی گریاناویی زۆر ناسکی هەیە کە ناتوانێ فرمێسکی سەر چاوانی ڕاگرێ ناتوانێ داوەتی هەموو مرۆڤەکان و هەموو شتەکان نەکات بۆ گریان ئەو لە نێو زەردەخەنەدا دەگریێ لەنێو گریاندا جۆش دەسەنێ، ئەو شاعیرێکی ڕەشتاڵەیەوە وەکو گریان.

## دەرەنجامەکانی ئەم لێکۆڵینەوەیە

لەم لێکۆڵینەوەیەدا دەگەینە چەند دەرەنجامێکی بەرایی هەرچەندە لەو باوەڕدام ئەم بابەتە لێکۆلینەوەی زۆرترو زیاتر هەڵدەگرێ ئەویش لەبەر فرەیی بەکارهێنانەکانی وشەی گریان و هاودەلالەتەکانی لە لای شاعیر ئەوەی زۆر ڕوون و ئاشکرایە کە لەم نووسینەدا دەکەوێتە ڕوو ئەو ڕاستییەیە کە شاعیر. هەوڵی داوە لە ناهوشیارییەکی شیعریدا تاک بەهایی زەمین و دەروونی بە وشەی گریان نەبەخشێ ئەمەش لەو ئاماژە جیاوازانەوەیە کە لە وشەی گریان و بەکارهێنانەوەکانیەوە دەکەونە بەرچاومان، لەلایەکەوە گریان ئاماژەیەکی دیکەیە گریان ئاماژەیەکە بۆ خۆشەویستی و هاو سۆزی و دڵسۆزی لەلایەکی دیکەشەوە گریان ئاماژەیەکە بۆ چێژ و جوانی و هاوبەشیبوونی حاڵەتی دەروونی ئەم دژبەیەکانە لە وڕووکەشدا لە بەهای تواناکانی شاعیر کەم ناکەنەوە هەرچەندە گریان لە مانا هەرە بەکارهاتووەکەیدا ئاماژەیەکی زیاتر تراژیدییە وا لە شاعیر دەکەن کە نەتوانێ بەبێ هاتنە گریان شیعر بنووسێ، ئەوەش حاڵەتێکی مرۆڤایەتی و سۆزداریی ئەو دەنوێنێ بە هەموو دژ بەیەکیەکانیەوە لەو باوەڕەی شاعیر خاوەنی ناخێکی بریندار و پڕ لە ئازار بووە، تەنانەت لە هەموو وێستگەکانی ژیانیدا لە کامەرانی و خۆشیەکانیشی گریان لە هەستی شاراوەو ناهۆشیارییدا ئامادەیە (کامەران موکری) بە هەموو ساتە خۆش و ناخۆشەکانی لە هەموو قۆناغەکانی ژیانی مرۆڤێکی پڕ لە گریانە، مرۆڤێکی چاو بە فرمێسکە، چونکە لە هەموو ژیانیدا هیواکانی کورتیان هێناوە ئۆمێد و کامەرانیەکانی کورت خایەن بوونە خۆشەویستییەکانی پڕ لە دابڕان بوونە شاعێرێکی ڕەشتاڵە وەکو گریان.


کامەران موکری

لێکۆڵینەوە

# چاوگێڕانێک بە بەرهەمە ئەدەبییەکانی

## غادە ئەلسەمان و سیمۆن دوبوڤوار

**وەرگێڕانی: چنوور نامیق**

هەواڵنامەی کتێب

بەپێی بۆچوونی غادە ئەلسەمان و سیمون دوبوڤوار لەم جیهانەدا دوو ڕاستی پێچەوانە هەیە، یەکەمیان ڕاستی واقیع یاخود جیهان وەکو ئەوەی کە هەیە، لەگەڵ ئەو هەموو ئازار و کارەسات و ڕق و شۆڕش و مەرگ و برسێتی و جەنگانەی کە تێیدایە، ئەوی تریشیان لە پێشکەشکردنی ئەم جیهانە لە ڕێگەی تێڕوانینێکی نموونەیی بەپێچەوانەی واقیعەوە خۆی دەبینێتەوە.

ئەم دوو ناکۆکییە هەردوو نووسەری وا لێ کرد ناڕەزایی خۆیان دەربڕن، سیمون دوبوڤوار لە کتێبی (یومیات امریکیە)دا، کە وەسفی شاری نیویۆرک دەکات دەڵێ:

«ئەم شارە چاودێر و درەوشاوەیە، ئەو شارەی کە سەلمێنەری ئەوەیە دەسەڵاتی مرۆڤ بەخۆی



غادە ئەلسەمان



سیمۆن دوبوڤوار

ڕاستیی ئەم جیهانەیە، بەڵام لە پشتی ڕوناکیەکانیەوە ڕاستییەکی دیکە دەشارێتەوە، کە ڕاستی شەڕە، کە بەرپرسە لە زۆربەی دەردەسەریی ئەم جیهانە، کاتێ ٣/٢ مرۆڤایەتی بەدەستی برسێتییەوە دەناڵێنن.

غادە ئەلسەمان لە چاوپێکەوتنێکیدا کە بۆ محێدین سوبحی دەئاخڤێ، دەڵێت: «کارەکتەرەکانی ناو چیرۆکەکانم زۆربەیان درک بەوە دەکەن کە ٣/٢ دانیشتووانی جیهان لە ئێستادا هێشتا لە پێناوی بوونی بایۆلۆژی خەبات دەکەن، یاخود لە پێناوی دابین کردنی خۆراک و پۆشاکدا لە ململانێدان لە دژی هێزی شەڕانگێزی بەشەرییەت. ئەوەی کە لە بڵاوکراوە فەرمییەکاندا بە ئیستیعمار و ئیمپرالست ناو دەبرێ، ئەم ململانێیەش لە پێناوی بەرقەراربوونی دادوەری، توانایان بەفیڕۆ دەدات، تا وای لێ دێ لە ململانێیان لەگەڵ نامۆیی مرۆیی گەورە لە بەردەم مردندا سەرقاڵیان دەکات.

ئەگەر هیچ چارەسەرێک نەبێ لە بارەی ئەوەی کە ڕۆژێک لە ڕۆژان هەر دەمرین، ئەوە هانمان دەدات کە دوو جار نەمرین، جارێکیان بەڕێگەی خاکەساریی مرۆیی، کە دەکرێ ڕووبەڕووی ببیتەوە و نەیهێڵی، دووەم جاریش بەو مەرگەی کە لە ئەزەلەوە بۆمان دانراوە هیچ چارەیەک و دەربازبوونێکمان نییە لێی.[1] ئەم نائومێدییە کە جیهانی پڕ کردووە وای لە سیمون دوبوڤوار کردووە، هەر لە منداڵییەوە ئەوی بەرامبەر بدوێنێ بەهەموو ئەو ڕێگایانەی کە بوونیان هەیە، بۆیە هەر لە پانزە ساڵییەوە لە بەردەم کارەساتی مەرگ بڕیاری دا ببێت بەنووسەر و دەربارەی هەموو شتێک ڕاستی بڵێت: «ڕاستی هەر ڕاستییەک کە سەرنج ڕاکێش بێت و بتوانێ خزمەتی مرۆڤ بکات»[2].

هەروەکو چۆن غادە لە چاوپێکەوتنێکیدا لەگەڵ جلیلە حفصیە وا دەڵێت:

«من دەنووسم کەواتە بوونم هەیە» چرکەسات هەیە هەست دەکەم پیشەیەکی کلۆڵم کردووە بەحیرفە، تەنیام وەکو زەنگە ژەنگگرتووەکەی کڵێسەیەک کە هیچ کەسێک ئامادە نییە تەلەفزیۆنەکەی بەجێ بهێڵێ تا سەردانی بکات»[3]

هەردوو نووسەر بیرێکی تیژ و توانایەکی باشی تێبینیکردنیان هەیە، گەشتەکانیان زەمینە خۆشکەر بوو بۆ نەشونماکردنی تواناکانیان، وەسفکردنیان بۆ شوێنەکان ئەوەندە وردە تا ئەو ڕادەیەی کە بە«ڕێبەری گەشتوگوزار» دادەنرێ، هەروەها شارەزاییەکی باشیان لە بارەی ئەدەبی جیهانییەوە هەیە، ئەو کتێبانەشی کە لە نووسینەکانیاندا ناویان دەبرێت بەسەرچاوەیەکی ئەدەبیی گرنگ دادەنرێ، بەڵام جیهان بەفراوانی و گەورەیی مرۆڤ تیادا

نیشتەجێیە، هەر مرۆڤیشە توانای گۆڕینی جیهانی هەیە، مەبەستی پەیوەندیکردن بەشێوەیەکی فراوان لەگەڵ ئەو مرۆڤەدا، هەردوو خانمە نووسەر ژانرە ئەدەبییە جۆراوجۆرەکانیان بەکارهێناوە.

ڕۆمان، یاداشت، چیرۆک، هەوڵە ئەدەبی و فەلسەفییەکان و سینەما و شانۆ و شیعر.

*** چیرۆک و ڕۆمانەکان**

خۆ نووسینەوە زۆربەی بەرهەمە ئەدەبییەکانی سیمون دوبوڤوار پێکدێنێ، لەسەر ڕووپەڕی کتێبەکانیدا باسی ژیانی خۆی دەکات، تاکو خوێنەر سوود لەو ئەزموونانە وەربگرێت کە نووسەر پیایدا تێپەڕیوە، خوێنەر دەچێتە ناو جیهانێکی دیکەوە و لەناو جیهانێکی تردا نوقم دەبێ، کە پەیوەندیی پێوە نییە، هەروەها پەیوەندیی بەکەسایەتیشییەوە نییە، ئەمەش وا دەخوازێ کە بەرپەرچی واقیع بداتەوە و بچێتە ناو کۆشی خەیاڵەوە، بەڵام ئەمە بەو مانایە نییە کە سیمون لە خەیاڵ بێ بەش بێت یان جگە لە نووسینەوەی ژیانی خۆی توانای نووسینی تری نییە.

خانمە کارەکتەرەکانی «الصور الجمیلة» و «المرأة المحطمة» لە سیمون دوبوڤوار ناچن لەگەڵ ئەوەشدا توانیویەتی ڕۆڵی کەسایەتیی زۆر نێگەتیڤی وەکو کەسیایەتیی مۆرییل ببینێ، بۆ نموونە لە «مۆنۆلۆج»

ئەگەر ئاوڕێک لە سەرەتا ئەدەبییەکانی سیمۆن دوبوڤوار بدەینەوە، دەبینین بەڕۆمانی «المدعوە» دەست پێ دەکا، بەڕای ئەو ڕۆمان باشترین ژانرە بۆ ئەو کە دەتوانێ لە ڕێگەیەوە ئەزموونی مرۆڤ دابماڵێ لەم جیهانەدا.

«ئەم ڕۆمانە توانای دەیوەدەرکردنی دونیای بەرجەستە و مێژوویی هەیە، لە هەمان کاتدا ئەزموونێکی کامڵ لە ڕێگەی پەی بردن بەخەیاڵ، دەخاتە بەردەستی خوێنەر، ئەمەش لە کتێبە فەلسەفییەکانی جیای دەکاتەو»ە، لێ غادە وەکو چیرۆکنووس و ڕۆژنامەوان چووە ناو دنیای ئەدەبەوە.

سەرەتا بەچیرۆک دەستی پێ کرد. یەکەمین هەوڵە ئەدەبییەکانی «عيناك قدري» بوو کە لە ساڵی ١٩٦٢، لە ڕۆژنامەکاندا بڵاوی کردەوە. پاشان لە کتێبێکدا کۆی کردەوە، بەو حوکمەی کە ڕۆژنامەوان بوو، هونەری کورتە چیرۆکی بەلاوە ئاسانتر بوو، یەکەمین ڕۆمانی کە (بەیروت ٧٥)ە پاش ١٣ ساڵ لە نووسینی بڵاوکرایەوە و جیهانی عەرەبی هەژاند.

هەندێ لە ڕۆمانەکانی سیمۆن دوبوڤوار ئەمانەن:

(المدعوة، دم الاخرين، كل الرجل مائتون، المثقفون، عندما يتفوق الروحي، الصور الجميلة و کۆمەڵە چیرۆکی امرأة محطمة).

هەندێک لەو ڕۆمانانەی کە غادە نووسیونی:

(بيروت ٧٥، كوابيس بيروت، ليلة المليار و هەروەها کۆمەڵە چیرۆکی: عيناك قدري، ليل الغرباء، رحيل المرافئ القديمة، زمن الحب الاخر) کە بەشێکە لە کۆمەڵەی بەرهەمە نیوەچڵەکان.

کتێبەکانی سیمۆن دوبوڤوار تەژییە لە درێژەدان و ئاماژە پێکردن و ڕووداوی جۆراوجۆر کە بەرای خۆی مۆرکی ڕاستیی دەدا بەڕۆمانەکەی، ئەوەی جێی باسە ژمارەی کارەکتەرەکانی ناو ڕۆمانەکانی زۆرن، ئەمەش ڕێخۆشکەرە بۆ نووسەر کە چەندین ڕاو بۆچوون و هەڵوێستی جۆراوجۆر پێشکەش بکات و هەمیشە هەوڵی خۆشاردنەوە دەدات لە پشتی کاراکتەرەکانی (هەمان حاڵەت لە ڕۆمانەکانی غادە ئەلسەمان دەبینرێت) لەوە زیاترمان پێ ناڵێت کە ئەوان دەیزانن. بەڵام لەبارەی دنیای ڕۆمانەکانییەوە ئەوە تێکەڵەیەکە لە ئاگایی و گێڕانەوەی ئەم کەسەیەتییانەی کە ناسنامەی خۆیان لە ڕێگەی قسەکردن یاخود هەتا لە ڕێگەی بێدەنگیشەوە بەدەردەخەن... تا ئەم سنوورە، سیمۆن دوبوڤوار هیچ لەسەری ناڕوا، یاخود هیچ بڕیارێک نادات.

بۆ نموونە لە چیرۆکی مۆنۆلۆجدا خوێنەر لە خۆدواندنەوە دەزانێ مۆرییل چییە و هەڵوێستی چۆنە و ئەو ڕووداوانە چین کە بەژیانیدا تێدەپەڕن. کاراکتەری ناو ڕۆمانەکانی یەکەمی هەوڵی دۆزینەوەی مەغزای ڕاستەقینەیان بۆ ئەم جیهانە تەمومژاوییە دەدەن، لە سەرەتادا نووسینەکانی درێژ بوون و گفتوگۆ و مۆنۆلۆجی زۆری تێدا بوو، بەڕادەی نزیکبوونەوەی ڕۆمان لە قسەی ئاسایی، ئەوەش ڕاستێتی و واقیعییەت دەبەخشێ بەڕووداوی ناو ڕۆمانەکە، بەرامبەر بەوەش لە ڕۆمانەکانی دواییدا شێوازێکی دیکەی پەیڕەو کرد لە پێشکەوتنیدا، گفتوگۆکانی کورت کردەوە و مۆنۆلۆجەکانیش چڕتر بوون.

هەروەها هەندێ ڕستەی بەکراوەیی و هەڵواسراوی بەجێ هێشتووە. دەربارەی کاتی ڕۆمانیش، لە ڕۆمانەکانی دواییدا کورت کراوەتەوە، بەوەی زەمەنی ڕۆمان درێژایی چەند ساڵێک ناخایەنێ، بۆ نموونە لە وێنە جوانەکاندا زەمەن تەنها ئەو کاتەیە کە لۆرانس پێویستی پێی بوو بۆ وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارەی کە مێشکی کچەکەی داگیرکردبوو،

بۆچی خەڵکانێکی بەدبەخت هەن»؟

دەربارەی ڕۆمـانەکـانی غـادە ئەلسـەمـان ئەوەی سـەرنج ڕاکێشـە تەنیـا ئەو خـێـراییـە زەمـەنیـیـە نیـیـە کـە ڕووداوەکـان تیـایدا تەواو دەبن، بەڵکو خـێـرایی نووسـەریشـە لە بەرهەمهێنانی ڕۆمان.

هەروەها ڕۆمانەکانی بەوردەکاریی زانیارییەکانی بەدەردەکەوێ، تەمەنی کەسایەتیەکان، گۆڕانی وەرزەکان، مێژووی ڕووداوەکان... هتد.

لە ڕۆمـانی (بەیروت ٧٥)دا دەسـتـپێکی ڕۆمـانەکە بەم شـێـوەیەیە (خـۆر گرگرتوو و تیژە) بەم دێرەش کۆتایی دێ «سـەرمـایەک تا سـەر ئێسک دەمـبڕێ» ئەمـەش زەمەنی دەسـتـپێکی ڕۆمـانـەکـە دیاری دەکـات کـە لە هاویندایە و لـە زسـتـانـدا کـۆتایی دێت، هەرەوەهـا غـادە پاژەکانی ڕۆمـانەکەی بەڕووپەڕی سـپی لە ناوەوە جیـا دەکاتەوە لە ڕۆمـانی (ليلە المليـار)دا بەندەکانی ڕۆمانەکەی بەسێ ئەستێرە لە یەکتر جیادەکاتە، بەڵام لە (کوابيس بيروت)دا بۆ هەمان مەبەست سێ خاڵی یەک لە دوای یەکی بەکارهێناوە.

هەروەها لە کۆتایی هەر ڕۆمانێکدا زەمەنی دەسپێکردنی نووسینەکەی و زەمەنی کۆتایی پێهێنانی دیاری دەکات.

بەڵام ئەگەر بپرسـین، بۆچی غادە بەئەنقەست لە تەکنیکی گرێچنی ڕۆمان کشـایەوە وەکو ئەوەی لـە ڕۆمـانـی (الوضـع البـشـری)ی ئەندریە مـالرۆ دەیبـینین، هۆیەکـەی ئەوەیە کـە دەیویست تەکنیکی ڕیپۆرتاژ لە ڕۆماندا بەکار بێنێ کە ڕووداوەکانی ماوەی ئەو قـەیرانەی پێـدەچـێ کـە چارەسـەری دەکـات، هەروەها غـادە پەیڕەوی شـێـوازی ئەو دەسـتـەواژە ناجێگیرانەی کرد کە پڕن لە ئامرازەکانی (الأنا) و شێوازی مۆنۆلۆجی ناوەکی دەنووسێت، کە بە باشترین شـێوازە ئەدەبییەکانی دادەنێ بۆ دەربڕینی هەسـتەکانی ڕاڕایی و هەڵچوون و ترس و چاوەڕوانی: کاتێ دێ لێی ناپرسم لە کوێ بوو و گـازەندە ناکـەم و هیچ شـتـێک ناڵێم، لە چاوەڕوانی و بێ دەنگیدا دەمێنمەوە، چاوەڕوانم لە سێدارە بدرێم، بەڵام ناتوانم گفـتـوگۆی ئەوەی لـەگـەڵ بکەم، لە کـاتێکدا ئەو بەردەوام نکۆڵی دەکات، تەنهـا ئەوەندەم لە توانادایە چاوەڕوانی لە سێدارەدانم بکەم تاکو دوای ئەوە لێی بپرسم بۆچی؟(٤)

هەمـوو کـارەکـتـەرەکـانی غادە لە خـولگەی چارەنووسی هـاوبەش دەخـولێنەوە ئـیدی چی شەڕ، مردن یان خۆشەویستی بێت.

سـەرەڕای زۆریـی ژمارەی کـارەکـتـەرەکـانی غـادە، لـە سـاتگـەلێکی دیاریکراو لە ژیانـیان

دەریان دەخات، زۆر جار ساتی کەوتنیانە کە بەخوێنەری ڕادەگەیێنێ، بەمەبەستی ئاگادارکردنەوەی خوێنەر نەبا بکەوێتە هەمان داوەوە.

ئەم شێوازەش وای لە هەندێ ڕەخنەگر کرد، غادە بەوە تاوانبار بکەن کە چیرۆک بەنرخی ڕۆمان دەنووسێ، ئەویش بەم جۆرە وەڵامیان دەداتەوە:

«پەنجەرەکان بۆ شنەبایەکی تازەتر بکەنەوە، بۆ شێوازێکی نوێ، لێم گەڕێن با سوود لەو دەرفەتە سەرسوڕهێنەرکانی جیهانی عەرەبیمان وەربگرم کە بەدەستی کلتووری کەڵکەبووەوە دەناڵێنێ: نەبوونی کلتورێک بۆ ڕۆمان.[٥]

لێرەدا ئەبێ ئەوە بووترێ کە ڕۆمانی عەرەبی لە دایکبووی کاریگەریی ڕۆژئاوایییە و گرنگترینیان ڕۆشنبیری فەرەنسییە و پاشان ڕۆشنبیری رووسی و لە کۆتاییشدا ڕۆشنبیری أنکلو ئەمریکییە کە لە بایەخی ئەدەبی فەرەنسی و رووسی کەم ناکاتەوە کە لە هزری نووسەرانی عەرەبدا چەسپیوە. بەردەوام وجوودییەت ئەو گەنجانەی بەلای خۆیدا ڕادەکێشا کە نووسینەکانی سارتەر و کامۆ و سیمۆن دوبوڤواریان دەخوێندەوە.[٦]

*** یاداشتەکان:**

سیمۆن دوبوڤوار گێڕانەوەی بەشێوازی (الأنا) گرتەبەر هەروەکو لە (مذكرات فتاة رصينة، يوميات أمريكية، قوة العمرة)دا ئاشکرایە.

لەگەڵ بەدیکردنی جیاوازی لە شێوازی گێڕانەوەدا لە ڕۆمانێکەوە بۆ ڕۆمانێکی تر، ئەمەش ئاماژەیە بۆ ئاڵوگۆڕکردنی هزری نووسەر لە نووسیندا کە هاوتەریبە بەپێشکەوتنەکانی ژیانی.

لە (مذكرات فتاة رصينة)دا سیمۆن چیرۆکی ژیانی خۆی هەر لە دایکبوونیەوە بەشێوەیەکی ڕوون دەگێڕێتەوە. بەشێوەیەک کە پەیڕەوی ڕێکخستنی زەمەنی دەکات کە بەم شێوەیە:

کاتژمێر چواری سەر لە بەیانی، ڕێکەوتی ٩ی کانونی یەکەمی ١٩٠٨ز لە ژوورێک کە کەلوپەلەکانی سپییە، دەکەوێتە سەر شەقامی ڕاسپای لە دایک دەبێ، پاشان بەردەوام دەبێت و چیرۆکی منداڵی و هەرزەکاری و خوێندنی لە زانکۆ و هاوڕێتییە پتەوەکانی دەگێڕێتەوە و چەند پەڕەیەکی تەواو لە بارەی هاوڕێیەتی لەگەڵ ئەلیزابێث پڕ دەکاتەوە کە لە کۆتایی ڕۆمانەکەدا دەبێتە قوربانی توندوتیژی خێزانەکەی، بەڵام سیمۆن وای لێهات لە

ڕوانگەی ئێستاوە ڕابردوو دەگێڕایەوە، هەموو بەیانییەک پێش ئەوەی چاوم هەڵبێنم سەرەتا سەرێک بەجیهانەکەمدا دەکەم، نوێنەکەم و ژوورەکەم دەناسمەوە ئەگەریش پاش نیوەڕۆیان لەماڵەوە خەو دەمباتەوە ئەوە شتێکی ئاساییە گەر ڕاپەڕم و بپرسم، بۆچی من منم؟

ئەوەی زیاتر توشی سەرسوڕمانم دەکات –وەکو منداڵێک کە تازە ناسنامەی خۆی بناسێتەوە– ئەوەیە لێرەدا ببینمەوە. ئێستا و بەتایبەتی لە ناو ئەم ژیانەدا، نا لەناو ژیانێکی تردا، چی ڕێکەوتێک هێشتی ئەمە وابێت کاتێک لە دەرەوە سەیری ژیانم دەکەم، وا دەبینم، سەیر لەوەدایە کە لە بنەڕەتدا لە دایک بووم.(٧)

کەواتە لێرەدا ئێستا بۆ ڕابردوو دەڕوات و ڕابردووش بۆ ئێستا دەگەڕێتەوە، بەڵام بیرۆکەی ئەوەی کە لە پاش خۆم جەستەیەک دەمێنێتەوە، جۆرێک پەیوەندیی سەیر لە نێوان خۆم و جەستەمدا دروست دەبێ»(٨).

کەواتە دەرچوون بەرەو داهاتووە، بەڵام غادە ئەوەی ڕاگەیاند کە ڕۆژێک یاداشتەکانی دەنووسێتەوە و دەستی کرد بەنووسینی زنجیرەیەک ڕۆمان لە ژێر ناونیشانی «الاعمال الروائیە غیر الکاملە» ژیاننامەی خۆی و هەروەها چەند کۆپلەیەک لە بیرەوەرییەکانی و بەڵگەنامە و ئەزموونەکانی لە هەردوو کتێبی (الجسد حقیبە سفر) و (غربە تحت الصفر) تۆمار کراوە کە چەندین لایەن لە ژیانی نووسەر بەدەردەخەن.

لە سەرەتای جەنگی (لوبنان)دا موشەکێک بەر ماڵی غادە کەوت لە بەیروت ژمارەیەک لە دەسنووس و بڵاوکراوەکانی سووتان، پاش ئەوەی بڕیاری دا بەرهەمەکانی لە زنجیرەیەک بڵاوبکاتەوە لە ژێر ناونیشانی (الاعمال الغیر کاملة) کەواتە «کارە نیوە چڵەکان» چونکە ئەوی هیوای نووسینی باشتری دەخوازی.

لە (في الجسد حقیبة سفر)دا غادە باس لەو ساڵانە دەکات کە لە لەندەن بۆ خوێندن بەسەری برد، هەروەها لە بارەی گەشتەکانییەوە، لە ئەوروپا و جیهاندا بەڕاستگۆیی بۆ خوێنەری دەردەخات هەروەها ڕاستی هەست و باری روحی خۆی ئاشکرا دەکات.

کتێبەکە بەیەکەمین گەشتی غادە دەست پێ دەکات کە لە ٦ی تەمموزی ١٩٦٤، لە شاری لەندەنە... و بەدوایین یادگاری کە لە ٢٥ی ئایاری ١٩٧٦ لە جنێفدا کۆتایی دێ.

لە (غربة تحت الصفر)دا ئەو حاڵەتی نامۆیی و کۆچکردنە وەسف دەکات کە لە ئەنجامی شەڕی لوبنان ڕوودەدات.

باس لە ڕووداوگەلێک دەکات کە لە تاراوگە پێیدا تێپەڕی یاخود شایەدحاڵە لێی «ئەگەر مـــرۆڤ لە تاراوگـــە جـۆرێک ئاســـایش بەدەست بێنێ، ئەوە نـاگـەیێنێ ئارامی ناخی بۆ دەگەڕێتەوە»

*** شانۆ:**

لەم بوارەدا سیمۆن دوبوڤوار ستایلی گفتوگۆی شانۆیی ڕاستەوخۆی پەیڕەو کرد لە کاتێکدا کە دەیویست سەرنجی خەڵکی بەلای کێشەیەکی دیاریکراودا ڕابکێشێ کە بایەخی شیاوی پێ نادەن.

هۆی ئەو ناونیشانەی کە سیمۆن بۆ تاقە شانۆگەرییەکەی هەڵبژاردبوو کە «الافواه اللامجدیە»یە، ئەوەیە کە (٣/٢)ی جیهان بەدەستی برسێتییەوە دەناڵێنێ، هەروەها غادە ئەلسەمانیش تاقە شانۆگەرییەکی نووسیوە بەناونیشانی (الطوفان) لە کۆمەڵەی «زەمەن الحب الأخر» کە لە یەک بەش پێکهاتووە، کە ناتوانرێ شیکردنەوەیەکی لۆژیکیانە و باوەڕهێنەری بۆ بکرێت، دەتوانرێ بەئەدەبی فانتازیا و ناماقوڵ بژمێردرێت، تیایدا غادە ڕوودەکاتە ڕۆشنبیرە عەرەبەکان لە هەوڵێکدا بۆ باوەڕهێنان بەباری گومان و تەمومژ و ئەو ناواقیعییەتەی کە ئاگایی و بوون و ناسنامەی کۆمەڵایەتی لە مرۆڤ دادەماڵێ.

*** سینەما:**

هەروەها سینەماش کاریگەریی هەبوو بەسەر سیمۆن دوبوڤوار و غادە ئەلسەمانەوە بۆ نموونە لە نووسینەکانی غادە دەبینین چۆن تەکنیکی سینەمایی پێوەی دیارە، لە جیاتی بەشەکان دیمەنەکانی بەکاردەهێنا، لاپەڕە سپێکانی ناو کتێبەکانی بەرامبەر بەو ماوە تاریکانە دەکەوێت کە لە نێوان دیمەنەکانی هەندێ فلیم دەیبینین.

هاتوچۆ لە نێوان ڕابردوو و ئێستادا لەلای غادە بەڕێگەی فلاش باک، باس دەکرێت.

لە فلیمی سیمۆن دوبوڤوار کە لە دەرهێنانی دایان و مالکا ریبۆنسکا بوو، سیمۆن دەیویست کار بکاتە سەر بینەران ئەویش لە ڕێگەی وێناکردنی ئەو بەدبەختیانەی کە تیایدا ژیا بوو، وەکو ڕووداوەکانی هنگاریا، ساڵی ١٩٥٦، یاخود بەهاری براغ لە ساتی ١٩٨٦، هەروەها (المرأة المحطمة) لەسەر شاشە نمایش کرا.

ئامانجی سیمۆن لە نمایشکردنی هاندانی بینەر بوو بۆ دۆزینەوەی هەندێ ڕووداوی ژیانی ڕۆژنەمان.

*** شیعر:**

سیمۆن لە بواری ئەو ژانرەدا نەینووسی، بەڵام غادە بەچەندین کۆمەڵە شیعری خۆی خوێنەری سەرسام کرد لەوانەش (حب، اعلنت علیك الحب، اعتقال لحظة هاربة، اشهد عكس الريح)... هتد

لە ڕێگەی هۆنراوەی ئازادەوە لە دێڕەکانی غادەوە هەستیاری وشە سەردەردێنێ و لە هەمان کاتدا گۆرانی بۆ خۆشەویستی و مەرگ و ئازار دەچڕێ...

هەروەها شیعری غادە لەگەڵ شیعرەکانی (نازك الملائكة و فدوى طوقان) وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی ئینگلیزی ئەویش لە ئەنتۆلۆژیای پرۆفیسۆر جۆن عسفور.

*** ناوەندەکانی ڕاگەیاندن:**

غادە ئەلسەمان و سیمۆن دوبوڤوار گرنگی ڕۆڵی ڕاگەیاندنیان لە بیر نەکرد، لە گواستنەوەی بیرو بۆچوونەکانیان...

ڕۆژنامەگەری ڕۆڵێکی گرنگی هەبوو لە ژیانی غادە ئەلسەمان بەوەی کە هەمیشە پیشەی سەرەکی بوو و باشترین پرد بوو لە نێوان ئە و خوێنەرەکانی.

ئەو نووسەر و ڕۆژنامەوان بوو، ئامارەکانی ئەوە بەدەردەخەن کە لە نێوان ساڵانی (٦٩ – ٨٤) نزیکەی چوارسەد چاوپێکەوتنی لەگەڵ ئەنجام دراوە، ئەمە جگە لە ژمارەیەک کە ناکرێ باس نەکرێت لەوتار، کە لە ڕۆژنامە عەرەبییە جیاوازەکاندا بڵاوی کردبووەوە لەوانەش (الاسبوع العربي) و (الحوادث).

لە لایەکی ترەوە پاش جەنگی لوبنان لەبەر ئەو هۆیانەی کە باسمان کرد، بڕیاری دا، چاوپێکەوتن و وتارەکانی لە کۆمەڵێک کتێب کۆ بکاتەوە لە ژێر ناوی (الاعمال غير كاملة) کەواتە (کار نیوە چڵەکان) بەپێی بڵاوبوونەوی ناویان بەم شێوەیە (زمن الحب الأخر، الجسد حقيبة سفر، السباحة في بحيرة شيطان، ختم الذاكرة بالشمع الاحمر، اعتقال لحظة هاربة، مواطنة متلبسة بالقراءة، الرغيف ينبض كالقلب، ع غ تتفرس).

لە (ع غ تتفرس)دا، غادە ئەو کۆمەڵە بەدواداچوون و ڕاپۆرت و چاوپێکەوتنە ڕۆژنامەوانیانەی کە هونەری ڕۆژنامەوانی تێکەڵ بەهونەری ئەدەبی دەبێت، کە تێیدا زۆرپرسی مرۆیی تیشک دەخاتە سەر هەموو بینراوەکان، ئەویش لە نامەیەکی دانپێنانەوە

دەستی پێکرد کە لە پیاوی کارێکەوە بۆیی هاتبوو، کە دوای ململانێیەکی ئابووری خۆی کوشت ئەمیش بەدوای داوەکانی تۆڕەکە کەوت لە گەڕانی بەدوای ڕاستیی نێوان هاوسەری ئەڵمانیی پێشووی و شەریکەکەی دیکەی و کەسانی تر کە ناویان لەو نامەیەدا هاتبوو.

«القیبلة تستجوب القتیلة، البحر یحاکم سمکة، تسکح داخل جرح» چەند کتێبێکن لە کۆمەڵێک چاوپێکەوتن پێک دێ کە ژمارەیەک لە نووسەر و ڕۆژنامەنووسان لەگەڵی سازیان کردووە، تیایدا تیشک دەخاتە سەر چەند وێستگەیەک لە ژیانی تایبەتی و ڕوانینی بۆ کۆمەڵگە و سیاسەت و ئەدەب و پرسی ئافرەت و ئازاد بوونی. لە (الاعماق المحتلة)، غادە گەواهی ئەوە دەدات کە چۆن مرۆڤ بەدوای جەنگ دەکەوێت، ئەو جەنگانەی کە تەنها جیهانی مادیی دەرەوە وێران ناکەن، بگرە ناخی هەموو مرۆڤێک وێران دەکات.

بەڵام لەبارەی سیمۆن دوبوڤوار، لەگەڵ جان بول سارتەردا گۆڤاری (الازمنة الحدیثة)ی دامەزراند کاتێک پێ داگری کرد لەسەر قەناعەتی سیاسی و ڕۆشنبیری خۆی ئیدارەی گۆڤاری (قضیة الشعب)ی وەرگرت.

هەواڵنامەی کتێب

پەراوێزەکان:

(١)- محي الدين صبحي مطارحات في القول (ص ١٥٨)

(2)- S. de Bls Forcedes choses.

(٣)- الصحافة (جريدة تونسية باللغة الفرنسية) عدد ١٢٥٩ مقابلة مع غادة السمان.

(٤)- غادة السمان بيروت ٧٥.

(٥)- نبيل سليمان الرواية السورية دمشق ١٩٨٢.

(٦)- حسام الخطيب سبل المؤثرات الاجنبية واشكالها في القصة السورية، ١٩٨١.

(7)- S. de Beauvoir memoires d’une Jeune fille bien rangee (p. 11)

(8)- S. de Beauvior Tout Compte fait 1972. (p. 51)

**ژێدەر:**

تحرر المرأة عبر اعمال سیمون دوبوفوار و غادة السمان.

# مێژووی کەرکووک

## کەرکووک لە سەردەمی کلدانییانەوە تا ئێستا

عەرەب فەهمی مستەفا

لە تورکییەوە: ئەحمەد تاقانە

### بەشی یەکەم

هەواڵنامەی کتێب

**دووسێ وشەی وەرگێڕ..**

لە ژمارە (٤٤)ی گۆڤاری (نەوشەق)دا کورتە مێژوویەکی کەرکووکمان ئامادە کرد و بڵاو کردەوە کە ساڵی (١٩٣٠) عەبدولخالیق ئەسیری-ی شاعیری گەورەی نیشتمانپەروەری کوردی کەرکووکی بە چوار بەش لە ڕۆژنامەی کەرکووکی (کوردیی) ئەوسادا بڵاوی کردبووەوە.

ئەم نووسینەی ئێرەش کە لە بەردەستی خوێندەواری خۆشەویستدایە یەکێکە لەو هەوڵە کۆنە (با بڵێین... سەرەتاییانەی) خوێندەوار و ڕۆشنبیرە کەرکووکییەکان.

نووسەرەکەی ئەدیب و ڕۆشنبیری تورکمان - فەهمی عەرەب مستەفا، یان (فەهمی عەرەب ئاغا)، وەک کۆششێکی دڵسۆزانەی ئەوسا، نووسیویەتی.

لە بارەی فەهمی عەرەب ئاغا-وە زانیارییەکی ئەوتۆمان دەست نەکەوت، بەڵام ئەو کتێبە بەناوبانگەشمان بینیوە کە هاوبەش لەگەڵ (فازڵی مەلا مستەفا)دا بە عەرەبی

**له بارەی کەرکوکەوە لە پەنجاکانی سەدەی ڕابردوودا بەناوی: لە کەرکووکدا چ باسە؟ (ماذا في كركوك؟)هوە دایانناوە.**

**بەهەرحاڵ ئەمە، وەک نرخزانی و هەڵسەنگاندنی کۆششی ڕۆشنبیرە کەرکووکییە کۆنەکانمان و لە ڕووی وەفادارییەوە لێرە وەرمانگێڕایە سەر زمانی کوردی و بڵاومان کردەوە..**

**دیارە نووسەر نیازی وابووە بەچەند بەشێک کتێبەکەی چاپ و بڵاو بکاتەوە، ئەمەی ئێرە بەشی یەکەمە و وەکو دیاریشە ساڵی چاپی لەسەر نییە و لە چاپخانەی (النجم)ی مووسڵ لە چاپ دراوە و...، بەشەکانی هێشتا (بەلای کەمەوە لای ئێمە دیار نییە!)..**

"وەرگێڕ"

## چەند وشەیەکی نووسەر

ئەو دەمەی نووسەری ڕۆژنامەی (الرقیب) بووم لە بەسرە، بەشێوەیەکی پەرت و بەش بەش لە ڕۆژنامەی ناوبراودا دەستم بە بڵاوکردنەوەی مێژووی بەسرە کردبوو...

بۆ بەئەنجام گەیاندنی ئەم مێژووە، چووبوومەوە سەر ژێدەرێکی زۆری مێژوویی و کتێبێکی زۆرم خوێندبووەوە. بەدەم پشکنین و ئەم خوێندنەوانەوە، ناوە ناوە ئەو زانیارییە مێژووییانەشم تۆمار کردبوو کە لەبارەی (مێژووی کەرکووک) یشەوە بەرچاوم دەکەوتن. بەسەرچوونی ساڵانێک، ئەو کاغەزانەی بۆ کەرکووکم نووسیبوونەوە، شێوەی کۆمەڵە کاغەزێکی پەرێشانیان گرتبوو...

بە هەناسە ساردییەوە هەروەها تەماشام دەکردن. ماوەیەک بەسەر چوو، ئەم (مێژووچە) یەی نیازی لە شێوەی کتێبێکدا بڵاوکردنەوەیم دەکرد، وەکو خۆی مایەوەو هەموو هەوڵێکم بۆ لە چاپدانەوەی بە نەزۆکی مایەوە. ئەمجارەیان ـ لە ئەنجامی خۆشبەختی ـ، حوسامودین بەگی بەڕێزی بە خزمەتکردنی زانست ناسراو کە بە موتەسەرریفی کەرکووک دامەزرا، ئەم ئارەزووەی ناخمی بزواندەوە. بەو دڵنیاییەوە، کە لە ئەنجامی ئەو هاندان و یارمەتییانەی لەم زاتە بەڕێزەم دەبینی، زاتی بڵاوکردنەوەی ئەم نووسینەم کرد. ئەم کتێبە، مێژوو و هەروەها ئەو باس و خواسانەی کە لە شێوەی ئەفسانەدا دەماو دەم دەگێڕدرێتەوە، گرتووەتە خۆ. لەم کتێبەدا ئەو ئەفسانانەو باس و خواسانەی دەماو دەم

بیستراون، پشت بە سەرچاوەی باوەڕپێکراو ڕوون کراونەتەوە. چەند دڵخۆش دەبم، ئەگەر توانیبێتم بەم کارەم خزمەتێکی نیشتمانەکەم کردبێ!!

## کلدانییان و کەرکووک!

کەرکووک وڵاتێکی کلدانییە، مێژووی بنیاتنانی لە نووسراوە کلدانییەکانیشدا نەبینراوەتەوە. بناغەی مێژووی کلدانی، لەسەر تاقمێک ئەفسانەو گێڕانەوەی سەر زارەکیدا بنیاد نراوە. ئەم نەتەوەیە لەنێو (دووزێ) دا کە (میزا پۆتامیا) ی پێ دەگوترێت نیشتەجێ بوون کە ئەم زەوی و زارە، بەپیت و پڕو بەروبوومترینی زەوییەکانی جیهانە. حکوومەتی کلدانی، بۆ بەربەست کردنی لافاو، بەنداو و کۆگای ئاوی سەرسووڕهێن و جۆباری سەیر سەیری دروست کردووە. ئەم زەوییانە، زۆرترین خەڵکێکی چاخی زێڕینی جیهانی بە بەربوومی خۆی بەخێو کردووە. ٣٠٠ ساڵ بەر لە زایین، نەتەوە سامییەکان لە باکووری خۆرهەڵاتەوە هاتوونەتە نێوانی دووزێوە. ئەو دەمە ئەو سۆمەری و ئەکەدییانەی کە لە مازاپۆ تامیادا بوون، ئەمانەیان گرتووەتە لای خۆ... ئا ئەم نەتەوە تازە هاتووە، کلدانییەکان بوون. ئەمانە دوای تێکەڵ بوونی بە وانەی پێش خۆیانەوە، چۆنیەتیی هاتنەوەیان بۆ (نێوانی دوو زێ) لەبیرکردو و لافی ئەوەیان لێداوە کە هەر لەسەرەتای دروست بوونەوە ئا لەم زەوییانەدا ژیاون. پەردە لادان لەسەر مێژووی کلدان گەلێک دژوارە، ئەوەی لەوێ بەرچاو دەکەوێ لە ئەفسانەو قسەی پڕوپووچ بەولاوە شتێکی دیکە نییە. بەناوبانگترینی ئەم ئەفسانانە، چامەیەکە بە ناوونیشانی (ئەفسانەی نەمرود) هوەیە. ئەم چامەیە لەسەر بەرد نووسراوەتەوە و لە مۆزەخانەی بەریتانیادایە. لەلایەن (جۆرج سمیث) ی زانای ئینگلیزەوە دۆزراوەتەوە و پەرچڤە کراوە.

## ئەم چامەیە ئەمەیە

بەر لەوەی بەو شتەی کە لە سەرووماناوەیە بگوترێ ئاسمان و بەو شتەی لەژێرماندایە بگوترێ زەوی، دەریاکان بە گەرداوی بێ سنوور یەکیان گرتبووەوە و جەنگاوەری لەش چوون پەلەوەرو مرۆڤی ڕوخسار مێرووڵەو گای بەسەلکی مرۆڤ، مرۆڤی کلک ماسی و چوار لەشیان ئەفراندووە، دواتر زەوی و ئاسمان و دوای ماوەیەکی زۆریش فەرمانڕەواکانی ئاسمان و ئاو و زەوی (ئانۆ، بەل، ئەئا) لەدایک بوون و ئەمانیش ئاسمان و ئەستێرەکانیان ئەفراندووە. بەڵام زەریا، واتە (تهامات) کە دەبینێ کۆمەڵێک خوداوەندی

گچکە، هەرێمەکەی ئەویان پڕکردەووە، بەرامبەر ئەمانە لەشکری گیانەوەری بەڕێ کرد، بەمانە هێرشی بردووەتە سەر ئاسمان و (ئانۆ و ئەئا) لەم هێرشەدا سەرکەوتنیان بەدەست نەهێناوە، دواتریش (مەردۆخ) سەرکەوتووەو وجێی هەر یەکێکی لە ئەستێرەکان دەستنیشان کردووە، ڕێگەی خۆرو مانگی دەستنیشان کردووەو مانگ و خۆرەکان ـ ی جێگیر کردووە. دواتر فەرمان بە (بابا ئەو ئەنا) کردووە کە سەری مەردۆخ ببڕن و لەخوێنی ئەو مرۆڤگەل هاتوونەتە بوون. مرۆڤگەل لە سەرەتادا ئێجگار بە ناخۆشی ژیانیان بەسەر بردووە. بەڵام هەر لەسالآنی سەرەتاییدا لە دەریای سوورەوە گیانلەبەرێکی بە لەش ماسی و بەدەنگ مرۆڤ بەناوی (ئۆئانەسی) یەوە پەیدابووە و ئەدەبییات و زانست و پیشەسازیی بە مرۆڤگەل فێر کردووەو هەروەها دامەزراندنی شارو قانوونەکانی فێرکردوون. کاتێک کە خۆرئاوابووەتەوە (ئۆئانەسی) بە دەریادا ڕاماوەو شەوی لەژێر ئاودا بەسەر بردووە. لە کۆتاییشدا بەدکاری لەنێو مرۆڤاندا پەیدابووە. لەبەر بەدنمەکیی ئەمانە، (بەل) ویستوویەتی سزایان بدات وچۆنێتیی بە (قەیسی سوترۆس) ڕاگەیاندووە:

کەشتییەک دروست بکەو سامانت بەجێ بهێڵەو ژیانی خۆت ڕزگار بکە، لە هەر ئافەریدەیەک جووتێک (نێرێک و مێیەک) لەگەڵ خۆتدا ببەو فەرمانی لە (زێبارە) ناشتنی (شاردنەوەی) کتێبەکانی داوە. لەسەر ئەمە (قەیسی سوترۆس) پرسیاری لە خوداوەندەکان کردووە، بۆ کوێ بچێ و وەڵامی ڕاستەقینەی دراوەتەوە. (قەیسی سوترۆس) گوێڕایەڵی ئەم فەرمانە بووەو کە کەشتییەکی بۆ خۆی دروست کردووەو دەوروبەرەکەی (زفت) سواغ داوە و زێڕ و زیو و خاوو خێزان و خزمەکارو سەرو جووتێکی گیانلەبەری کێوی و ماڵیی لەگەڵ خۆیدا هەڵگرت و دەرگای داخستەوە. ئەوەندەی پێ نەچووە باران وەکو شەپۆڵان باریوەو ئەو ناوە بووەتە زیندانێک و ڕەهێڵەکە شەش ڕۆژ و حەوت شەوی خایاندووە و ئاو سەرتاپای وڵاتەکەی داپۆشیوە، سەرپاکی مرۆڤگەل خنکاون و حەوتەمین ڕۆژ باران هێور بووتەوە و وەستاوە و با و بۆران و ڕەهێڵە وەستاون و (قەیسی سوترۆش) پەنجەرەی کەشتییەکەی کردووەتەوەو، کە بەسەر ئاو کەوتنی تەرمی مرۆڤانی بینییەوە، دەستی بەگریان کردووە. دواتریش ئاستی ئاوەکە تا هاتووە نزم بووەتەوە و کەشتی لەسەر چیایەکی بڵندی ئەرمەنستاندا، لەسەر وشکانیدا نیشتووەتەوە.

(قەیسی سۆترۆش) دوای شەش ڕۆژ چاوەڕوانی، کۆتری بەرداوەتەوە و لەبەر ئەوەی کۆترەکە جێیەکی بۆ لێ نیشتنەوە نەدۆزیوەتەوە دیسان گەڕاوەتەوە ناو کەشتی. (قەیسی سۆترۆش) لەسەر ئەمە، قەلەڕەشی ناردووە، قەلەڕەش کە کەلاکی مرۆڤگەلی لەسەر ئاودا

بینیوە دەستی بە خواردنیان کردووە و نەگەڕاوەتەوە دواوە، لەکۆتاییدا ئاو بەیەکجاری کشاوەتەوەو قەیسی سۆترۆش کەشتییەکەی کردوەتەوەو لەگەڵ هاوەڵانیدا پێکەوە دابەزیونەتە خاکی کلدان و بابلی بنیاد ناوە. ئینجا دوای ئەوە نەوەی زۆر بووە و حکوومەتێکی بەشان و شکۆیان دروست کردووەو دواتر بۆ بەرەو ئاسمان سەرکەوتن (قولەی بابل) یان دروست کردووە. کە قولەکە بەرەو ئاسمان بەرزبووەتەوە، خوداوەندەکان بەشێوەیەکی زۆر خراپ تووڕە بوون و ڕێیان لەم هەوڵەی مرۆڤانیان گرتووە. تا ئەوسا، هەموو پاڵە و کرێکارەکان بەیەک زمان دوواون. ڕۆژێکیان سەیریان کردووە لە یەکدی ناگەن، تومەزانە خوداوەندەکان ئەمانەیان بە زمانی جودا جودا خستووەتە قسەکردن، لەسەر ئەمە، کار لە بابلدا وەستاوە و قوللەی بابل لە نیوەدا ماوەتەوە و تەواو نەکراوە و مرۆڤگەل کەلە زمانی یەکدی نەگەیشتوون زمان ئاڵۆزی هاتووەتە گۆڕێ لەسەر ئەمەش هەریەکەو بەلایەکدا پەرت و بڵاو بوونەتەوە.



## کەرکووک:

لە مێژووی کلدانیی (٤٥٠٠ ـ٤٠٠ ی.پ.ز) دا کەرکووک بەناوی (ئەڕافا) وە باس کراوە، چەند سەدەیەکی دیکەی بەسەردا ڕۆیشتووە، بەناوی (کەرخ گرمای) دوە ناونراوە. کە لە

ڕێکەوتی ئەم سەردەمەدا بەریینی گەلێک زۆر بووە. لەباکوورەوە زێی گچکە، لەباشوورەوە ڕووباری وان، لە خۆراواوە دیجلە، کە خاکی تکریت و سامەڕا لەنێو سنووریدا بوون و لە خۆرهەڵاتیشدا عەجەمستان (واتە ئێران) بووە. چەند سەردەمێکی دیکەی دوای ئەوە، کەرکووک کە چووە سەر ئەو شوێنانەی ئەسکەندەر گرتوونی و دوای مردنی ئەسکەندەریش بووەتە بەشی (سلۆمق) و لەو سەردەمەدا ناوی (کەرخ سلۆخ) بووە.

لە کتێبە مێژووییەکاندا، لەبارەی ناوەکەیەوە، تاقمێک باس و خواس و چیرۆکی دیکەمان دێتە پێش، کە لەمەودوا بە دوورو درێژی دەخرێتە ڕوو. (سێرجان مەلکن) کە یەکێکە لە خۆرهەڵاتناسان، لە مێژووی گشتیدا، ئەم چەند دێڕەی تۆمارکردووە کە سەرنج ڕادەکێشێ، جان مەلکن دەڵێ: تێگەیشتنی ئەو بارودۆخەی لەو خاک و شارۆچکانەی لەسەردەمی جەنگی داگیرکارانەی ئێراندا کەوتوونە بەر هێرش دژوارە، لە زەفەرنامەکانیان و داستانە ئێرانییەکان و ئەفسانەو پڕ و پووچەکانی ئێرانەوە پیاو چی تێ دەگا... لەگەڵ ئەوەشدا ئەگەر ڕاستییەک هەبێ کە تێگەیشتبم ئەوەیە کە، لەشکری مەزنی ئێران، دێروزووروو هەموو گوندەکانی دەوروبەری داگیرکردووە. لەم نێوانەدا شاری (کەرخ سلۆخ) ی بە بایەخی مێژوویی بەناوبانگیشی تێدا بووە. ئەم شارەی وا بەناوبانگە کە (بەختونەسر) دروستی کردووە، مێژوویەکی دەوڵەمەندی هەیە، ئەم شارە بووەتە شانۆی چەندین جەنگی خوێناویی نائاسایی. مێژووی دروستکردنی دەکەوێتە سەردەمی کلدان و ئینجا لەبەردەمی هێرشێکی زۆری ئەو تیرە و هۆزانەی لە ئاسیا نیشتەجێ بوون، کەرکووک وێران بووەو خەڵکەکەش بارەها تووشی قەڵاچۆکردن بوون، هەروەها لەم شارەدا (شلە) یەکی بەهێزو سەرسوڕهێن هەیە کە، تاشا شلەڕشێن کراوە و شەوانە ئاگری تێبەر دراوە و ڕێیەکی دوورودرێژ لەناو ئاگردا بووە.

کەواتە: تەنانەت لە مێژووی هەرە کۆن و سەردەمە هەرە دوورەکاندا بایەخی ئەم گەنجینەیە زانراوە. کە لەشارەکەماندا هەیە. چەند وشەیەکمان بۆ خوێنەرانمان لەبارەی ئەم گەنجینەوە بە بێ سوود نەزانی کە پلەی نرخ و بایەخی مێژووی کەرکووکی کۆن و نوێ پتر دەکات. دوای زانینی ئەم گەنجینە ڕەشەی کە مێژووی کەرکووکی کۆن و نوێ بە بایەختر دەکا، دیسانەوە درێژە بە بابەتەکەی خۆمان دەدەین و ئەم چەند دێڕە لەبارەی ئەم زێڕەی لە خاکمانەوە هەڵدەقوڵێ، بۆ خوێندەوارە بەڕێزەکانمان ڕوون دەکاتەوە.

## نەوتی کەرکووک:

وشـەی (پیـترۆڵ) لە بنچینەدا لاتینییـە، لە خۆرهـەڵاتدا بەرامـبەر بەم وشـەیە، وشـەی (نەوت) بـەکـار دەبرێت. واتای پیـتـرۆڵ (ڕۆنـی بەرد) دەگـەیەنێ ، زانایانی جـیـۆلۆجـیـا (چینەکانی زەوی) بۆ دۆزینەوەی کانەکانی نەوت، لەسەر ڕووی، زەویدا، لەو شـوێنانەدا کە گـومـانی لێ دەکـەن نـەوتی تێـدابێ، دوای ئەوەی یەک (پێ) هـەڵکۆڵین دەکـەن، لەو شـوێنەوارانەدا کە لەسـەر ئەو بەردانەدا دەردەکەوێ کە لەو هەڵکۆڵینانەوە دەردەکەوێ، تێ دەگەن لەو شـوێنەدا نەفت هەیە یان نییەو بە پێی ئەوە ڕاپۆرتەکانیان ڕێک دەخەن. نەوت هەر لە سـەردەمـە کۆنەکانەوە شلەیەکی ناسـراوە. لە تەورات، (سـفـر) هکانی دانیـاڵی پێغـەمـبـەر ئامـاژە بۆ سەرچاوە گڕگـرتووە بەهاڵاوەکانی خاکی بابل دەکا. تا سـەردەمی مێژوو، نەوەکان لە نزیکبوونەوە لەم کانانە ترساون و سڵیان کردووەتەوە... تەنانەت ئاگر پەرستە ئێرانییەکان هاتوونەتە سەر ئەم کانانەو پەرستوویانە.

دەرکـردن و پاڵاوتنی نەوت و بەنزین بەشـێـوەیەکی هونەری، لەسـەدەی نۆزدەدا، لەسـەردەمی بەکارهێنانی ئۆتۆمبێلدا بووە کە، ئەو کەشتییانەی لە زەریاکاندا دەگەڕان، لەجیاتی خـەڵووز دەسـتیـان بە بەکـارهێنانی نەوت کـرد، لەبەر ئەم هۆیانەی باس کـران، کرنگیی ئابووریی، حکوومەتە گەورەکانی خستە بەربەرەکانی کردن و بووە هۆی ئەوەی کە لەنێو خۆیاندا گفتوگۆو گێرمەو کێشەیەکی زۆر بکەن، لەسـەردەمی عوسـمـانیدا نەوتی عێراق هەر وەکو جاران ماوەتەوەو بە درێژایی ئەم هەموو سـەردەمانە ئەم زێرە ڕەشە لەژێر خاکدا بەنێژراوی مـاوەتەوە. کـەچی لە سـەردەمی سوڵتان عەبدولحـەمیددا کۆمپانیـایەکی زۆری بیانی، ئەگەرچی بۆ سوود وەرگرتن لەم کانزایە ویستوویانە حکوومـەتی عوسـمـانی فـەرمانی ڕێپێدانیـان بۆ دەربکا، سوڵتان عـەبدولحـەمیدێک کە بە چاکی، گرنگیی ئابووری ئەم شلە کـانزایەی زانیـوە. هـەمـوو ئەو داواکـارییـانەی لێی کـراوە ڕەت کـردووەتـەوە، تا لەسـەردەمـە دواییـنەکـاندا حکوومـەتی ئەمریکا سـاڵی ١٨٩٩ (شـوسـتـەر) ی بەناوبـانگی ناردووەتە (بابـی عـالی) بۆ گفـتـۆکردن لـەم بارەیەوە، ئەمیش هـەر بەو شـێوەیە کە وەڵامی ڕەتکردنەوەی وەرگـرتووە بە نائومێدی گـەڕاوەتـەوە. لە ١٩٠٣ دا (کۆمـپـانیـای ڕێی ئاسنی ئەناتـۆڵی) کـە کـۆمـپـانیـایەکی ئەڵمـانی بوو بۆ سـوود وەرگـرتن لە کـانزای نەوت، بواری دروست کـردنی ڕێی ئاسنی درایێ، کـۆمـپـانیـاکـە، بەندی ئەوەی خـسـتـە سـەر ئەو ڕێکەوتننامـەیە، کە مـافی ئەوەی هـەبێ بیست کیلۆمـەتری ئەم لاو ئەولای ڕێگاکە سـوود لە هـەرچی کـانزایەک هـەیە ببـینێ و... سـاڵی ١٩٠٤ ئەم کـۆمـپـانیـایە، بۆ لێـوردبوونەوەی ئەو

ڕێیەی هێڵی شەمەندەفەر (قیتار)ی پێدا دەڕوا، دەستی بە پشکنینی ڕێگاکان کرد، بەڵام هەر لەو کاتەدا و لە ٣١ی کانوونی دووەمی ١٩١١ دا، کۆمپانیای (ئەفریقیای خۆرهەڵاتی) بۆ نەوت پێکهێناوە ئەم کۆمپانیایە لە دەوڵەمەندترین کەسانێکی حکوومەتە هەرەزلەکانی سەرگۆی زەوی پێکهاتبوو... دواتریش ئەڵمانەکان ویستیان هێڵی (بەغدا ـ بەرلین) ڕابکێشن و لە تشرینی یەکەمی ١٩١٢ دا ناونیشانی ئەم کۆمپانیایەیان گۆڕی و کردیانە (کۆمپانیای نەوتی تورکیا)، کە ناوی ئەو کۆمپانیایە ئێستا کاردەکا... لە جەنگی گشتیدا، دەسەڵات و هێزی نەوت کەوتە دەست حکوومەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا. دوای ئاگر بەست، حکوومەتەکان بۆ دۆزەکانی نەوت گەلێک گفتوگۆ و گێرمەو کێشەیان لەناودا هاتە کایەوە. ئینگلیزەکان بۆ وەدەست خستنی بەپیتترینی سەرچاوەکانی نەوتی هەموو سەر زەوی، بە هەموو هێزێکیانەوە خەریکی بوون. حکوومەتی مەزنی ئینگلتەرا کە بووە خاوەنی بیرە نەفتەکانی هیندستان و ئێران لەگەڵ حکوومەتی ئەمریکا، بۆ ئەوەی سوود لە بیرە نەوتەکانی عێراق بینین لەگەڵ حکوومەتی پایە بەرزمان ڕێکەوتن. خاوەنانی سەرمایەی ئەم کۆمپانیانە ئینگلیزو فەرەنسی و ئەمریکایی ـ یەکانن. لە ١٩٢٨ لە سەدا پێنجی بەرهەمی نەوت بۆ (مستەر کۆڵبەنکیان)ی دەوڵەمەندی ئەرمەنی دانراوە دەست بەکارکرا. (مستەر کۆڵبەنکیان) تا دوا ڕۆژانی جەنگ خاوەنی (ئیمتیاز)ی بیرە نەفتەکانی مووسڵ بووە. (مستەر کیلینگ) بەناوی کۆمپانیای تورکیاوە، بۆ سوود وەرگرتن لە نەوت نووسینە جێبەجێکارییە بەراییەکانی بۆ حکوومەتی پایە بەرزی عێراق ئامادە کردو لە ١٩٢٥ دا هاتە عێراق، هەر لەو کاتەدا بۆ سوود وەرگرتنی ناوبراو کۆمپانیاکانی (فینتکس، فرانک هۆڵمز) یش تێدەکۆشان. بەڵام ئەو مەرجانەی مستەر کیلینگ پێشنیاری کردبوون لەگەڵ بەرژەوەندیی حکوومەتمان پتر دەگونجا، بۆیە حکوومەت، ڕێی بە کۆمپانیای تورکیای بە پەسەندتر زانی. لەم لایەنەدا بۆ واژوکردنی ڕێکەوتننامەکان و پێویستیەکانی گفتوگۆ حکوومەت (موزاحیم بەگی پاچەچی) ی دەستنیشان کرد، ئەوسا موزاحیم بەگ لە باڵیۆزخانەی لەندەن ـ دا بوو.

لەساڵی ١٩٢٥ دا ئەو قۆنتەراتانەی بۆ سوود وەرگرتن لە نەوت و هی دیکە، موزاحیم بەگ بەناوی تورکیاو مستەر کیلینگ بەناوی کۆمپانیای تورکیا ڕێکەوتننامەکە واژۆ کرا. دوای ئەوە، گەلێک لە زانایانی زەوی ناسی ئینگلیزو فەرەنسی و هۆڵەندایی و مەجەری هاتنە عێراق و لە سەرتاسەری خاکی عێراقدا کەوتنە لێکۆڵینەوە بۆ پشکنین و دۆزینەوەی نەوت. دوای خەریک بوونی چەندین مانگی ئەم زانایانە، گەیشتنە ئامانجی خۆیان. دوای



ئەوەی نەخشەو هێڵکاریی پێویستیی کۆمپانیاکانیان پێشکەش کرد، ئینجا کەوتنە بەرگری، بەر لەوەی کۆمپانیا دەست بە هیچ کارێک بکا، بیری لە ڕێگاکان کردەوەو هەوڵی دابین کردنی ڕێگا پێویستەکان و هێڵی بەیەکگەیشتنی لەگەڵ ئەو لقانەی دا کە لەشوێنی دوور دوور دا دایمەزراندبوون. هەوڵی دا ڕێگەو بانەکان بەشێوەیەک چاک بکاتەوە کە بۆ پێداڕۆیشتنی ئوتومبێلە گەورەکان و هۆیەکانی گواستنەوەی دیکە ئاسان بکا. لە ٥ی نیسانی ١٩٢٧دا ئاهەنگی دەستت بەکاربوون سازدرا. کۆمپانیا بیری تاقیکردنەوەی (جۆن - یەک)ی تەرخان کردبوو، ئەمەش نزیک بوو لەپاڵ گردەکانی (باڵخانە - پەڵخانە) وە بوو. فەیسەڵی یەکەم - ی خاوەن شکۆی جێ بەهەشت، سام و سەنگێکی دیاری بەئاهەنگەکە بەخشی، کۆمپانیا، وەزیران و گەورەپیاوان و نوێنەران و پیاوە ماقووڵان و کەسایەتییە دیارە ناوخۆیی و بێگانەی بانگ هێشت کردبوو وبانگ کراوەکانی بە قیتاری تایبەت هێنایە کەرکووک. کارو کردەوەکانی هەڵکەندن بەدەستی خاوەن شکۆی خودا لێ خۆشبووی جێ بەهەشتەوە دەست پێ کرا. کۆمپانیا ماوەی سێ مانگ لەکاری هەڵکەندنی ئەم بیرەدا بەردەوام بوو، کە سەرکەوتن بەدیار نەکەوت، کۆمپانیا ناچاربوو ئەم بیرە بەجێ بهێڵێ... دواتر لەبیری ژمارە سێی نزیک (پەڵخانە) دا دەستی بە کۆششی خۆی کردەوە.

## تەقینەوەیەکی سەیر:

له باكووری خۆراوای كەركووك و له دووريی (٧)ميل لەشارۆچكەوە، لەو شوێنەدا كە بە (بابا گورِ گورِ) بەناوبانگە، سەرچاوەيەكی زۆری نەوت و گۆگرد هەبوو. لەم شوێنەدا له داوێنی گردەكاندا له نزيكەی ٢٠ كانگاوە نەوت هەر لەخۆيەوە هەڵدەقولا. هەر لێرەدا دەست بە هەڵكەندنی بيرێك كرا. بۆ بۆرِييەكی له ئاسن دارِێژراو بە بەرزايی (١٢٠) پێ لەشێوەی كەلوو (قوله) دا لەسەر، دەمی ئەم بيرەدا دانرا. بنكەی ئەم بۆرِييە هەر چەند نزميش بووبێ، له كەركووكەوە دەبينرا، ئا لەم بيرەدا له ٢٠ی حوزەيرانی ١٩٢٧ دا هەڵكەندنی دەستی پێ كرد. شەوو رِۆژ تا ١٤ی تشرينی يەكەمی ١٩٢٧ هەڵكەندنی بەردەوام بوو، لەگەڵ رِوودانی تەقينەوە له بيرەكەدا، (بێتەل) رِووداوەكەی بۆ هەموو لايەكی دنيا گواستەوەو هەموو حكوومەتەكان بە مەراقەوە چاوەرِوانی ئەنجامی رِووداوەكە بوون و بەدوايدا دەچوون كە ئەمەش ديسانەوە بەڵگەی دياری پلەی كاريگەريی نەوتە له شارستانيی ئێستا. (٦) پێ لەسەر رِووی (١٢٠) پێ بەرزيی كەلووەكەوە نەوت بەرزبووەوە، شلەی سيا، وەك فوارەيەكی سەير بە دەرپەرِين چوو. كۆمپانياكە دەم و دەست بۆ گرتنی دەمی بۆرِييەكە سەركەوتنی بەدەست هێنا له ٢٣ی تشرينی دووەمدا بە گيروگرفتی گەورە گەورەوە توانرا دەمی بۆرِييەكە بگيرێ. بيرەكە بە رِێژەيەكی ناوەنديی (٩٢٠٠٠) نەوتی دەردەدا و وەكو ئاو بەو ناوەدا دەرِۆی. تەنانەت ئەگەر چەند رِۆژێكی ديكە درێژەی بووايە وا دانرابوو لەگەڵ رِووباری زێ ـ دا يەك بگرنەوە. پرشەی نەوت تا ناو شارۆچكەی كەركووكيش دەگەيی و لەسەر جلەكاندا پەڵەی گچكە گچكەی پەيدا دەكرد. نەوت ٥ ـ ٨ رِۆژ بە بەردەوامی فيشقەی دەكرد. ئەو برِە نەوتەی ئەم ناوچەيە بەرهەم دێ، وادانراوە، له چوار (تەن) پتر بێ. بەپێی ئەمە بيرەكانی نەوتی باباگورِگورِ واتای دەوڵەمەند ـ ترين نەوتی جيهان دەگەيەنێ.

تا ئێستا چل بير دۆزراونەتەوەو قووڵی ئەم بيرانە له نێوانی ١٠٠٠ ـ ٢٥٠٠ پێ دايە. ئامێری پاڵاوتنی ناوچەی باباگورِگورِی كۆمپانياكە ١٠,٠٠٠ دە هەزار گاڵۆن دەپاڵێوێ، كۆمپانيا هيچ لەم نەوتە خاوە پاڵێوراوە نە له عێراق و نە له جيهانی ديكەدا نەفرۆشرێ و نانێرِێ، بەڵكو نەوتی ئەم پاڵاوگەيە تەنيا له كارەكانی خۆيدا بەكاردەهێنێ، چونكە حكوومەت ئەم رِێيەی بە كۆمپانيای بەينەرِرافيدەين ( نێوانی دووزێ ـ ميسۆپۆتيميا) داوە.

## لقەکانی کۆمپانیا

(١ بابا گوڕ گوڕ) (٢ تەرجیل) (٣ داقووق و دەوروبەری) (٤ئیفتیخار - حەفتتەغار) (٥ جەمبوور) (٦ کۆرمۆر - خۆرمۆر) ( ٧ باڵخانە - پەڵخانە و دەوروبەری) (٨ سلێمان بەگ) (٩ بەستی ئاق سو) (١٠ مەیخانە و دەوروبەری) (١١ خەشمول ئەحمەر) (١٢ تارین حەسارو دەوروبەری) (١٣ شرقات) (١٤ خانووەکە).

## ڕاکێشانی بۆڕییەکانی نەوت

دەستەی نەخشەکێش و هونەریی کۆمپانیا، ئەو ئامێرو دەزگایانەی بۆ هەڵکەندن پێویستن، بە ئۆتۆمبێلی بیست تایەیی گەورەی تیژڕەوی ٦٠ کیلۆمەتر لە سەعاتێکدا گواستەوە و دەستی بەکار کرد. لەم ئۆتۆمبیلانەدا مەکینەی سەرسوڕمێنی بۆ هەڵکەندن هەیە. ئەم ئامێرانە، ئەو بەردو خۆڵەی هەڵیدەکەنێ بە ڕێکوپێکی، بەڕاست و چەپدا فڕێ دەداو لەڕێی خۆیدا بەردەوام دەبێ. ئەگەر تووشی پارچە بەردی زلیش بوو کێردی سەیر لەو مەکینانەدا هەیە کە بە ڕێکوپێکی دێتە سەر بەردەکان و یەکسەر پارچە پارچەیان دەکا.

بۆ بەشە چیاییەکان ماکینە گەلێک کە تازە داهێنراون و بەهێزی هەوا کاردەکەن، یانیش دینامێت بەکاردەهێنرێ. بۆ ئەمانەش پسپۆڕی جوداو ئەندازیاری جودایان لە نێواندایە. بۆڕییەکانی نەوت لە باباگوڕگوڕەوە دەست پێ دەکەن، ئەم بۆڕیانە، ساڵانە دەتوانن ٤٠ تەن نەوت بنێرن. بۆ ڕاکێشانی بۆڕییەکان، کۆمپانیا دوو ساڵی ڕێک بوو ودوای خەرجکردنی ملیۆنەها دینار بە ئەنجامی گەیاندو ئەم بۆڕیانەی مەترێک لەژێر زەوییەوە دەڕۆن، ئەو دارتەلە تەلەگرافانەی هاوتەریبی بۆڕییەکان چەقێنراون بۆمانی ڕوون دەکەنەوە. لەبەر پەیتیی ئەم شلەیە، کۆمپانیا بە ناچاری بەدرێژایی هێڵ، لە ١٢ شوێندا ٢٤٥ مەکینەی بەکارهێناوە کە هێزی گشتی ئەم مەکینانە ٢٢٥٠٠ ئەسپە.

## هێڵ

کەرکووک ٨٥٠ کیلۆمەتر لە ڕۆخی دەریای سپییەوە دوورە، دوای تەواوبوونی ڕاکێشان، لە کۆتایی بۆڕییەکاندا کۆگایەکی یەکجار گەورە بنیات نراوە. نەوت لە کەرکووکەوە بە دوو هێڵ دەنێرێ، ئەم دوو بۆڕییەی تیرەیان ١٢ ئینج - ە، یەکێکیان لە بەندەری حەیفاو ئەوی دیکەیان لە ڕۆخی تەرابولس - دا کۆتاییان دێ. هێڵی حەیفا ٦٢٥ میل و هێڵی تەرابولس ٥٣٥ میلە ئەم دوو هێڵە هاوتەریبی یەک دەڕۆن و لەدوای (حەدیسە) وە بە چەند میلێک لە یەکدی دوور دەکەونەوە.



# فەرەیدوون سامان:
## جگە لە شیعرەکانم، نووسینێکی دیکە بە جگەرگۆشەی هەست و هزری خۆم نازانم

هەواڵنامەی کتێب

دیمانە: قەهار شێخانی

### پێشەکی

وێڕای ئەوەی کە فەرەیدوون سامان دەنگێکی شیعری نوێیە، بەڵام هێشتا وەک ئەزموونێکی شیعری یان ستایلێکی شیعری لە دید و تێڕوانینێکی ڕەخنەییەوە تیشکی نەخراوەتە سەر و بەسەر نەکراوەتەوە سەرباری بەرهەمە شیعرییەکانی کە ئەمانەن:

(هۆنراوە یاخییەکان، نزیکتر لە ئەوین، دوورتر لە مەرگ، پڕم لە عشقی تۆ) دوو کتێبی ڕۆژنامەوانیش بەناوەکانی (ڕۆژنامەڤان و دەنگوشە) هەروەها دوو کتێبی دیکەی بەناوی (یاسای بازرگانی و

*کارگێڕی کۆگاکان) بۆ کوردی وەرگێڕاوە جگە لە چەندان دەقی ئەدەبی و هونەری و وتاری ڕەخنەیی لە زمانەکانی عەرەبی و فارسی وەرگێڕاوەتە سەر کوردی بۆیە قسەکردن لەگەڵ ئەم شاعیرە و واڵا کردنی دەروازەکانی هەست و هزری ئەو کاتێکی زێتری گەرەکە، لەم دیمانەیەدا ڕووبەڕووی چەند پرسیارێکمان کردەوەتەوە:*

*** لە ئەزموونی نووسینەوە دەست پێ بکەین لە کوێوە بۆ کوێ؟**

– ئەزموونی نووسینی من زێتر ئەزموونی شیعری بووە، ئەویش بۆ قۆناغی منداڵی وەرزەکاریم دەگەڕێتەوە، ئەو کاتەی ماڵی ئێمە لە یەکێک لە گەڕەکە هەژارەکانی هەولێر بوو، بە ناوی گەڕەکی تەعجیل، کتێبخانەیەکی بچووکمان لە ماڵەوە هەبوو بەتایبەت ئەدەبی و هونەری چەند کتێبێکیان بە زمانی عەرەبی بوون، لەوانەش دیوانی شاعیرە کوردەکان و هەروەها چەندین کتێبی هونەری و شانۆیی تێدا بوو.

بەرهەمی شاعیرانی وەکو نالی و حاجی قادر و گۆران و پەشێو و شێرکۆ...، دیارە خولیای من بۆ شیعر لەوساوەوە دەستی پێکرد کە بە ڕێکەوت هەر چەند جاری تریش باسم کردووە لە پەراوێزی ئەو شیعرانەی لە (ڕۆژمێری هاوسەر) دا هەبوون چەند بەیتە شیعرێکی پیرەمێرد و نالی و قانع و سالم و گۆران و کامەران و ئیدیش...

من وەکو فزولیەت ئەو بەیتە شیعرانەم لە دەفتەرێکدا دەنووسییەوە و نەقڵ دەکردەوە دواتریش نیشانی برادەرانی خۆم دەدا لەوانەش هاوپۆلەکانم، هەستم کرد ئەوەندەی خولیاییم بۆ دنیای شیعر هەیە بۆ بواری تر نییە، هەر چەند حەزم لە خوێندنەوەی چیرۆک و هونەری نیگارکێشیش دەکرد، بەڵام زێتر خۆم لە ناو شیعردا دۆزییەوە.

دەکرێ بڵێم سەرەتاکانی ڕسکاندنی بەهرەی شیعرم لەوسەر سەردەمە سەریهەڵدا تا دەگاتە سەرەتاکانی ساڵی هەشتاکان.

ساڵی ١٩٧٦ یەکەم بەرهەمی ئەدەبیم چیرۆکێکی منداڵانە بوو لە هەفتەنامەی هاوکاری بڵاوم کردەوە، چونکە هەستم کرد پێویستیم بە خوێندنەوەیەکی قووڵ و زۆر هەیە بۆ ئەوەی بوونی خۆم بسەلمێنم، بەتایبەت بوونی ئەدەبیم زۆر جار بە شەرمەوە لای برادەران وا خۆم نیشانداوە کە زیاتر خوێنەری شیعرم، هەرگیزیش تا ئەو ساتەش من پڕ و پاگەندەی ئەوە ناکەم کە شاعیرم یان شاعیرێکی نوێخوازم یان داهێنەرم بڕواشم بەو نازناوە و بەو سیفەتانە نییە، چونکە ئەوە پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە دەقی ئەو شیعرەوە هەیە، کە تا چەند دەقێکی نوێخوازە یان چەند داهێنەرە، بە هەر حاڵ هەوڵی ئەوەم هەبوو کە شیعرەکانم لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی ئەو ساکە

بڵاو بکەمەوە، ئیدی لە ساڵی ١٩٨٠ کە چوومە کۆلیژی کارگێڕی و بەڕێوەبردن لە بەغدا، هەر مەبەستیشم بوو بێم لە بەغدا بخوێنم، چونکە ئەو کات کۆمەڵێک ناوەندی ڕۆشنبیریی و ئەدەبیی کوردی لە بەغدا هەبوون، وەک کۆمەڵەی ڕۆشنبیریی و دەزگای هاوکاری و گۆڤاری بەیان و ڕۆشنبیریی نوێ و ڕۆژی کوردستان، بەڵام ئەم دەزگایانە زێتر لە ژێر کۆنترۆڵی بەعسدا بوون کە چوومە ئەوێ تووشی تێکشکانێکی دەروونی هاتم چونکە ساڵی یەکەمی خوێندنم لە زانکۆ دەستپێکی جەنگی ڕژێمی عێراق بوو لەسەر ئێران. ناچار بووم ئەو چەند ساڵە خۆم دوورە پەرێز و گۆشەگیر ڕابگرم. ڕوو لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی ئەو سەردەمە نەکەم بۆ بڵاو کردنەوەی بەرهەمەکانم، بەداخەوە تروسکایی ئومێدێک بە دی نەدەکرا و کەسیش نەبوو ڕێنمایی یان هاوکاریمان بکات تا بەردەوام بین لەسەر نووسین و بڵاوکردنەوەی بەرهەمەکانمان.

تەماشام کرد ئەو ڕەوشەی کە من بیرم لێ دەکردەوە و خەونم پێوە دەدیت ئەوە نەبوو، ئەو نووسەر و شاعیرانەی لە گۆڤار و ڕۆژنامەکاندا شیعرەکانیانم دەخوێندەوە شتی جوان و شتی شۆڕشگێڕانە و ئینسان دۆستانە بوون، بەڵام لەوێ ئیدی بۆم ڕوون بووەوە کۆمەڵێک کارمەندی حکوومین و لەوە زێتر نین، کۆمەڵێک بەرژەوەندی بە یەکترییان دەبەستێتەوە و کێشە و ململانێی هەیە گرووپ و گرووپگەری هەیە، هەستم کرد بەغدا شوێنی من نییە، من ناتوانم وەک خەڵکی تر سازش بکەم ژێر بە ژێر پەیوەندی دروست بکەم بۆ ئەوەی دەقێکی شیعری یان بابەتێکی ئەدەبی بڵاوبکەمەوە.

**یەکێک لەو زاراوانەی کە هەمیشە لە شیعر تەوزیفم کردوون مەسەلەی مەرگ و ئەوین بووە**

ئیتر ئەوە بوو بە ڕێگەی هەندێ لەو هاوڕێیانەی خۆم لە بەغدا بە یەکەوە بووین جگە لە کۆلیژی خۆم لە کۆلیژەکانی تریش پەیوەندی ڕۆشنبیرییمان هەبوو. من زۆر پەیوەندیم بە برادەرانی کۆلیژی ئاداب هەبوو لە بەغدا هەروا پەیوەندیم بە زانکۆی

موستەنسریەوە هەبوو، چەند دەقێکی شیعریم بۆ بڵاوکراوەکانی شاخ نارد سەرەتای ساڵاکانی هەشتاکان بوو، تا ساڵی ١٩٨٥ یش چەند شیعرێکم بە ناوی (خوازراوی هەوراز) بڵاوکردەوە.

بۆیە پاش تەواو کردنی زانکۆ زۆری پێ نەچوو گیرام و پاش دوو مانگ لێکۆڵینەوە دواتر لە ئەبو غەریب لە ئەحکام خاصە حوکم کرام. دابڕانێک لە خوێندنەوە و نووسینی من دروست بوو، لە بەردەوامبوون لە کارەکانم بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ساڵانی هەشتاکان بۆ من دەرفەتێک بوو کە کۆمەڵێک شیعر بنووسم دواتر دوای ڕاپەڕین بە تیراژی (٥٠٠) دانەیەک بە ناوی (هۆنراوە یاخییەکان) بە چاپ گەیاند، ئەو کۆمەڵە شیعرە دیارە ڕەنگدانەوەی واقیعی سیاسی و کۆمەڵایەتی، کە ئەو کاتەی خوێنەرانی ئێمە زیاتر لە ژێر کاریگەری ڕەوشی سیاسی و کۆمەڵایەتی ئەو کاتەی کوردستان و عێراق بوون. شیعرەکانی لای خۆم هێندە هونەری نەبوون بەڵکو بە جۆرێک پەیامێک بوون زێتر بۆ شۆڕش و پێشمەرگە نووسرابوون، بەڵام لە ١٩٩١ تا ١٩٩٩ کۆمەڵە شیعرێکم نووسی دواتر ئەم کۆمەڵە شیعرە بەناوی (نزیکتر لە ئەوین دوورتر لە مەرگ) بڵاوبووەوە ئەزموونێکی تری شیعری هونەری بوون و بە شێوازێکی تازەی هونەرییانە مامەڵەم لەگەڵ دەقەکان کرد، هەر چەندە زۆربەی شیعرەکانیش لەکاتی خۆی لە ڕۆژنامەکانی وەک کوردستانی نوێ و ئاڵای ئازادی و هەرێم و گۆڤارەکانی کاروان، ڕامان بڵاوکرابوونەوە.

چەند نووسەرێک ئەوانەی کە خوێندنەوەی ڕەخنەیی بۆ شیعرەکانم کرد لەوانە ڕەخنەگر (نەجات حەمید) لەسەر شیعرێکی نووسی پێم وایە شیعری بیابانییەکان بوو (عیرفان مستەفا) لەسەر دوو دەقی شیعری نووسی. شیعرێکیان بەناوی (چەمەرییەکانی من) ئەوەی دیکەیان (لەژێر پێیدا ئاوەکان هەڵدەقوڵێن) شوکر سلێمان لەسەر دەقێکی شیعریمی نووسی جگە لە خوێندنەوە جوانەکانی د. نەجم ئەڵوەنی و شیرین حەیدەری و چەند نووسەرێکی دیکە.

هەروا برادەرێکی نووسەری گەنج، کە خەڵکی سلێمانی بوو ماوەیەک لە هەولێر دەژیا بەناوی سۆران محەمەد ئەویش لەسەر شیعرێک یان دووانی نووسی، برادەرێکی عەرەبیش هەبوو کاتی خۆی لە پیرمام دەژیا لە سەردەمی موعارەزەی عێراقی لە ڕۆژنامەی (موئتمر) ئیشی دەکرد بە زمانی عەرەبی لەسەر دەقێکی نووسی.

جگە لە د. سالار کە مامۆستایەکی کوردە لە یەکێک لە زانکۆکانی ئەمریکا بە زمانی ئینگلیزی لێکۆڵینەوەیەکی لەسەر دەقێکی شیعری نووسیووە، کە دواتر نووسەری ناسراوی کوردی ئێران ئەحمەد قازی ئەم نووسینەی لە زمانی فارسیەوە بۆ کوردی وەرگێڕابوو لە گۆڤاری سروە بڵاوی کردەوە.

لەم دواییەش د. نەجم ئەڵوەنی لێکۆڵینەوەیەکی ڕەخنەیی جوانی لەسەر کۆ شیعری (پڕم لە عیشقی تۆ) نووسی بەناوی (نواندنی وێنە لە دیوانی پڕم لە عیشقی تۆ، هەوڵدانێکی بۆ پێناسینی شیعر) کە بە ڕای من تا ئێستا جوانترین خوێندنەوەیە بۆ ئەو چەند شیعرەم کراوە.

*** نزیکتر لە کام ئەوین و دوورتر لە کام مەرگ؟**

– یەکێک لەو زاراوانەی کە هەمیشە لە شیعر تەوزیفم کردوون مەسەلەی مەرگ و ئەوین بووە، کە هاوکێشەیەکی فەلسەفییە ناکۆکە ئەو ئەوینەی ئێستا تۆ پرسیارت لێ کرد ئەوینێکە بە چەمک و مەعریفە و فەلسەفییە و ڕۆمانسییەکەی خۆم ڕەنگە ئەوینێک بێت بۆ ئینسانێک یان بۆ تاشەبەردێک بووبێ، مەرگیش بەداخەوە لەو ڕۆژگارە سەختەی کە باسم کرد ڕۆژانی سەختی شەڕی ناوخۆ کە ڕۆژانە هەر لە شەهید بوونی مرۆڤێک– یان مردنی ئینسانە جوانەکانی ئەو وڵاتە ئەوانە هەمویان ڕۆژانە وەکو وێنەیەک لەبەر چاوم هەڵواسرابوون ئیدی تێکەڵ بە هەست و نەست و ئەندێشە و ژیانی ڕۆژانەم بوو بوون، بێ ویستی خۆم و لە کۆنەستمدا لە شیعرەکاندا ڕەنگیان داوەتەوە، من هەر بە سروشتی خۆم مرۆڤێکی عاتیفی و ڕەشبینم.

*** باسی خوێندنەوەی ڕەخنەی کەسانێکت کرد ئەوانەی لە سەریان نووسی بووی، تا چەند لە ڕەخنەکانیان ڕازی بووی کە لەسەر شیعرەکانی تۆیان نووسی و تا چەند ڕەخنەکان بەرەو پێشیان بردی؟**

– خۆی بە گشتی ڕەخنەی ئەدەبی یان هەر جۆر و شێوازێک لە ڕەخنە لەلای ئێمەدا هەڵبەت جاران مەحکوم بوو بە کۆمەڵێک ئیعتباراتی شەخسی و کۆمەڵایەتی و فاکتەری سیاسی و هۆکاری نارەخنەیی، ڕەخنە ژانرێکی نوێی نووسینی ئەدەبییە زۆر درەنگ گەیشتە نێو ڕۆشنبیریی کوردی و، لای ئێمە چونکە لە کۆمەڵگایەکی دواکەوتوو دەژین، کۆمەڵگای دواکەوتووش بە زەحمەت و بە کەمترین ڕادەش وەرگرتنی ڕەخنەی جددی لا پەسەندە، ڕەخنەگر کەسێکە هەمیشە بە تێڕوانینی نازانستی و بە تێڕوانینی کەم ئەزموون ڕەخنەیی، بۆیە لە چاوی خوێنەرانی کەسێکە گوناهکارە، چونکە کە لەسەر شیعرێ دەنووسێ ئیدی خەڵکانی دیکە و شاعیرانی دیکە پێی نارەحەت دەبن، یان بڵێین کەلتووری ڕەخنە لە وڵاتی ئێمەدا چونکە بە سانایی هەرس ناکرێت، ڕەنگە خودی ئەو ڕۆژنامە و گۆڤارانەش هێندە بە ئاسانی ئامادە نەبن ئەو دەقە ڕەخنەییە لەسەر شیعرێک بڵاوبکەنەوە کە شاعیرەکە هەڵگری پەیامێکە یان باوەڕێکە جیاواز لەگەڵ خۆیان، چونکە ڕۆژنامە و گۆڤارەکان بەتایبەتی گۆڤارە ئەدەبییەکان هەر خودی شاعیران و ئەدیبیان بەڕێوەی دەبەن لەبەر هەندێ حەساسیەت و هەندێ جاریش نەبوونی

ڕەخنەی جددی ئەو ژانرە گرنگەیان فەرامۆش کردووە، ئیدی ڕۆژانە من ڕوو بە ڕووی ئەوە بوومەوە کە زۆر جاریش بەدەر لە خۆم کە برادەرێکی تر ڕەخنەیەکی نووسیووە خەڵکانێکی دی پێیان ناخۆشبووە، کە بۆ لەسەر فەرەیدون سامان دەنووسی بۆ لەسەر من نانووسی، ڕەنگە زۆر کەس پێیان وابێ من شاعیرێکی داهێنەر نیم و شایستەی ئەوە نیم لەسەر بەرهەمەکانم بنووسرێ، بەڵام دواتر هەر خودی ئەو کەسانە هاتوون و دانیان بەوە ناوە کەوا شاعیرێکی داهێنەر و ستایلی تایبەت بە خۆم هەیە و باشترین ڕەگەزی داهێنانیشم ئەوەیە، کە من کۆپی ئەزموونی شیعری کەس نیم و دزی لە کەس ناکەم، بەردەوام بوونیشم لەسەر نووسین بەدەر لە مزایدە و ڕیکلام کردن باشترین بەڵگەیە بە داخەوە ئەو پەتایە گەیشتۆتە ئاستی مامۆستایانی زانکۆ کە هەتا پێیان بکرێت داوا لە قوتابییانی بەشەکانی خۆیان دەکەن کە بەتایبەتی ئەوانەی لە خوێندنی بەکالۆریۆسن لەسەر مامۆستاکانی خۆیان بنووسن و بەرهەمەکانی خۆیان دەخەنە بەر دەست قوتابییەکان ڕێگە بەوە نادەن لەسەر شاعیرێکی تر بنووسن.

**وڵاتێکی وەک ئێران کەلتوورێکی هەزار ساڵەی ئەدەبی هەیە، شاعیر ڕەخنەگریی تایبەتی هەیە**

من ڕاستییەکەی ناتوانم بڵێم ئەو ڕەخنانە تینێکیان بە داهێنان و بەهرەی ئەدەبی من بەخشیوە. خوێندنەوەی ڕەخنەیی ڕێخۆشکەرە بۆ بەرچاو ڕوونیی خوێنەران نەک دروستکردنی شاعیر یان ڕووخاندنی، هەرگیز ڕەخنە شاعیر دروستی ناکات، بەڵکو تێڕوانینێکی دیکە یان دەروازەیەکی دیکە بۆ خوێنەر دەکاتەوە وەکو بڵێی کلیلی ئەو دەرگا داخراوانە بۆ خوێنەر دەکاتەوە، بۆ ئەوەی لە دیوە شاراوەکانی ئەو دەقە شیعرانە بگەن، هەڵبەت شتێکی چاکە ڕەخنەگری ئێمە هەوڵی ئاوایان هەبێ.

ڕەخنە هەڵبەت دەبێتە هۆی تیندان بە داهێنانی شیعر و بەردەوامی شاعیرێک و واڵا کردنی دەرگا کڵۆم کراوەکان بە دەم

هەست ویستی بینینی خوێنەراندا.

*** تۆ پێت وایە کەسێک هەبێت کە پسپۆڕیتی ڕەخنەگر یاخود هەر ڕەنگە جاری وا هەیە ڕەخنە لە نووسینێکی کەسێک دەگرێت بۆ مەبەستێک شتێکی شەخسی بێت؟**

– ڕەخنە لای ئێمە نەبووەتە کەلتوور وەک ژانرێک و دیاردەیەکی ڕۆشنبیریی ئەگەر چی چەند ساڵێکە لە نووسینەکانی (ڕەفیق حلمی و شوکری فەزلی) تا دەگاتە عەلائەددین سەجادی و د. مارف خەزنەدار و دواتر سەرەتای ساڵانی هەشتاکان کۆمەڵێک ڕەخنەگر هاتن وەک ڕەخنەی ئەدەبی باسیان لە چەند ڕۆمان و چیرۆک و شیعرێک کرد، بەڵام لای ئێمە ڕەخنە تیۆری نییە وەک چۆن ئێستاش شاعیری پرۆفیشناڵ هەیە یان چیرۆک نووسی پرۆفیشناڵ هەیە، بەڵام ڕەخنە وەک میتۆدێک لە خوێندنگا ئەکادیمیەکانی کوردستان بوونی نییە بەڵکو شتێکە وەک پەراوێز باسی لێوە دەکرێت. بۆ نموونە لە وڵاتێکی وەک ئێران کەلتوورێکی هەزار ساڵەی ئەدەبی هەیە، شاعیر ڕەخنەگریی تایبەتی هەیە لەو کەسانە محمد حقوقی کە ڕەخنەگرێکی پرۆفیشناڵە لەسەر شیعرەکانی شاملۆی نووسیووە سوهراب سپەهری یان فروغی فروخزاد ڕەخنەگری تایبەتی هەبووە، چونکە ڕەخنە لای ئێمە زیاتر لە گۆشەی نیگایەکی ئایدۆلۆژی یان سیاسیەوە سەر هەڵدەدات نەک لە تێڕوانینێکی ئەکادیمیەوە، زۆر جار ئەو شیعرانەش مەحکومن بە وشە و زاراوەی جیاواز وەک شاعیری گەورە، داهێنەر، نوێخواز، نەتەوەیی، بە داخەوە ئیتر وەکو باسم لێکرد ئەو کەلتوورە لای ئێمە دروست نەبووە زۆر کەمتر ئاور لە دەقی شیعر دراوەتەوە، دیارە ئەوانەش پابەندن بە کۆمەڵێک هۆکار، هۆکاری سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئایدۆلۆژی دوورتر لە ڕەخنەی ئەکادیمی و زانستی.

*** دەکرێ بپرسین شیعرەکانت چ پەیامێکیان هەڵگرتووە؟**

– من بۆچوونی ئێستاکەم جیاوازە لەگەڵ بۆچوونی ساڵانی ڕابردوودا، مەرج نییە شیعر پەیام هەڵگرێ بەقەد ئەوەی لە ناواخندا هێندەی پەیامی هاوارەکانی ناخی ئینسان و خاک و تەنانەت زاتی شاعیرێکەیە، چونکە پێم وایە کە تۆ باس لە پەیام دەکەیت، زێتر مەبەستێکی ئایدۆلۆژیت هەیە، پەیامی من پەیامی عیشقێکی ئینسانییە، پەیامێکی ئێستاتیکییە بۆ نەتەوەکەم، وڵاتەکەم ئەگەر شیعرەکانی خۆم پۆلێن بکەم دوو بەشن، بەشێکیان گوزارشت لەو شیعرانە دەکەن کە شیعری هونەرین بایەخ بە ئەدای تەکنیکی شیعرم داوە کە لە ناوەخندا ئەو پەیامەی تۆ باسی لێوە دەکەی پەیام نییە، بەڵکو لە نەستی خۆمدا سەرەئەنجامی خوێندنەوەی ساڵانی ڕابردوومە.

کە لەژێر کاریگەری ڕووداوە سیاسییەکاندا بووە، بەڵام لە شێوازی دەربڕینم پەنام بردۆتە بەر

زاراوە میتۆلۆژییەکان. یان ئەو ئەفسانە و داستان و چیرۆکانەی هەتا هێما ئاینییەکان توانیومە لە دێرە شیعرێکدا یان لە وێنە شیعرییەکان لە دەقێکدا تەوزیفی بکەم ئەگەر خوێنەر یان ڕەخنەگر بیەوێ بۆ ئەوەی شرۆڤەیەک بۆ دەقی شیعرەکانم بکات دەتوانم ئاماژە بەو دەلالەتانە بکەم، کە تا چەند کارم لەو زاراوانە کردووە، کە لەنێو ئەفسانە و داستانە میللیەکاندا ئەوەیان بەشێکیان، بەشێکیان بۆ خۆم لەژێر کاریگەری ڕووداوی سیاسی بوومە کۆمەڵێک شیعرم نووسیوە لەوانە بۆ شەهیدبوونی مرۆڤێکم نووسیوە، شیعرم بۆ کارەساتە جەرگ بڕەکانی کوردستان نووسیوە، بەڵام هەڵبەتە بە شێوازێکی هونەری و سیمبۆلی، ئەوە نییە کە بە شێوازێکی ڕاستەوخۆ بنووسی هەست و نەستی خوێنەر بوروژێنی، بەڵام شیعری نیشتمانی و بەرگری وەک ئەوەی باسمان کرد ئەزموونی شیعریم هەبوو لەساڵی ١٩٩١ کە ڕاستەوخۆ مخاتەبەی هەستی خوێنەری دەکرد جیاواز لەگەڵ ئەو شیعرەی کە ئێستا نووسیومە لەدیوی ناوەوەی شیعرەکانمدا خوێنەر هەست دەکات، ئەو شیعرە باس لە مەسەلەیەکی سیاسی دەکات، بەڵام ئەوە نییە دروشمێک یان گوتارێکی سیاسی بێت، ئێستا هەڵبەت لەبەر دەستم نییە ئەوە بۆ خوێنەر و ڕەخنەگر جێ دێڵم، تەنانەت هەتا شیعرانەی کە شیعری ڕۆمانسی و لیرکین هەتا ڕۆژگارێک لە ژیانی خۆمدا ڕاستییەکی من پەنام بردۆتە چەند فیگەرێکی سۆفیگەرانە هەتا ئەوانیش لە ناوەخندا هەستدەکەی وێنەی شیعری جوانی تێدایە کە یاخیبوونە لە سروشت و کۆمەڵگا و ژیانی باو و نەریتی باودا.

**مەرج نییە شیعر پەیام هەڵگربێ بەقەد ئەوەی لە ناواخندا هێندەی پەیامی هاوارەکانی ناخی ئینسان و خاک و تەنانەت زاتی شاعیرێکەیە**

*** باسی شیعری لیریکیت کرد تا ئێستا هەوڵت نەداوە بەشێک لە شیعرەکانت، هونەرمەندێک کە بتوانێ ئیش لەسەر شیعرەکانت بکات یاخود هەوڵت دابێ لەگەڵ ئاواز دانەرێک یا مۆسیقاژەنێک دانیشیت بۆ ئەوەی شیعرەکانت لە ڕووی**

هەواڵنامەی کتێب

**گۆرانییەوە کەڵکی لێ وەربگیردرێت؟**

– جارێ من خۆم بە شاعیرێکی لیریکی نازانم، ئەم جۆرە شیعرەش ئەگەر چی جوانە، بەڵام یەکێک لە خەسڵەتەکانی دەبێ سادە و ساکار بێ و خوێنەر بە سانایی تێبگات و زۆرتریش لەژێر کاریگەری سۆز و عاتیفەدا بێ و شیعرەکەش بەکێش و برگە کۆت بکات. باسکردن لە ئەزموونی شیعری لیرکیی لە ئەدەبیاتی کوردیدا، خوێنەران هەتا ڕەخنەگران دووچاری کۆمەڵێک بەربەست دەکاتەوە، بەداخەوە ئێمەی کورد بەتایبەتی نەوەی تازە لە بواری شیعری لیریکیدا هەژارین لەچاو ئەزموونی شاعیرانی فارس و عەرەب وڵاتانی تردا، مەگەر شاعیرێکی وەکو گۆران و پەشێو یان قوباد و فەرەیدون عەبدولبەرزنجی شیعرەکانیان زۆربەی زۆری لیریکین بەداخەوە کەم شاعیر لەم بوارەدا کاریان کردووە، بەڵێ چەند شیعرێکی لیریکی هەن. بەڵام ئەم جۆرە هونەرەش نەبۆتە دیاردەیەک لەناو ئەدەبی کوردیدا.

یان بیرم لەوە نەکردۆتەوە ئەوە شیعرێکی لیریکیە یان لیریکی نییە، بەڵام هەرگیز بە خەیاڵم دا نەهاتووە ڕۆژێک لە ڕۆژان ڕابینم و شیعرێک بنووسم بۆ گۆرانی بێژێک تا بیکات بە گۆرانی بۆ ئەوەی ناودار بم.

*** جا بۆچی تێدایە ئەگەر شیعرەکە شیعرێکی جوان و ناسک بێت گۆرانی بێژ بیکات بە گۆرانی؟**

– کاتی خۆی ئەحمەد شاملۆ شاعیری ناوداری ئێران کە بۆ خۆم یەکێکم زۆر موعجەبم بە شیعرەکانی– داریوشی گۆرانی بێژی ئێرانی، شیعرێکی شاملۆی کردە گۆرانی، شیعرەکە بەناوی (پەریا) بوو دواجار بیستمەوە شاملۆ زۆر بە توندی لەسەر داریوش قسەی کردووە ڕەخنەی لێ گرت، کە داریوش لە گۆرانییەکەی نەیتوانیووە وەک خۆی هەقی شیعرەکە بدات.

من ڕەخنەم لەسەر هەندێ لە گۆرانی بێژانی کورد هەیە هەتا گۆرانی بێژێکی وەکو زەکەریا کە زۆر لێهاتوو و ناودارە بەڵام تەماشا دەکەی کاتێک دەقێکی شیعری شاعیرێکی کورد دەکاتە گۆرانی خەراپ مامەڵە لەگەڵ دەقی ئەو شیعرە دەکات.

*** با هەر لە شیعری لیریکی بمێنمەوە تۆ پێت وایە جیاوازییەک هەبێت لەنێوان شیعری گۆرانی و شیعری ئاسایی؟**

– هەرچەندە من پسپۆر نیم لە بواری نووسینی شیعری لیریکی خۆشم بە شاعیرێکی لیریکی نازانم بەڵام کۆمەڵێک مەرج و تایبەتمەنی هەن کە دەبێ شاعیر پێڕەوی بکات، شیعری نوێ خوێنەر ناچار دەکات پەنا بباتە بەر سەرچاوە فیکری و فەلسەفییەکان بۆ ئەزموون و ڕابردوو

پاشخانی ڕۆشنبیری ئەو شیعرە بگەڕێتەوە، بەڵام شیعری لیریکی ئەوەیە کە دەبێ ڕوون و ساکار و بابەتییانە بێت بە پێچەوانەی شیعری نوێ بێت.

*** بەڕای تۆ کام شیعر بە نەمری دەمێنێتەوە یان بە شێوەیەکی تر بڵێین شیعر لەسەر چ بنەمایەک بنووسرێت بۆ ئەوەی تا سەر ئەوشیعرە لەگەڵ ویژدانی خەڵکدا بێت؟**

– کەلتووری قسەکردن یان کەلتووری نووسین لای ئێمەی کورد کەلتوورێکی خەتەرناکە، ئێمە چونکە پەروەردەیەکی سەقەتی کۆمەڵایەتی و سیاسیمان هەیە هەتا ڕۆشنبیرەکانمان ڕاستگۆ نین لە دەربڕین لە نووسینەکانیاندا. ئەگینا ئێمە شاعیری زۆر ناسراو و کارامان هەیە. بۆ نموونە هەیە شاعیرێکی بەناوبانگ و بەتوانا بووە بەڵام هەموو شیعرەکانی باش نین چەند دەقێکی شیعری باشی هەیە دەکرێ لەسەر ئەو شیعرە جوانانە بنووسرێن بە چاو پۆشین لە کەساسەتی و هەڵوێستی سیاسی ئەو شاعیرە، شیعری داهێنراو شیعرێکە کە جیاوازە لەگەڵ سەرجەم دەقە شیعرەکانی تر لە هەموو ڕوویەکەوە لە ڕووی بەکار هێنانی زمانەوە هەڵبەت زمانە ناوباوەکە. لە ڕووی تەکنیکارییەوە لە ڕووی هونەرییەوە. ئیتر ئەو دەقە شیعرییە کە بە نەمری دەمێنێتەوە خوێنەر لە هەموو شوێنێک لە هەر سەردەمێک هەست بکات خۆی کارەکتەری سەرەکی ئەو دەقە شیعرییە بە نەمری دەمێنێتەوە.

بەڵام شیعرێک بۆ کات و ساتێک یان بۆ قۆناغێک یان بۆنەیەک بگوترێ وەک بڵقی سەر ئاو وایە، بەداخەوە لە هەموو کات و قۆناغێکیدا شاعیری بڵقدار زۆرن و داهێنەر کەمە.

*** سەبارەت بە ئاستی ئێستای شیعری لاوان کۆمەڵێک لاو دەستیان داوەتەوە نووسینی شیعر چۆن دەڕوانییتە ئاستی ئەو شاعیرە لاوانە؟**

– من دەمێکە لەگەڵ ئەو پۆلێنکردنە نیم بڵێم ئەوە شیعری لاوانە و ئەوە هی ئافرەتانە یان هی منداڵانە. نازانم بۆ کە دەڵێین لاو دەبێ ڕەچاوی کۆمەڵێک خاڵ بکەین ئەم لاوە ئەزموونێکی تازەی هەیە پێگەیەکی فیکری و مەعریفی نییە دەبێ چاوپۆشی لێبکەین شیعرێکی بۆ بڵاو بکەیتەوە لەبەر ئەوەی تازە دەستی پێکردووە پێم وایە ئەمە هەڵەیە و کارەساتە ئەگەر لاوانی ئێمە هەر هەموو تێکرا ڕوو لە شیعر بکەن کە هیچ باکگراوندێکی فیکر و فەلسەفی و مەعریفی نییە پەنا ناباتە بەر خوێندنەوەی چیرۆک و ڕۆمان و دەقی شانۆی و فەلسەفی و ئەدەبی و ئابووری هەندێ کەس پێیان وایە کە شیعر باڵندەییەکی ماڵی و دەستەمۆیە پێم وایە لاوەکانی ئێمە لە ڕێی خوێندنەوەی زۆرەوە دەتوانن بوونی خۆیان بسەلمێنن.

وتار

# ئەدەبیاتی ژنانە و پیاوانە

جەبار سابیر



ماوەی چەند ساڵێکە بەهۆی سەرهەڵدانی بزووتنەوەی فێمێنیستی و(گەر بڕیار بێت سەری هەڵدابێت) زۆربوونی ڕێکخراوەکانی ژنان و ڕۆژنامەو بڵاوکراوەکانیانەوە لە کوردستاندا دیاردەیەکی سەیر سەری هەڵداوە و خەریکە شوێنی خۆیشی دەگرێت، ئەویش بوونی ئەدەبێکە بەناوی ئەدەبی ژنانەوە، وەک ئەوەی کە پێشتر هەموو ئەدەب موڵکی پیاوان بووبێت. کەلەڕاستیدا ئەدەب موڵکی تەواوی مرۆڤایەتییە. هۆکاری سەرەکی ئەم دیاردەیە لەناو ئەدەبیات و نووسینی کوردیدا وەک پێشتر وتمان بۆ زۆربوونی

ڕێکخراوەکانی ژنان و ئامرازەکانی چاپ و بڵاوکردنەوە و بەرەو پێشچوونی مەسەلی ژنانەوەیە لەم کۆمەڵگەیەدا. ئەم دیاردەیە لەوێوە سەری هەڵداوە، کە ژنان پێیانوایە پیاوان ناتوانن بەزمـــــانی ئەوان و لە بری ئەوانی ژن بدوێن و بنووسن و باس لە ژان و ئازار و چەرمەسەرییەکانیان بکەن. ژنان پێیانوایە کەکەس وەکو خۆیان گوزارشت لەو خەم و ژانە ناکات کەخودی ژن دووچاری بووە، بەتایبەت پیاوان کەسەرچاوەی نەهامەتییەکانی ژنانن. ڕەنگە لەم لایەنەوە تارادەیەک حەق بەوان بێت بەوەی هیچ پیاوێک ناتوانێ ویناى چرکەساتی مناڵبوونی ژنێک وەک خۆی دەربڕێت بەو هەموو ژان و ئازارو دەردەسەرییەوە کە مناڵبوون هەیەتی. بۆیە ئەوە تەنیا مافی ژنان خۆیانە کە لەخۆیان بدوێن و قسەبکەن، نەک کەسێکیتر بێت و لە بری ئەوانی ژن بدوێت. ئەم مەیلەی ژنان تەواوی لایەنەکانی تری ژیانی گرتۆتەوە نەک تەنیا ئەدەب، بەڵام قسەی ئێمە لەسەر ئەم لایەنەیە بەتایبەت. ئەم مەیلە ئەوەندەی لەڕقەوە سەری هەڵداوە ئەوەندە لە داهێنان و پشکداری نییە لەبوارە ئەدەبییەکەدا، ژنان دەیانەوێ تەواوی قورسایی خۆیان بخەنە بواری ئەدەبیاتەوە بۆ تۆڵەکردنەوە لە ئەوی پیاو. ئەم تۆڵەکردنەوەیەش دواجار بەزیانی ئەدەبیات تەواو دەبێت، چونکە ئەرکی ئەدەبیات لە ئەرکێکی ستاتیکییەوە دەکاتە ئەرکێکی کۆمەڵایەتی قورس، هەر کاتێکیش ئەدەب بووە شوێنی ململانێی کۆمەڵایەتی و چینایەتی ئەوسا لەستاتیکا دادەماڵرێت و ئەوەی دەمێنێتەوە وەک قسەی نەستەق و دروشمی حەماسەت بزوێنی لێ دێت و ئەوساش ناوی دەنێی ئەدەبیاتی ژنانە یا پیاوانە و هەر ناوێکی لێ دەنێی لێینێ. بەڵام ئیتر ئەوە لەئەدەبیات دەردەچێت.

## ئەدەب بەگشتی مولکی تەواوی بەشەرییەتە نەک تەنیا پیاوان

ئەدەب بەگشتی مولکی تەواوی بەشەرییەتە نەک تەنیا

پیاوان، چونکە ئەو پێشکەوتنانەی لەسایەی ئەدەبدا دنیا بەخۆوەی دیوە بۆ هەردوو ڕەگەزی ژن و پیاویش بووە، گەر لێرە و لەوێش پیاوان زیاتر سوودمەند بووبن ئەوە هۆکەی بۆ کەمتەرخەمی ژنان خۆیان گەڕاوەتەوە، جگە لەوەش هەمیشە و لەهەموو کۆمەڵگەیەکدا ئیتر بەهۆی هێزی ماسولکەوە بووبێت یاخود بیر و ئەندێشە هەر پیاوان دەستپێشخەربوون لەبوارەکانی ژیاندا، بەتایبەتی لەبواری ئەدەبدا. ئەمەش دیارە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە لە ڕووی سایکۆلۆژییەوە پیاوان کەمتر لەژنان سەرقاڵن. پیاوان زیاتر بواری سەفەرکردن و گەشت و گەڕان و دنیا بینینیان بۆ ڕەخساوە. ڕاستە ئەمانە هەموو سیستمی پیاوسالاری وایکردووە، بەڵام ئازایەتی پیاوانیشی تێدایە بەوەی وەک خەم لە ئەدەبیات و نووسینیان ڕوانیوە نەک خۆسەرقاڵکردن کە ئەمە بۆ ژنان وایە. ژن کەمتر ئارەزووی بەلای ئەدەبیات و نووسیندا چووە و زیاتر ئارەزووی بابەتێکی کردووە کە نزیک بێت لەهەست و نەستی ژنانەی خۆیەوە. بەڵام ئەمە لەڕوانگەی ئێمەی پیاوانەوە ڕاست و دروستەو ژنان خۆیان شتێکی تر دەڵێن. بەتایبەت ئەوانەی لەڕەوتە فێمێنیستییەکاندا کاردەکەن پێیانوایە کە سووچی پیاوانە ژنان ناتوانن بێنە بوارەکانی ئەدەبیاتەوە و کاری داهێنەرانە بکەن. وروژاندنی ئەم مەسەلەیە لای ژنان بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ژنان تەواوی بوارەکانی تری ژیانیان تاقیکردۆتەوە بۆ ململانێکردنی پیاوان و تێیدا سەرکەوتوو نەبوون، دەیانەوێ لەم بوارەیاندا قەرەبووی دۆڕانەکانی تر بکەنەوە. لێرەوە ژنان دەیانەوێ لەڕێگەی ئەدەبیاتەوە شۆڕشێکی سپی هەڵگیرسێنن و خوێنی پیاوان لەناو دێڕی نووسینەکانیاندا بڕێژن نەک لەسەر خاکی نیشتمان. ئەم مەیلەی ژنان چەندە مەیلێکی شەڕخوازانە و تۆڵە ئامێزە ئەوەندەش مەیلێکی ئاشتی خوازانەیە بەوەی کە

**دەیانەوێ لەڕێگەی ئەدەبیاتەوە شۆڕشێکی سپی هەڵگیرسێنن و خوێنی پیاوان لەناو دێڕی نووسینەکانیاندا بڕێژن نەک لەسەر خاکی نیشتمان**

هەواڵنامەی کتێب

تۆڵەکردنەوەکە بەخوێن نییەو بەنووسینە. ئەم تۆڵەکردنەوەیە بۆ ئەوەیە نمایشی ئەندێشەی ژنان بکرێت لەبەرامبەر هێزی ماسولکەی پیاواندا.

پاڵەوانی ڕۆمانی(نزا بۆ ئارمێن)ی دکتۆر (ئیبراهیمی یونسی) ژنێکە بەناوی (ئارمێن) ئەم ڕۆمانە باس لەکۆمەڵکوژی ئەرمەنەکان دەکات لەسەر دەستی (سوڵتان عەبدو لحەمید)ی عوسمانی و بەهۆی کوردە بەکرێگیراوەکانەوە کەپێیان دەوترا سوارەی حەمیدی ئەنجامدرا. ئەم ژنە هاوسەرەکەی کەناوی (یوسف)ە یەکێکە لەشۆڕشگێڕەکانی ئەرمەن، بەکورتی ڕۆماننوس ئەوەندە بەوردی بارودۆخی سایکۆلۆژی ئەو ژنەی لەو ڕۆمانەدا خستۆتەڕوو زەحمەتە هیچ ژنێک بەو جۆرە بتوانێ کاربکات، ئایا ئەم کارەی یونسی تاوانە بەرامبەر بەژنان یان خزمەتی مەسەلەی ژنان دەکات.؟ ئایا گەر یونسی ئەم بەسەرهاتەی ئەو ژنەی نەکردایەتە ڕۆمان تۆبڵێی ژنێک ئەو کارەی بکردایە.؟ هەڵبەت نەخێر. ئەم ماوەیە ڕۆمانێکی ترم خوێندەوە بەناوی (جێگەی بەتاڵی سلوچ) ئەم ڕۆمانە لەنووسینی (مەحموودی دەوڵەت ئابادی) ڕۆماننووسی فارسە. پاڵەوانی ئەم ڕۆمانە ژنێکە بەناوی (مێرگان) تاقە کاری ئەم ڕۆمانە کارکردنە لە سایکۆلۆژییەتی ژنێکدا کە هاوسەرێکی بێموبالات و کەمتەرخەمی هەیەو بەردەوام جێی دەهێڵێ و ئیتر بەیانییەکیان دەڕوات و بۆ هەتاهەتایە ناگەڕێتەوەو شوێنەوارێک لەدوای خۆیەوە جێناهێڵێ. ئەوەی ئەم ژنە بەسەری دێ و هەمیشە لەدەروونیدا گێنگڵ دەدات زەحمەتە بەهەموو ژنێک بنووسرێتەوە. لێرەدا دەکرێ بە ئەم دوو ڕۆماننوسە بڵێین ئێوە هەڵەتان کردووە کەئەم ڕۆمانانەتان نووسیوەو ئەو بەسەرهاتانەی ئەو دوو ژنەتان کردۆتە هەوێنی ڕۆمانەکانتان. هەڵبەت نەخێر. ئەوەی ئەوان کردوویانە هەوڵێک نەبووە بۆ نووسینەوەی ئەدەبیاتێکی پیاوانە بەڵکو هەوڵێک بووە بۆ بەرجەستەکردنی ژان و ئازارێک کەژنان بەهۆی کەمتەرخەمی و ئارەزووەکانی پیاوانەوە تووشی بوون. لێرەدا تێدەگەین کە ئەدەبیات هەر ئەدەبیاتە و بەژنانە و پیاوانەکردنی کاری خەڵکێکی توندڕەوی فێمێنیستییەو هیچ بەهەرمێکیشی نابێت جیا لە خۆسەرقاڵکردن بەشتێکی سەیروسەمەرەوە. ئەوەی لەئەدەبیاتدا گرنگە دەربڕین و شێوازی دەربڕینە نەک ئەوەی ژنێک نووسیوێتی یاخود پیاوێک. ڕۆماننووسێکی فارس هەیە بەناوی (فەهیمەی ڕەحیمی) نزیکەی پازدە ڕۆمانی هەیەو هیچیشیان لە ئێراندا بەهێندەی ئەوەی مەحموودی دەوڵەت ئابادی (جێگەی بەتاڵی سلوچ) یاخود (چاوەکانی) (بزورگی عەلەوی) نەبوونەتە ڕۆمانێک کەزۆرترین ژن بیخوێنێتەوە و زۆرترین کاریگەریی بۆ سەر مەسەلەی ژن هەبووبێت لەو وڵاتەدا.

شیعر

# وێنە ڕەنگاوڕەنگەکان

سورخی

هەواڵنامەی کتێب



## بەیان

بەیان سێوێکە لە باخی شەو
لە بوولێڵێک
بە سەر خاکی سەوزی
چاوەکانمدا بەردەبێتەوە
بەیانی کە پێدەکەنی و چاوەکانت دەکەیتەوە
ئەو کات سیمای شەڕ
ماندوو دەبێ و خەو دەیباتەوە

## لیسا

شەوی پەمەیی
لە ڕوخساری لیسای دەکرد
بای دەستە سپییەکانی هەندرێن
یاری بە چڵە سەوزەکانی قژی دەکرد
باران دەباری
دڵۆپەکان منداڵی چاوڕەشی هاروهاجن

گوڵە سوورەکان تەڕ دەبوون
نەمامەکان يارييان دەکرد
تەم پێدەکەنی
مانگە شەويش
لە چاوەکانی ليسادا
بيبسی کۆلای دەخواردەوە

## تەمەن

چ زوو مردين
بە هەردووکمان
تەمەنی ساوايەکمان نەبوو
کاتێ دەسووتاين
هێندەی کۆرپەی گيانمان
دووکەڵی سپی دەچوو بۆ ئاسمان
هەورۆچکەيەکين نازەنين
ڕوو لە چاوی خۆر دەگرين
بە دەستە بچکۆلانەکانمان قژی زەوی ڕادەکێشين
پێ لە زگی ڕەشی خۆر دەنێين
لە ناو هەورۆچکەکاندا دەخەوين
دەبين بە کەرتە نانێک
ئەستێرەکان دەنووکمان تێ دەژەنن
ماسييە ورديلەکان خێرا و بە هەڵپە
دەمان خۆن
کاتێکيش بەردەبينەوە سەر زەوی
لەگەڵ تەرمی نێرگزێکدا دەمان نێژن

## چەند حاڵەتێکی گەواڵەکان

با گەواڵەيەکی هێنا
سەری مانگايەک بوو



هەولنامەی کتێب

به گوریسێکی درێژ ئادەمیزادەکان
بۆ لای خۆیان کێشیان دەکرد
مانگایەک لە گووانەکانی شیر دەچۆڕا

با گەواڵەیەکی هێنا
ئاسکێک بوو
بە تیرێکی سوور پێکرا بوو
گووانەکانیشی پڕ بوون لە شیر

با گەواڵەیەکی هێنا
پارچەیەک نان بوو
بە دەم سەگی ڕەشی شەوەوە
سەگێک کە نانەکەی دەخوارد
مڕەی دەهات
جارجاریش بە چاو وەفای بۆ مرۆڤەکان دەنواند

با گەواڵەیەکی هێنا
ماردین بوو
کەمانچەکەی دەژەنی
درەختەکانیش سەمایان دەکرد

گەواڵەیەک با هێنای
زەردەخەنەی سەر لێوەکانی یولیا بوو
پێدەکەنی
دەهات و پێدەکەنی
تا بوو بە باران
داباری
هەر پێدەکەنی

هەواڵنامەی کتێب

## وێنە ڕەنگاوڕەنگەکان

پەڵە هەورەکان
فرمێسکی چاوی ئاسمانی منداڵن

شەو دەستە سپییەکانتی داپۆشی
خەوت لێ کەوت

بەختەوەری ماسییەکە
ڕۆژێ ڕاوکەر
ڕۆژێکیش مەل
ڕۆژێکی تریش نەهەنگێک قووتی دا

کات ئێسکێکی فڕێدراوە
شوێنیش سەگێکی دڕی نووستوو

نەخۆشم
مۆسیقا لیمۆیەکی ترشم بۆ سپی دەکات

من و ئاو هەموو ڕۆژێ یەکتر دەبینین
یان من دەچەمە ژێر بارانی
یان ئەو دێتە ناو زگی من

دوێنێ گەواڵەکان ڕاڕا بوون
باران
وێنەکەتی فڕێ دایە ناو ئاو

زەوی
چاوێکی کوێرە
لینجاوێکی سووری مەیلەو شین
بە سەر بیلبیلەکەیدا مەییوە

دارستان
سەری مەڕێکی سەربڕاوە
چۆلەکەکانیش تنۆکە خوێنن

ئێوارە
دوولاقی کابرایەکی زەبەلاحە
کۆترەکان بە نێوانیدا تێ دەپەڕن



هەواڵنامەی کتێب

ئەو ڕۆژە
کراسە سپییەکەتم لە شان نا
بۆ بەهەشتم برد

بەیان خانمی تەمەنم
لە گەرماوەکەدا خۆی دەشوا
چۆلەکەکانیش ئاوی جۆگەلەکە دەخۆنەوە

لە سێوێکدا
ددانەکانی پێشەوەتم بینی

تاریکایی
قالۆنچەیەک بوو لە ناو دەسکە کەرەوزێکدا دەگەڕا

ژیان

نینۆکی درێژی پەنجەی ئەو کوڕە بوو
کە ئەوێ ڕۆژێ بڕی و فڕێی دا

بزمارە سپییەکان
مەیلەو ڕەش بوون
هەموو سابوونە سپییەکان
لە تۆ دەچن یولیا

ڕووناکی دەستەسڕێکە
ئاوی چاوە کوێرەکەی زەوی پێ دەسترمەوە

## یولیا

ئاه خوایە
وەک نەرمەبایەکی هەستپێکراو
هەموو ڕاز و نهێنییەکانی
لە هەناسە و دەموچاوییەوە
بۆ لام دەهات
هەموو پەیڤە شاردراوەکەی ناخی
وەک توێژێکی سپی بە سیمایەوە بوو
نازانم دەموچاو بۆ ئەوەندە پیرۆزە

ئەو شەوەی لە ماڵ نەبووی
لە ناو جێگەکەت خەوتم
بەیانی کە لە خەو هەستام
سەرینەکەتم ماچ کرد
ئەو جێیەی کە هەموو شەوێک دەموچاوتی
لە سەر دادەنێی
ئەو شوێنەم وەک پشیلە بۆن کرد

سەیری ناو چاوەکانیم دەکرد

هەواڵنامەی کتێب

لە خەتە قاوەییەکان ورد دەبوومەوە
چاوەکانم پڕ دەبوون لە ئاو
ئێستا بیر لەو ئازادییە دەکەمەوە
گریانم دێ
بە خۆم دەڵێم
چ شتێک گرنگترە لە سەیرکردنی چاوەکانی یولیا

لە سیمای سادەترین شت
شەڕ دەبینم
ئەم دەوروپشت و زەوییە سادە و جوان و نەرمە
هێندە بەستەزمانە
ئەگەر سەربازێکی ئامێریش هێرشی بۆ بێنێ داگیری دەکات

## ماردین

هەواڵنامەی کتێب



ئەمشەو
فریشتەی گیانە سپییەکەی ماردین
کەمانچە سوورەکەی دەژەنێ
ئەستێرەکانیش لێی نزیک دەبنەوە
ئاو لە کراسەکەی دەخۆنەوە
ماردین مانگە
فرمێسکی چاوی ڕەشی شەو دەسترێتەوە
گیانی هەورەکان لە ڕووباری ئاسمان دەشواتەوە
ماردین سروشتە
هەزاران پەپوولەی ڕەنگاوڕەنگ
دەکەونە سەر دەست و ناو کۆشیەوە

## ماسی

ئاسمانێک بووی
درەختە سەوزەکانی دەستم

له دامێنی کراسە شینەکەت نەدەبونەوە
سیمات گەواڵەیەک بوو
چۆلەکەکان
ئاویان لە دەمتدا دەمژی
دەهاتی و چیمەنە سەوزەکەی زەوی
ئاوی بارانی دەخواردەوە
ماسییەکانیش
لە دەوری پارچەی تیشکی چاوت
کۆبوونەوە
ئەمشەو هاتم
سەتڵێکی پڕ لە ئەستێرەم لە بەر دەرگای
ماڵتان هەڵڕشت
بۆ ئەوەی هەرکاتێ بێیت و بڕۆی
پێیان لێ بنێیت
بە خەبەربێمەوە

## شێرە بەفرینە

سێوە لا سوورەیەک بووم
بە دەست کچە باخەوانێکەوە
بە دەم سووکە گازەوە
وەک پێکەنینی چاوەکانی
ناوکە قاوەییەکانم کەوتنە سەر زەوی
هەناسەی بووە خۆر
چووە گیانمەوە
کاتێ بووم بە نەمام
بەژنی ئەوم گرتەخۆ
ئەویش بۆ هەتا هەتایە
وەک من گۆنای سوور بوو
لە شەوێکی سارد دا

هەواڵنامەی کتێب

سەربازەکان
ئەویان هەڵوەراند
منیشیان کردە سەربزۆتی ئاگرێکی گەورە
ئیتر لەو کاتەوە
نە من باڵای ئەوم ما
نە ئەویش سوورایی گۆنای
ماچم دەکرد
جوانەگای ئێوارە
لە دۆڵەکەی ئەو دیوی گوند
هاتە ناو باخی ڕۆژ
گشت گیا زیونییەکانی خوارد
ئاو لە چاوە ڕەشەکانی ئێوارە دەزا
ئەو ژنەی لە درەخت دەچوو
چارۆگەکەی پڕ کرد بوو لە خەیاڵ
نەمامەکانیش
وەک منداڵانی هاروهاج
لە یاڵێکی بەرزەوە
خۆریان خزاندە ناو گۆمی مەنگی ئاسمانەوە
تۆم لە ناو دنیایەکی سپیدا بینی
دەستی خۆرت ڕادەکێشا
دوور دەکەوتیتەوە
منیش هێدی هێدی
بە دواتدا دەبووم بە بەفر
هەموو ئێوارەیەک
کۆترێک ڕۆحم بە جێدێڵێ
ڕۆژی دێ
لە پەنجەرە سەردەردێنێ
گیانم بووە بە شێرە بەفرینە و چاوەکانم نەماون



هەواڵنامەی کتێب

ئەوکاتە دێی
دەست بە سەرمدا دێنیت
گیانی بەفرینم لە باوەش دەگری
نایەڵی هەرەس بێنێت

## یاری ئەستێرە

خۆر گوڵە حاجیلەیە
دوو دەستی گەواڵەیەک
پەڕەکانی لێ دەکردنەوە
دوا پەڕەکانی خۆر و چاوەکانم کەوتنە ناو ڕووبارێک
کە بە شەو مانگ مەلەی تێدا دەکرد
دەستم لە قژی بەیان دەئاڵاند
ئەستێرەیەک لە سەر سینگم بوو
یاری بە گوێم دەکرد
کە لە خەو هەستام
چاوەکانم هەڵفڕین
ئەستێرەکەش چوو بۆ یاری

## گیان شاردنەوە

بۆ پەپوولەی باڵات
وا خۆم دەڕوێنم ئاشنای خاکبم
دەبم بە تەڵاشە بەردێکی بچکۆلانە
فرمێسک بۆ زەوی هەڵدەڕێژم
من ناوچەوانی بەردێکی ڕەشم
چەندین جار لە بەر تریفەی مانگەشەودا
لێوم بۆ گەندەمووی گۆنات هێناوە
بارانی گشت وەرزەکان پێیان لە ناوچەوانم ناوە
لە ڕاگوێزان دێتەوە یادت
لەگەڵ نەمامەکاندا

هەواڵنامەی کتێب

دامێنی کراسەکەتمان لە خاک دەشووشتەوە
لە ناو ڕووباری گیانتدا چاوەکانم دەکردەوە
بە پەنجەکانم لـی گیانتم هەڵدەدا
تا ئەلبوومی پڕ لە گوڵ و پەپوولەکانم بدۆزمەوە
کاری سووکە شەپۆلێک لە خەونم دەکات
لەگەڵ وردە چەوەکاندا
بۆ کەناری چاوەکانتم دەباتەوە
من بەربوومەتەوە ناو ئەم دنیایە
تا جێم بکەیتەوە و گیانی بچکۆلانەمت لا بشارمەوە

## ئاو وەک هەموو شتێک

ئاو لە ناو گەواڵەکاندا نووستووە
ئاو لە ڕووبارێکدا پێدەکەنێ
گیانی درەختەکان بە کەفەوە خۆی ڕادەوەشێنێت
یاریگەی منداڵەکان بوو بە چاڵە ئاو
ڕەوێک باڵندە و ئاژەڵە کێوی ئاوی تێدا دەخۆنەوە
کراسەکەی یولیا بوو بە ئاو
ئاو دەڕوا و ماندوو دەبێت و دەگری
پاشان پشوو دەدا و سووکە خەوێک دەکات
ئەو کەسەی خۆشم دەوێ بوو بە ئاو
بیرم لە ئاو کردەوە لەسەربان بوو
دڵم کەوتە ناو ئاو
گیانم هەمووی بوو بە ئاو
دنیا ڕەنگی ئاوی گرتووە
بۆیە وا سەیر و سەمەرە و پڕ سەرسامی هەڵکەوتووە

## دابەشکردن

کاتێ مانگ بەردەبێتەوە
بەر پەنجەرەکەی ماڵی بەیان دەکەوێ

وەک چۆلەکەیەک پەڕەکانی هەڵدەوەرێ
دوێنێ پێنج شەممە بوو
دوو دڵۆپ باران و ئەستێرەیەکی
کراس سووری چکۆلە بزربوون
منداڵان یارییان دەکرد
ملوانکەیەکیش لە گیرفانمدا بوو
کاتێ بەیان بانگم دەکات
ڕەوە چۆلەکەکانی ئێوارە
کراسی سێبەریان
بە سەر درەختەکاندا دابەش دەکرد

## ئاو خواردنەوەی کۆترێک

بە بن ئاسمانێکی پڕ لە هەوردا
مەلێک
دوای تەرمی سەرشانی درەختەکان کەوتبوو
مەلێک جریکاندی
ئەرکە ماڵئاوایی لە مردوو
بە بن ئاسمانێکی ڕووندا
مەلێک
دوای چەند هەورێکی بەختەوەر کەوتبوو
کە بە درێژایی ڕێگادا دەتریقانەوە و پێدەکەنین
مەلێک جریکاندنی
خەراپە بەشداریکردن لە بەختەوەری
ئاه من حەز لە باوەشکردنی گیانی
گەرمی ڕووناکی و ناسکی تاریکیش دەکەم
ئەی ئەو کەسەی ناوت بەیانە
دوور نییە ماسیبیت
یان دار سێو
با لە خوار قاچە ڕووناکەکانتەوە

کەوالەی کتێب

سەیرت بکەم
سەیری ئەو شوێنەی کە
قاچەکانت لێی کۆتایی دێت
ئەو شوێنەی بە شەو لە مۆمێکی داگیرساو دەچێت
بە ڕۆژیش لە مراوییەکی ڕەش
تۆ لە کوێیت
لە بەر تاقی کڵێسە
یان لە سەر منارەی مزگەوت
یان لە سەر دیواری قەڵای جادووگەرانی
لە هەر کوێ بیت
دێم و لەبەر ڕووناکیت دادەنیشم
لەگەڵ مەلی بوونتدا هەڵدەفڕم
ماچێکی بەکامی دڵبووم
ئەوە کلیلی ساردی دەرگای ژوورەکەم
فڕێ دەدەم
ئەویش دوا کتێبی سەر ڕەفەکەم
کە چیتر نایخوێنمەوە






هەواڵنامەی کتێب

## خەمی گۆشەیەکی تاریک

هەورەکان برین و کێمی قاچی ئاسمانن
بە گەڵای درەختەکان دەیسڕییەوە
بۆڵە ترێی ڕەشی قەد دارمێوەکانی
بەر بارانی پایز
دوا تنۆکە بارانیان لێ دەچۆڕێ
خۆریش وەک چۆلەکەیەک
بە دزییەوە دوا تنۆکە ئاوی
ناو چاڵە ئاوەکەی دەخواردەوە
نەمزانی کە زەوی دەسووڕێ
کوڕێکی پێست مسییە

لە کچی ئاسمان دەگەڕێ
یان زەوی کچێکی قژ سەوزی لە هۆشخۆ چووە
ئاسمان وەک کوڕێکی ساوا
لە سەر ئەژنۆ دانیشتووە و بۆی هەراسانە
سەگەکان دوور لە ئارەزووی من
وەک هەرشتێک
چۆن ڕیشم دێ
چۆنیش نینۆکەکانم درێژ دەبن
ئەوانیش دەوەڕن و ڕێگا دەدۆزنەوە
لە بەر ئەوەی بەختەوەری ڕەنگی فافۆنی هەبوو
ڕۆژێک وەک کراسێک لە بەرم کرد
ڕۆژێکیش قاپیلکەیەک بوو
ئەو کات پیرێژنێک شۆربای تێدا دەخوارد
ئێستا مردووە
هەڵم گرت و فرێم دایە سەر زبڵخانەیەک
لە بەر ئەوە قاچەکانت ماچ دەکەم
لە بەر پێڵاوەکانم پیاسە بە سەر زەویدا دەکەم
لە بەر زگم نان دەخۆم
ئەی پشیلەی ناو قەد بڕاوم
هەموو شەوێک ماڵئاوایی لەو شەوانە دەکەی
کە چۆن چاوە شینەکانت تێیدا دەبریسکانەوە
یان چڕنووکت لە هاوەڵەکانی خۆت دەگرت
ماڵئاواییەک
کە گوڵی دەستی ڕاستم لە تۆی دەکات
لە سەر خۆڵی گۆڕی گیانم دەژاکێ و دەمرێ

## ئیلڤیس پریسلی

منی پەمەیی و مێشە خۆڵەمێشییەکان
لە یەک پیاڵەدا مەی دەخۆینەوە

هەواڵنامەی کتێب

کە من بێم
ئەوان دەفڕن
کە ئەوان دێن
من دەڕۆم
ئا گیانی گیانە پاکەکەم
ئاسمان پەردەی ڕۆحی مردووەکانمانە
بە سەرماندا دادراوەتەوە
هەموو ڕۆژێ پێ بە سەر جەستەی
مردووەکاندا دەنێین و بە سەریاندا باز دەدەین
ئای بۆ هێلانەیەک لە ئاسماندا
چۆن بە سەر زەویدا بڕۆم
نەشتوانم ڕوو لە ئاسمان وەربگێڕم
لە ئاسمان زیزنیم و ناشتوانم زەوی جێبهێڵم
من و مێشە پەمەییەکان
لەگەڵ شەیتانی ڕەنگاوڕەنگی ڕۆح سپی
لە یەک پیاڵەدا دەخۆینەوە
گێژ و مەست دەسووڕێنەوە
بە ماچێک دێمەوە سەر سەما
ئاراستەیەک وەردەگرم
دەترسێم تۆ نەبی و خۆشەویستم ڕوو لە خوا کات
ڕوو لە بەرد و ڕوو لە خۆمیش
دەترسێم لە جیاتی تۆ
بەرد و چنگێک خۆڵ و ملوانکەیەک لە باوەش بگرم
ماچی دیوارێک بکەم و ڕووشم لە ئاو و ئاسن
لە هەمان پیاڵە من و گوڵی ناو گوڵدانەکەم
لەگەڵ مێشەکاندا دەخۆینەوە
بەشی تۆ ئەی هاوڕێیەکەم
ئیلڤیس پرێسلی دەهێڵمەوە






هەواڵنامەی کتێب

شیعر

# بروسكه

محەمەد ئەمین پێنجوێنی

هەواڵنامەی کتێب



له شارەوه.. له شاری شكۆدارەوه
بۆ جگەرخوێن
چەپكێ نێرگز.. چەپكێ وشه بۆ شاعیری
بێ جێگه و شوێن..!
كەوا و سەڵتەی سەوزی نەرمی
قەنەوزی
وەكو قەوزەی حەوزی بەر حوجرەكەی
"نالی"
كه لەپاش خۆی بەدانسقه بەجێ
ماوه
وەك "پیرۆزه هەڵمان گرتووه
بۆ دیاری تۆ ئەی جگەرخوێن
حوجره و چێشتی مجەوری!..
خانەقاكەی سۆفی "مەحوی"
هەروەكو خۆی فەرموویەتی

ناوی بە شەکرە سێو ناوین
باخەوان و بەهێ ئەگرین!!"
بۆیە ئەگرین..!!
یا گۆچانی
دەستی حافز و کوێرانی
مەجلیسەکەی "مەلا حەمدوون"..
کەتا ئەمڕۆش پارێزراون
بێ چەن و چون..
ڕیشە سپییەکەی پیرەمێرد
چۆری شیرە..!!
هەروەک سەرپۆشی بەفرینە
بۆ ڕووخساری "پیرەمەگروون"..
چەشنی چاوی کەوەکانی!
پەنای ئەزمەڕ بریقەی، دێ..
پێشکەشت بێ
ئەی جگەرخوێن
کورسییە شرەی مەیخانەکەی
فایق بێ کەس
کە چاوەزاری دیوارە..
لەهەر لای ئەم کوردەوارە..
بۆ هەڵبەستنی گۆڕەکەت!
لەباتی خۆت
ئەی جگەرخوێن
یان زیندانە تەڕ و شێدارەکەی
"گۆران"
ماوەتەوە وەکو جاران..
کە دیاری دەستی ئاسنە
وەکو ئەشکەوتی سامناک و




هەواڵنامەی کتێب

تار و توناو تون پشكنه..!
كەلامان.. نەخشی دیوار و دەرگاكانە
لەگشت لای ئەم كوردستانە
ئەیكەین بە بارگە و كەژاوە
بۆ گیانی تۆ!!
ئەمانە گشتیان هاتنە كوڵ
تێر تێر گریان..
بۆ جگەرخوێن
بۆ شاعیری دوور و وڵاتی
بێ سەر و شوێن
بوونە دیاری
بۆ شاعیری هەژار دۆستی ئاوارەی
كورد..!
كە بە ئاهی كوردستان و میللەتەكەی
دڵە گەورە و مەزنەكەی
لە حەسرەتانا شەقی برد..!!
ئەی جگەرخوێن..
وا ناوی تۆشمان خستە سەر..
دەفتەرێكی نەنوسراوی بەرباخە لێ!
بەرگ دڕاوی شڕ و ئاڵی..!!
شاعیرێكی نەتەوەی كورد..
ئەی جگەرخوێن
ئەی شاعیری پایەبەرزی لەناو
دڵا هێلانە و شوێن

ئەم شیعرە لە یادی چلەی جگەرخوێن لە
دهۆک خوێندرایەوە

هەواڵنامەی كتێب

شیعر



عەبدولموتەلیب عەبدوڵڵا

# ئێوارەیەک
# وەک درێژکراوەی ڕۆحم پڕ چاوەڕوانی

هەواڵنامەی کتێب




ئێوارەیەکی تەنیا
ولاتێک پڕ لە نائومێدی
وەک ئەوەی بیابان لە گەڵادا بنوێ
ئاو بۆ پشوودان لم کۆ بکاتەوە
من چاوەڕوانی دەمکوژێ
چاوەڕوانی باڵندەیەک
کە ئیتر بیر لە نیشتنەوە ناکاتەوە
کە ئیتر بە ئەندازەی فڕین
لە نیگەرانی ڕادەمێنێ
بە ئەندازەی نیگەرانێ
خەیاڵم شەپۆل شەپۆل
لە باران ڕا دەکا
دڵۆپ دڵۆپ
لە بێدەنگی دادەبەزێ
بێدەنگێ
وەک درێژکراوەی چاوەڕوانی

بە مردنم دەسپێرێ
منیش ئەستێرە  ئەستێرە
بە نیگایەکەوە دەهاتمەوە
کە ساڵەهایە ئەفسوون ڕەنگ دەکا
بە نیگایەکەوە دەهاتمەوە
بە ئەندازەی نیشتیمان خەواڵوو

ئێوارەیەکی ماندوو
نیشتیمانێکی دیل
پڕ لە گێڕانەوەی بێدەنگی
بێدەنگی
وەک درێژکراوەی ئاسمان
دەمداتە دەست بیابان
لەوێ لە سەیرکردنی مانگ
خەیاڵم تووشی باخچەیەک دەبوو
باخچەیەک لەسەر بەرماڵی حەقیقەت
درەختە مەستەکانی بە دوای خۆیدا
کێش دەکرد
باخچەیەک وەک دووڵی بنووسێتەوە دەڵێ:
دەنگی ئاو حیکمەتی تیایە
دەنگی ئاو
باران  باران
هێڵ بە ژێر پیتەکانی ژیاندا دەهێنێ
باران  باران
لە ژێر گەڵادا بێهودەیی کۆ دەکاتەوە

ئێوارەیەک
وەک درێژکراوەی ڕۆحم
پڕ چاوەڕوانی

هەواڵنامەی کتێب

وەک نیشتیمان
نائومێدی تا خەیاڵی مەرگی بەرێت
مەرگ
وەک باران تەڕیکات

ئێوارەیەک
وەک ئەوەی فێرت کا
بڕوا بە یادەوەری بهێنی
کتوپڕ دەکەوتمە سەر هەوای بیرکردنەوە
لە بەردەم بیابان
ئەو وێنە خەوتووانەم بە نیگاوە هەڵدەواسی
کە باران
تا تاقیکردنەوەی مەرگ
بە سەریاندا نەدەفڕی
ئەو وێنانەی
کە ئاو تا سنووری پێکەنین
دەچووە گەروویانەوە

ئێوارەیەک کە ڕۆحم کزەی دێ
لە چاوەڕوانی

ئێوارەیەک کە نائومێدی بە پێکێ
بانگم دەکا

ئێوارەیەک کە نیشتیمان
دادەبەزێتە نێو بازاڕ
لە شەڕی چاوەڕوانیدا
دیلم دەکا.



هەواڵنامەی کتێب

تەمموزی ٢٠٠٢ هەولێر

شیعری وەرگێڕدراو

# چەپکە شیعرێکی "ئیمیلی دیکێنسۆن"

وەرگێڕانی: لە یلا سالحی

هەواڵنامەی کتێب



١

به دوور له پەنجەی بەربەیان
به دوور له پەنجەی نیوەڕۆ،
خەوتوون دانیشتووانی به تابشتی هەستانەوە
هێمن، له هۆدە مەڕمەڕینەکانیاندا
تەختەبەندیان له حەریر و
سەربانەکانیان له بەردن!
هێواش پێدەکەنێ شنه له کۆشکە هەتاوییەکەیدا
دەچرپێنێ میشەنگوین به گوێچکەیەکی سڕبوودا
باڵندە قشتیلەکانیش ئاوازێک دەڵێن له غەفڵەت
ئاخ.. چ حیکمەتێک ئالێرە وێران کراوە.

له هیلالی سەروانەوە
واساڵەکان به شکۆوە تێدەپەڕن

جیهانەکان کوور دەبنەوە
ئاسمانەکان مەلێ دەکەن
نیوتاجەکان بەردەبنەوە و دادوەران تەسلیم ئەبن
بێدەنگ،
هەروەکوو نوختەیەک لەسەر بەفر.

٢

دەنگی وەبارانە دەچوو، تاچەمیەوە
ئەودەم زانیم دەنگی بایە
بە کرداری تەڕی شەپۆل ڕێ دەپێوێ،
شتێکی دوور
بە کرداری ویشکی خۆڵ هەنگاو هەڵدێنێ.
هەنگامەی هاتنی سپیایەک ئەبیسرێ
ئەمەیان ئیتر باران بوو
چاڵەکانی پڕ دەکرد و ئەستێرەکانیشی لێوڕێژ
لە ڕێگە و بان کردییە هەرا
سەری لەسەر خڕودۆلان هەڵدایەوە و
سێڵاوی لێ ڕەوان کردن
زەوییەکانی لێک هەڵبڕی و دەریاکانی هێنایە جۆش
ناوچەکانی دەبزوواند و
پاشانیش وەکوو ئیلیا
لەسەر چەرخی هەور سوار بوو
دوورکەوتەوە..




٣

ئەگەر مردم
سوورە قورینگەکان کە هاتن

بەیادی من لە تێک نانیان پێ ببەخشە
بە وان،
کە وا بۆینباخی سووریان بەستووە
ئەگەر نەکرا سووپاستکەم
چونکە خەوم لێکەوتووە
بزانە ئەوە هەوڵ ئەدەم
بەو لێوانەی کە بوونە بەرد.

٤

من لە بۆ جوانی مردم و چەندە شاز بووم
کاتێک لەناو گۆڕیان خستم
کەسێک کە بۆ ڕاستەقینە گیانی دابوو
لە هۆدەی ئەو لاوە ڕاکشا
پرسی: بۆ جوانەمەرگ بووی
وتم بۆ جوانی
وتی من بۆ ڕاستەقینە، ئەو دووانە هەر دووکیان یەکن و
ئێمەش براین.
ئەو کات وەکو ئەو خزمانەی
کە لە شەودا بەیەک ئەگەن
لەناو هۆدەکانمانەوە لەگەڵ یەک قسەمان ئەکرد
هەتا گیا لێومانی گرت و
تەواو، ناومانی داپۆشی.

٥

کاتێکم بۆ نەفرەت نەبوو
چونکە مەرگ بەربەستم بوو
تەمەنیش هێند درێژ نەبوو

هەواڵنامەی کتێب

تابتوانم
کۆتایی بە کینە بێنم.
بۆ عەشقیش دەرفەتێک نەبوو
بەڵام لەوەی ڕا کە دەبێ هەر شتێک بکرێ؟...
لەلام وابوو
کەرەنجی بچووکی عەشقێک
بۆ من بەسە.

٦

ئەی ساتەکەی پڕ لەشکۆ
هێدی بەوە
هەتاکو تێر تەماشات کەم.
ئێستا کە پاراویم دیوە
بێ تاقەتم بۆ تینوێتی.
ئەم بەیانە
ڕۆژێکی یەکجار گۆڕاوە
بۆ ئەو کەسەی
کە بەرەو سێدارەی ئەبەن




سەرچاوە: دیکنسوکن امیلی، خاموشی
نقطه ها، ترجمه سعید سعیدپور،
تهران: مروارید، 1379

هەواڵنامەی کتێب





# تاڵ وەکو زوڵفت





خەمی دوورییەک. موچرکەی ژانێ. ژانی نووسینێ. هەتاوی... هەتاوی چ بڵێم کە خاتوون خۆی هەتاوێکە و گیان دەبەخشێتە من و ئەم چیرۆکە. ئەو کچی باران و هەتاوو زەردەپەڕە. زەردەپەری چی و ماردەپەڕی چی. ئەو نەبوایە... ئەرێ ئەو نەبوایە چ دەبوو؟

پەری دەڵێ ئەو نەبوایە ڕەنگە تۆ نەتتوانیبا دەستت بەم چیرۆکە بکردبایە. خاتوون... من لەم چیرۆکەدا بەژنی تۆ دەبینم. بەگیانت هێشتا ئەم چیرۆکە سەرەتایە بەڵام تۆ بۆ ئەم چیرۆکە... ئەرێ ئەو بۆ ئەم چیرۆکە چی؟ ئەرێ بڵێم گیانە و ڕژاوەتە جەستەی ئەم چیرۆکە؟ ئەرێ بڵێم من خەریکم ئەم

چیرۆکە بۆ ئەو دەنووسم؟ ئەرێ ئەم چیرۆکە چیرۆکە؟

خاتوون ئێستا لە نهۆمی دووی ئاپارتماندا دانیشتووە و گوێی لە ئاهەنگێکی سلیندیۆن گرتووە. نیگای لە پرچی ئاڵۆزترە. من لە ژوورەکەی خۆم دانیشتووم و گوێم لە کاسێتێکی ماملێیە.

شەوە دونیا وەکو زولفت سیا پۆش

ئەرێ من دەتوانم بکەم دەردی دڵ فەرامۆش؟ بەگیانت دونیا بەو دەردانەوە خۆشە. ئەرێ تۆ دەزانی سیلندیۆن چ دەڵێ؟ ئەرێ خاتوون من لە زولفی سیای تۆدا هەموو دونیا دەبینم. پەری دەڵێ خەون بە دونیاوە نەبینم. ئەو دەڵێ تۆ لە نهۆمی دووی ئەو ئاپارتمانە جێت زۆر بەرزە خاتوون. ئەو دەڵێ. . . . ئەو هەرچی دەڵێ بە من چی ؟من بیر لە تۆ دەکەمەوەو ئەم کۆشکەش بە تۆوە خۆشە خاتوون. بە گیانت هەر ئەو ئێوارەی چوارشەممەیەی کە یەکمان دیت لەو کاتەوە من شەیدای تۆم. پەری دەڵێ بۆ هەموو ئێوارەکانت چوارشەممەن؟ ئەو دەڵێ شەیدا بۆ چیرۆکنووس نابێ. تۆ بڵێ من چی پێ بڵێم کە هەموو ئێوارەکانم چوارشەممەن و هەموو چوارشەممەیەک تۆ لە دایک دەبی و من ئێوارەی چوارشەممان شەیداترم لە هەموو ئێوارەکان. ئەرێ تۆ دەزانی ئەمڕۆ دەرسی کیمیامان بوو؟ ئەرێ خاتوون تۆ دەزانی دونیا بە کیمیاوە خۆشە؟

ئەمە خشتەی مەندەلیۆفە. بۆ یەکەم جار مەندەلیۆف کیمیازانی ڕووسی خشتەیەکی دانا بۆ ئەوەی توخمەکانی تێدا جێ بکاتەوە. ئەو هەموو توخمەکانی بە پێی دەرەجەی توخمی لەم خشتەیەدا جێ کردەوە.

ئەرێ خاتوون من چەندە حەزم دەکرد کە توخمێک بایەم لە توخمەکان و دەرەجەی توخمیەکەم بە قەد تۆ بایە. ئای ئەو کاتە لە ماڵێکدا جێمان دەبۆوە. ئەرێ خاتوون دوێنێ بابت بە تەلەفۆن پێی وتم کە بیر لە تۆ نەکەمەوە. ئەو دەیگوت کە دەرەجەی توخمی من و تۆ لە ئاستێکدا نییە.  بڕۆ پات بە قەد بەڕەی خۆت ڕاکێشە. تیکەیەک بگرە بۆ قورگت ببێ. کچی من بۆ تۆ نابێ. ئەو بە خەونی خۆیەوە دەژێ. سەدی وەک تۆش بۆ ئەوە نابن ئاو بەدەستیا بکەن. تۆ لە کوێ و ئەو لە کوێ.

من دەزانم ئەمانە قسەی تۆ نین. تۆ باوەڕت بە جەدوەلی مەندەلیۆف هەیە؟ئەرێ تۆ دەزانی...

ئەو توخمانەی کە دەرەجە توخمییەکانیان نزیک بە یەکن مەندەلیۆف لە لای یەکەوە

داینان.

تۆ لە نهۆمی دووی ئەم چیرۆکە ئەوت داناوە دەڵێی چێ؟نهۆمی دووهەمی ئەم کۆشکە لە کوێ و ئەو ژوورە شپرزەیەی تۆ لە کوێ؟

ئەرێ ئەوان ڕاست دەکەن ؟ئەرێ خۆ قسەکانی ئەوان وەک خشتەکەی مەندەلیۆف دەچێ.

ئەو ئێوارەی چوارشەممەیەم قەت لە بیر ناچێ. تۆ دایکمت بانگ کردو دایکم هات بانگی کردم دەرسی کیمیات پێ بڵێم. ئەرێ تۆ لە بیرت ماوە دەرسەکە لە سەر چ بوو خاتوون؟من کە ئەو ئێوارەیەم قەت لە بیر ناچێ. مەگەر دەتوانم لە بیرم بچێ؟

$H_2+Cl_2=2HCL$

نە من قەت ئەو ئێوارەیەم لە بیر ناچێ. من لە بیرم ناچێ کە چۆن یەکگرتنی دوو توخمی $H_2, Cl_2$ تورشییەکی لێ دەکەوتەوە. هەر ئەو ئێوارەیە دیتم کە باوکت چۆن ناوچاوی لێ تورش کردم. باوەڕکە خاتوون من هەر بیرم لای دەرسەکە بوو. باوەڕکە قەت بیرم لەوە نەدەکردەوە کە من و تۆ لە خشتەی مەندەلیۆفدا جێمان ببێتەوە. ئەو کاتەش خشتەی مەندەلیۆفم نەدەزانی. بۆ باسمان لە هیچ خشتەیەک کرد کە ئەو ناوچاوی لێ تورش کردم؟

ئەرێ تۆ قەت چیرۆک دەخوێنیتەوەپەری



دەڵێ چیرۆک بۆ کەس بە دیاری نەنێرم خاتوون. ئەو دەڵێ تۆ قەت لە چیرۆک ناگەی. وەک من چۆن لە خشتەی مەندەلیۆف. من گوێ لە قسەی ئەویش ناگرم. من ئەم خشتەیە تێک دەدەم. ئەرێ خەمی دونیا هەموو خشتەکانم پێ دەشکێنێ . ئەرێ قەیدی ناکا لێرەدا نوکتەیەکت بۆ دەگێڕمەوە خاتوون. دەڵێن ڕۆژێ قانیع لە شوێنێکەوە ڕەت دەبێ دەبینی کابرایەک بەدەم خشت پێژانەوە سەرو گوێی شیعرەکانی دەشکێنێ . ئەویش دەڕوا لە داخا هەموو خشتەکانی دەشکێنێ. دەزانم پێکەنینت نایە. بەڵام باوەڕ کە خشت شکاندن لە خشتە شکاندن خۆشترە.

ئەرێ پێم نەوتی چیتریشی وت خاتوون. ڕاوەستە و دان بە جەرگی خۆتدا بنە هەمووت پێ دەڵێم چیی وت. بەڵام ئەمانە لە گوێی منا پووشێکە. لەم گوێمەوە دێ و لەم گوێمەوە دەڕوا . من بەمانە کۆڵ نادەم. من ئێستەش دەمەوێ... ئەرێ خاتوون پێی وتم:

لەو گەڕێ چت دەوێ پێت دەدەم. ماشێنت بۆ دەکڕم. خۆم بە خەرجی خۆم دەتنێرمە زانکۆ. دایکیشت دەنێرم چاک بێتەوە. ئەرێ دایک زۆر ئازیزە خاتوون. بەڵام دەڵێ: "دوکتۆرەکان پێیان وتووم چاک نابمەوە. من تەمەنێکم بە دەستەوە نەماوە. پام لە لێواری گۆڕدایە. هەر دوێنێشەو باوکت خۆی لە خەودا بانگی کردم. ژینی خۆت بۆ من مەشێوێنە. من دەزانم ئەویش تۆی خۆش دەوێ. – ئەرێ خۆت پێت وتووە کە منت خۆش دەوێ. –گەر خۆت وتووتە سبەی نیوەڕۆ ئەو پەردەیە لادە با تاو بێتە ناو ژوورەکەوە. ئەرێ خاتوون! شتی تریشی وت. وتی کە ئەمڕۆ و سبەی شەکراو خواردنەوەتە. ڕاست ناکا، بڵێ ڕاست ناکا. بڵێ ویستوویە منت لە بیر ببا . ئەگەر ڕاست ناکا سبەی دووجار بە بەردەم پەنجەرەکەدا بێ و بچۆ. پێم بڵێ ئەو ڕاست ناکا. بڵێ کە ئەو خەریکە من و تۆ تێک کاتەوە.

پەری دەڵێ گەر ئەو لە نهۆمی دووهەمە نووسینی ئەم چیرۆکەش بێهوودەیە. بڵێ ڕاست ناکا و بۆ خۆت ئاگات لێیە کە چ دەکەم. من دەزانم تۆ ئێستە لەوێوە لەوەی لەم چیرۆکەدا دەنووسرێ ئاگاداری. من دەزانم. سبەی ئەم چیرۆکەت دەگاتە دەست . کە گەیشتە دەستت توخوا با هەر ئەو ئاهەنگەی سێلندیۆن لە سەر CDPLAYER مکە بێ. ئاخر باوەڕ کە خووم پێ گرتووە خاتوون. ماملێشم بۆیە خۆش دەوێ لە هەموو گۆرانییەکانیا تۆ دەبینم. بیر لە خۆکوژی ناکەمەوە. بەڵام من و ئەم چیرۆکە بە تۆوە زیندووین. سبەی ئەم چیرۆکەت لە گەڵ دیوانی قانیعدا بۆدەنێرم. خۆ شیعر دەخوێنیتەوە. لە بیرت نەچێ کە من ئەو دیوانە بۆ تۆ دەنێرم و ئەم چیرۆکەشم بۆ تۆ نووسیوە. بەڵام با کەس نەزانێ. . . ئا لە بیرم چوو پێت بڵێم سبەی ئیمتحانی کیمیامان هەیە.

چیرۆک

# ناسنامەیەکی جنراو

خەبات ڕەسوولی

هەواڵنامەی کتێب

من کە بە تەنیا دەبم بیرم دەبێتە بەچکە چۆلەکەیەکی ڕووتەڵە و هەر بە قنەقن لەو لک بۆ ئەو لک و لەو دار بۆ ئەو دار لەو بەرد بۆ ئەو بەرد باڵ لێ دەداو پاشان بە هانکە هانک لە جێگەیەک دادەنیشێ و چاو لە ئەسپی خەیاڵی کەڵە نووسەرەکان دەکات، کە بە پڕتاو و بە نەرمە غار بەلایدا تێدەپەڕن و لە نێو تەپ و تۆزی بن سمیاندا ون دەبێ.



ئەو شەو لە تەنیاییش وەرەز بووم و پێم خۆشە دەنگی مرۆڤێک ژوورەکەم ڕاچڵەکێنێ و قسەم بۆ بکات. گرینگ نییە باسی هێرشی ئەمریکا بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەکات یان

باسی بێ ئاوی و گرفتی کارەبا.

بەکەناڵەکانی تەلەفیزیۆنەکەدا دێم و دەچم و دەسووڕێمەوە. وێنەی فیلمی (ق. م) ڕام دەگرێ و بە تامەزرۆیی پازدە، بیست ساڵ لەوەپێشەوە چاو لە تەلەفیزیۆنەکە دەبڕم. دیسان دەیەوێ بچێ بۆ ئۆردووی (ڕ) و بەجێ ماوە.

بە دیتنی ئەو بەشە لەو فیلمە ڕێک دەچمەوە پۆلی پێنجەمی سەرەتایی قوتابخانەی (ش. م) لە (ب) و لە پشت مێزو کورسییەکی کۆنی ژەنگاوی چاو دەبڕمە تەختەڕەش و وزەی منداڵی تێمدا دەهەژێ و لە پڕ دەچمەسەر سەندەلیەکەو بەسەر مێزەکەدا دادێمەوە و بە پەلەپیتکە لە گوێچکەی هاوپۆلەکەی پێش خۆم دەدەم و باز دەدەمە خوارێ. ئەویش هەڵدەستێ و وەدوام دەکەوێ. تەنیا من نیم هەموویان هەر وان و تەپ و تۆزی هاروهاجییان پۆلی داپۆشیوە. موبسیری کلاس هەر زوو زوو لەسەر تەختەڕەشەکە نێوی منداڵەکان دەنووسێ.

چاوێک لە تەختەڕەشەکە دەکەم. لەلای ڕاست نووسراوە (ازخوب) و لە لای چەپ نووسراوە (ازبد). لای چپ خەریکە نێوی هەموو پۆلی تێدا دەنووسرێ و لای ڕاست لەبەتاڵیدا دەدرەوشێتەوە نێوی منیش نووسراوە. گوێی نادەمێ و هەروا وەک کاژیلەیەک هەڵبەز دابەزمە.

لە پڕ دەرگای ئاسنی پۆل دەکرێتەوە و ئاغای (عین) بە شیلانگێکی سوورەوە وەژوور دەکەوێ. کۆت و شارواڵێکی بۆری لەبەردایە و قەڵافەتی ڕەقڵ و درێژی بەری بە ڕووناکایی دەرکە گرتووە. هەمووان لە جێگەی خۆیاندا سڕدەبن. بە دەنگی جنێودانی ئاغای (عین) پۆل دەچێتە بێدەنگییەکی سامناکەوە. کڕی باڵ بەسەر پۆلدا دەگرێ. تیشکی خۆرەکە لە پشتە سەری دراوە و دەم و چاوی دیار نییە و لە جیات دەم و چاو خاڵێکی ڕەش دانراوە. کە دێتە ئەولاتر دەم و چاوە ڕەقەڵە و ڕیشنەکەی وەدیار دەکەوێ. چاو لە تەختە ڕەشەکە دەکات و نێوەکان بەڕق و تووڕەییەکی لەڕادەبەدەر دەخوێنێتەوە ئازای گیانم شل دەبێ و دەلەرزێ. من منداڵێکی پێلەرزۆک نیم، بەڵام دەزانم دوو دەقیقەی دیکە چیمان بەسەر دێ. ئاغای (عین) بێ دوودڵی شیلانگەکە بەسەر و گوێلاکمان دەناسێنێ و بەو پەڕی دڵ ئاواڵەیی و بەخشەندەیی تۆز تەکێنمان دەکات. بەری دەستم، شانم، سەرم، پشتم، جێگانەماوە خوری شۆڕنەکرێ و ماری سوور بە سەریدا گەزارەی نەکێشابێ و شوێنی بەجێ نەهێشتبێ. تەوێڵی لە ئارەقە هەڵکشاوە و دەڵێی لەشەڕی کوفاردایە و شیر لە

بەرامبەر دوژمنانی خودادا دەوشێنێ و شێرئاسا بۆتە پاڵەوانی بەجەربەزەی جیهادێکی تاکە کەسی. دەنگی هاوار هاوارمان دەگاتە حەوێقی ئاسمان و کەس بە فریامان ناکەوێ و لێدانێکی باش نۆش گیان دەکەین. پاش بیست دەقیقەیەک کە هەموو لە جێگەی خۆیان بوونەتە بەرد و ترس بە کورسییەکانیانەوەی دایکوتاون. ئاغای (عین) شیلانگەکە فڕێدەداتە سەر مێزی مامۆستا و فارسییەکی تێکەڵاو بە تورکی دەڵێ: من هاتبووم پێتان بڵێم ئەوەی پێی خۆشە هاوین بچێتە ئۆردووی (ڕ) سبەینێ سێسەد تمەن لەگەڵ ڕەزایەت نامەی باوکی بێنێ وبە منی بدات. وشەی ئۆردوو و سەفەرکردن لە مێشکمدا وەک بۆمب تەقییەوەو هەرچی تێهەڵدان و کوتان بوو لە بیرم چۆوە. شەوێ بوومە بنێشت و بە باوکمەوە نووسام کە دەبێ من بچمە ئۆردوو باوکم لەسەرەتادا گوتی: هەر بیریشی لێ مەکەوە. بەڵام کەڵکەڵەی سواربوونی ئوتووبووس و هاژەی سەیارەکانی جادە و دیتنی نەبینراوەکان لەوە بەهێزتربوون ئیزنی پاشەکشەم پێدەن و من سوورتر لە جاری یەکەم و دووەم وبیستەم پێداگریم لەسەر قسەکەم کرد. تا باوکم بە ناچاری ئیزنی دا لەسەر کاغەزێکی خەتدار نووسی من بە ڕۆیشتنی کوڕەکەم بۆ ئۆردووی (ڕ) ڕازیم و پاشان سێسەد تمەنی خستە بەری دەستم و گوتی: خودام لەو خودایە لە شارە عەجەمان ون بی.

من بە پێکەنینەوە: گوتم: ناهەر تەنیا من نیم، هەموو قوتابخانە دێن. سبەینێ بە هەزار ئەڵڵا وەڵڵا ئاغای (عین) م لە نێو ئاپۆرەی قوتابیانی ئامادەی سەفەردا وەگیرکەوت و نێوی لەسەر کاغەزەکەی نووسیم. ئیدی من لەو ڕۆژەوە تا ١٥ی مانگی یەکەمی هاوین، بە تامەزرۆیی چاوەڕێی ئەو ڕۆژە بووم و بە دەیان خەونم بە شەو و بەڕۆژ بە کاتە خۆشەکانیەوە بینی

تێبینی: پاش بیرکردنەوەیەکی زۆر لە دانانی پیت لە جێگەی نێو پەشیمان بوومەوە بۆیە لێرە بەدواوە ئەو پیتانە بەومانایە دێن.

١- (ق. م) = قازی مل درێژ

٢- (ڕ) = ڕووبار

٣- (ش. م) لە (ب) = شینە ملوانکە لەبەهاردا

٤- (عین) =عەلی یار

ڕۆژهات و شەوهات و ئاخری ١٥ی مانگی یەکەمی هاوین گەیشت ومن لە حەوتوویەک لەوەپێشەوە لەلایەن دایکمەوە بە ساکێک پڕ لە دەرزی و دەزوو، حەبی سەرێشەو ئیسهال و قاپ و کەوچک و کراسی بنەوە و سەرەوە پەتووی خەوتن و.... تا، پڕچەک کرابووم و

ساکێکی لە خۆم قورستر لە ڕۆژی ١٥ی مانگی یەکەمی هاویندا لە کاتژمێری ٧ی بەیانی چاوەڕوانی من بوو.

قورسی ساکەکە و دڵنیگەرانی، دایکمی تا بەر دەرکەی قوتابخانە هێنا و ئەویش وێڕای من و دەیان قوتابی دیکە لە پەنا دیواری قوتابخانە چاوڕێی پاسێک بوو کە قەت نەهات.

کاتژمێرەکە بەکاوەخۆ دەجووڵاوە و بێ ئوقرەیی سەفەر و نەهاتنی پاس و کەس و قوفڵی دەرکەی قوتابخانە ببوونە تێلایەک و سەروسەکتی ئێمەی دەکوتایەوە.

پاش زیاتر لە چەند کاتژمێر چاوەڕوانی بە لەشێکی ماندوو و دڵێکی پڕ لە گریان و چاوێکی تەژی لەفرمێسک، لۆژەلۆژ لە پەنا دایکمەوە بەرەو ماڵێ داگەڕامە خوارێ.

نیوەڕۆ پارووییەک نان لە گەرووم نەچووە خوارێ و لە داخان تا ئێوارە نووستم. ئێوارە تەلەفزیۆنەکەم هەڵ کرد. خراپترین فیلمێک کە لەوساتەدا دەمتوانی چاوم پێی بکەوێ، چیرۆکی سەفەر ی (ق.م) بۆ (ڕ) بوغزی لە گەرووما تەقاند و کوڵی گریان بووە باهۆز ومنی پووشکەی لەگەڵ خۆی وەک بابردەڵەیەکی سووک هەڵگرت و ئەسرین چاومی لە خۆیدا نووقم کرد و ڕوومەتی داپۆشیم.

بەڵێنم بە خۆم دا لە یەکەم ڕۆژی دەستپێکی قوتابخانە لەلای بەڕێوەبەری قوتابخانە شکایەت لە ئاغای (عین) بکەم و ئابڕووی بەرم. پاش دوو مانگ و نیو تێپەڕین بەسەر ئەو ڕووداوە کە لەوکاتەی تەمەنمدا پیم وا بوو کارەساتی واگەورە بەسەرکەسدا نەهاتووە و زوڵمی وا لە مێژوودا بێ وێنەیە. کە گەیشتمە بەردەمی بەڕێوەبەر و بەترس و شەرمێکەوە گوتم: ئاغای (عین) لە کوێیە؟ ئەویش گوتی: ئەو ساڵ لێرە نابێ ڕۆیشتەوە بۆ شاری خۆی من گوتم: ئەو قۆڵی ئێمەی بڕی. پووڵی لێ وەرگرتین و هەڵات ڕۆیشت.

بەڕێوەبەری قوتابخانەکەمان کە تا ئەو کاتە بەلاچاوێک چاوی لە من دەکرد و شیلەنگێکی لە پشت قوونی بە هەردوو دەست ڕاگرتبوو و چاوی لە هاتووچۆی قوتابیان دەکرد ڕووی تێکردم و بێ دەنگ تێیڕوانیم.

گوتم: ئاغا بۆ مامۆستای تورکمان بۆ دێنن؟ ئەوان ڕقیان لە ئێمەیە. بە گوتنی ئەو قسەیە ئیدی بەڕێوەبەر دەتگوت بەردم بە کەعبەدا داوە، هەڵچوو وبەکەیفی دڵی خۆی زللەیەکی لە بنا گوێم دا و گوتی: یەڵڵا لە پێش چاوم ونبە. ئەرکم بۆ دیاری دەکات.

تێبینی: نووسەر بەڵێنی دا لە جیاتی پیت، ناو دانێ بەڵام لە بیری چوو بۆیە داوای لێبوردن دەکات.

محەمەد سەدیق کەریم پوور

# ئەو نە ئەو

... وە نووسیبووت: "هەموو شتێک دەتوانێ لە دوو چاوەوە دەست پێ بکا. ئەرێ هەموو کەسێ دەتوانێ لە دوو چاوەوە بڕوانێتە دنیا. ئەرێ تۆش لە دوو چاوەوە دەستت پێ کرا. ئەرێ کە نووقابوو، با تۆش لای خۆت بڵێی، کە ئەوە من نەبووم، بەڵام لەم ژیانە داماوییەی کە تووشم بە تووشتەوە بوو تۆ لە گشت. کات و ساتەکانی ژیانمان بوویت. دەمزانی. دەمزانی بۆلای منیش نەبێ بۆ لای کوڕەکەمان دێیتەوە. هاتییەوە. ئەو شەوە کە مانگ چواردە بوو هاتی. تەقەت لە درگەکە کرد. من دەرگەکەم نەکردبووەوە. دەمزانی تۆی. تۆ هاتبوویتە ژوور. درگاکەم پێوە دابوو.، هاتبوویت و بەرگە سوورەکەت کە سەرتاپای داپۆشیبووی لە ژێر سێبەری دیوارەکەدا دەدرەوشاوە. هاتبوویت و مانگ خەرمانەی دابوو."

من؟ من چۆن پێت بڵێم؟! من هیچ حەزم لە بەرگی سوور



نییە. چۆن بۆت بنووسم؟!. تەنانەت قینم لە گۆرەوی سوورە. قەت سەرتاپا سوورم نەپۆشیوە. تۆ بۆت دەنووسیم، بۆ دەتنووسی؟: "هەموو هەوڵم ئەوە بوو تۆ وەبینم و لە شوێنێکی نادیارا لە هالاوی هەناسەکانت چێژ بەرم. لەو چوارچێوە تەسکە بێیتە دەرو بەیەکەوە ئێوارە ڕوو بکەینە سوورایی سەرووی کێوەکەی بەرانبەرمان و ئاخرین تیشکی هەتاو لە سەرووی سەرمانەوە تێپەڕێ و تۆ کوڕەکەمان لە باوشت توند بکەی و من بمهەوێ لێت بسێنم و تۆ نەمدەیتێ" بەو جۆرەی دەڵێی: "لە چوارچێوەیەکدا هەمیشە لە بەرامبەرمای."

من؟ لە ڕاستیدا بوونم نەبوو. بووم؟ نەم بوو، تۆ دەتویست ببم و نەبوون. تۆ دەتویست، بێم و نەبووم تا بێم، تۆ دەتویست بەرگی سوور بپۆشم نەبووم تا بیپۆشم، تۆ دەتویست، باوکی منداڵەکەت بم، من نەبووم تا باوکیەتی بکەم. من نەبووم تا تۆ ژنم بیت. من نەبووم تاهالاوی دەمم هەڵمژی. من نەبووم تا لەگەڵتا بچم بۆ ماڵی خوشکت و لەوێ فێری قسە بکرێیت، من نەبووم تا شەڕم پێ بکەی. من نەبووم تا لێت بەم و لەشت تووشی ئازار بێت. من نەبووم تا مانت لێ بگرم. من نەبووم تا بۆیەکانت تێکەڵ کەم. من نەبووم تا بوومەکانت هەڵقلیشێنم و ئەو ماڵەی وا تێیدا تەواوت کردبوو دارمێ، من نەبووم تا دیوارەکەت لە بۆنی من پڕبێ. من نەبووم تا خەو چاوە تەنراوەکانت نەگرێتە خۆ. تۆ هەر لەخۆوە منت دیبووەوە. هەر لەخۆوە منت سازاندبوو. تۆ زۆر ساویلکانە منت سازاند، تۆ دایک و باوکت بۆ دابین نەکردم، نەکا ببنە خەسوو و خەزوورت، تۆ ژنی من نەبووی تا ئەوان هیچی تۆ بن. تۆ دەتوانی هاوشارییەک یان هاونیشتمانییەک یان مرۆیەکی وەک من بی. تۆ زۆر خۆت لێ نزیک کردمەوە. تۆ تەنیا جارێکیش خۆت نیشان من نەداوە. بەو جۆرەی بۆت نووسیوم. تۆ نەتهێشتووە من ژیانی ساکاری خۆم بژیم. لەگەڵ منداڵەکانا کە تەواوت نەکردبوو، شەڕ بکەم، سەریان بشکێنم و لێم بەنەوە و بچمەوە بۆ ماڵ و... تۆ ماڵێکشت ساز نەکردبوو. تۆ قوژبنێکیشت بۆ تەرخان نەکردبووم خۆم بخزێنمە ئەوێ و کە گەورەبووم بیرم بێتەوە کە ئەو قوژبنە شوێنی ئۆقرەگرتنم بووە. تۆ تەنانەت خوشکێ برایەکت بۆ دانەنام تا لەگەڵیان قسە بکەم. تۆ تەنانەت پێت نەگوتم حەزم لە چییە و قینم لەچی هەڵدەستێ. ئەو منداڵەی وا لە من ئەچێ دێ تۆ ئەینێری کە ئەڵێ باوە ئەوە هێن دایەیە من قینم لێی هەڵدەستێ و لەبەر تۆ نا، نازانم بۆ دڵم نایە لێی بەم؟! بیکێشم بەدەمیا و با وەی هەرچیت فێرت کردووە لە

بیری وەچێ. تۆ هەر پێت خۆشە وەکێشی و بنووسی: "کە هاتبوویتە ژوور هەناسەکەت بۆ هەڵمشتنی من هەڵدەکێشرا تا وەحەسێم. پێم گوتی." بەکەوێی خوشکم ئەڵێم: "ئەها هاتووە. ئەها وەک مێردەکەت بەتۆزی سەر مێزەکە بیانوو ناگرێ تووڕە نابێت، لێم نایا. ئەها کاری بە بۆیەکانم نییە. ئەها بەبزەوە تەماشای بوومەکەم دەکا کە ژێر سازیم بۆ کردووە. ئەها پێم دەڵێ: پیکاسۆ لە کارەکانتا دەبینم. ئەها هاتووە و کوڕەکەی دەبا بۆ بازاڕ، ئەها گۆرەوییە سوورەکانی کوڕەکەم لە پێی دادەکەنێ. ئەها کوڕەکەمان ماچ ئەکا و ئەیخاتە سەر پشتی و بەماڵەکەیان دەیگەڕێنێ. ئەها بەبزەوە پێم دەڵێ: پیکاسۆ بیزانیایە تۆ ئاوا کار ئەکەی بەهۆی ڕێزێ کە بۆ تۆی هەیە، کاری نەئەکرد. مەگەر وانییە. ئەها با قسەکانی خۆتت بیر نەخەمەوە چونکو دەزانم هیچ شتێکت لە بیر ناچێ. ڕاستی! گوتبووت ئەچین سەرێکی شانەدەر ئەیەین. ڕاستی دوای ئەو شەوە چووی بۆ کوێ. ڕاستی با بیلێم کە گوتیان: شەوی چواردەی مانگ کوژراوی و شەلاڵی خوێن بووی باوەڕم نەکردبوو. دەیانویست باوەڕ بکەم ئەو قەبرەی وا دەمبەنە سەری جەستەی تۆی تیایە. ڕاستی دەبێ دەفتەرەکەمت بۆ بنێرم. ڕاستی کوڕەکەمانم ناوناوە یادگار. ڕاستی ئەگەر پێت خۆشە ناوەکەی ئەگۆڕم. ڕاستی چوونەکەمان بوو بەچی؟"

من؟ من کەی شتی وام گوتووە. من کەی پیکاسۆم ناو بردووە. من کەی هاتوومەتە دیوی تۆ تا بەبزەوە سەیری کاری تۆ بکەم. من کەی گوتوومە: گوتوومە؟ دەچینە شانەدەر و سەیری ماڵی مرۆی نیاندرتاڵ دەکەین؟ من کەی ئەسڵەن تۆم دیوە؟ دیومی، تا غەڵەتی وابکەم؟ من کەی ڕۆیشتووم؟ من کەی کوژراوم؟ من کەی منداڵم لە تۆ بووە؟. من سەرم ناوە بە بەدبەختییەکانی خۆمەوە. خۆم بە ئەو گۆشتە سووتاوەوە خەریک کردووە. تۆ منت بەوەوە خەریک کردووە، تۆ هەر لەخۆوە پەیابووی ئەویش هەر لە خۆوە شکی خستە سەر من. تۆ بزانە هەر لەخۆوە ئەو نەبوو بەژنم. هەر لەخۆوە ئەو هێشتی دڵەڕاوکەی تووش بێ. هەر لەخۆوە ئەو دڵی لێ پیس کردم. هەر لەخۆوە ئەو دەفتەرەکە و نامەکانی تۆی دۆزییەوە. هەر لەخۆوە ئەو بێ ئەوەی بزانێ من ئەو کەسە نیم، من باوکی منداڵی تۆ نیم، من تۆم نەهێناوە، من تەنیا کچێک و کوڕێکم هەیە. ئەو کوڕەی تۆ هی من نییە، من ئەوانم خۆش ئەوێ. هەر لە خۆوە بۆ ئەوەی پێم بڵێ من درۆم لەگەڵا کردووە، هەر لەخۆوە ئەو، ئەو وای زانیوە من خۆشم نەویستووە و، من کڵاوم سەرکردووە، ئەو بۆ ئەوەی منداڵەکان بەسەر منا

بەجێ بێڵی. بە بۆچوونی خۆی یا نازانم ئازارم بات. یا نازانم بەو کارەی بەخۆما بێمەوە. هەر لە خۆوە ئەو وای بیرکردبووەوە ئەو دەبوایە بیزانیایە من بێ ئەو هیچم. تۆ هەر لە خۆوە ئەو نامانەت بۆ من بەکوڕەکەتا دەنارد. دەبوایە بتزانیایە دەکرێ لە ناکاو هەموو شتێ تێک بچێ. لە ناکاو ئاژاوەم بۆ بنێیتەوە. لە ناکاو منداڵەکانم بۆ دایکیان بگرین. لە ناکاو بوومەلەرزەیەکی دە ڕیشتری بیا لە ژیانم و، لە ناکاو منداڵەکانم تا نزیکی هەتیو بوون بچن. لە ناکاو بۆنی سووتانی گۆشت لە دیوەکان ڕاپێچ بێ. لە ناکاو ژنەکەم بەسووتاوی لە بیمارستان بێ. لە ناکاو من ببم بە درۆزن.

دەمهەوێ ئەو دەفتەرەت ئەو نامانەت ئەو گشت قسە چەوتانەت ئەو گشت هۆی داماوییەم هەموویان کۆوەکەم بیانسووتێنم و لە مێشکمی وەسرِم. من دەبێ تۆ ببینم ئەم ڕستەیەم چەنە گەورە بۆ نووسی ئەوەندەشم لە کوڕەکەت دووپات کردەوە.

نەئەبوایە بهاتیایە نا، ئەبوایە تۆم لەگەڵ ژنەکەم بەراورد کردایە، نەئەبوایە ئەو تابلۆیەم لێ وەرگرتیایە ئەبوایە بمزانیایە تۆ لەگەڵ منا ناسیاو نیت ،ئەبوایە بمزانیایە هەڵچوون و داچوونی مانگ تۆش دادەگرێ ئەبوایە ژنەکەشم بیزانیایە ماڵ وێران بووی ئەبوایە بیزانیایە.

ژنەکەم کە لە بیمارستان هێناوە، دەم و چاوێکی باند پێچی سپی بوو. دەبوایە موو بەسەریەوە نەمابایە. لەشی دەبوایە وەک خاڵۆژنمی لێ بهاتایە ئێستاش هەر خۆشم ئەوێ با بە منداڵیش لە خاڵۆژنم بترسامە کە شلووقیم بکردایە با بیانگوتایە: "ئەوە بانگی خاڵۆژن ئەکەین" و من بچوومایە ئەو قوژبنەی کە ئۆقرەم تیا ئەگرت. من کە چووبووم بۆ حەمام لەوێ لەشی خاڵۆژنم دیبوو کە گۆشتی سووری پێوە بەر بووبووەوە هەمیشە بەترسەوە دەچووم بۆ حەمام دەترسام خاڵۆژنم لەوێ بێ قینم لە حەمامی ژنان بوو لەوێ دەترسام. باش بوو خاڵۆژنم و دایکم شەڕیان بوو. وابزانم هەر لەبەر دوعاکانی من شەڕیان بوو. ئەو داماوە چووبووە لای هەر دکتۆرێ عەلاجی نەبووبوو. تۆ ئەمانە نازانی نەمهێشتووە کەسیش بزانێ. ئەویش ئاگاداری ئەمانە نییە. ئەسڵەن خاڵۆژنیشی نەدیوە. نەشی زانیوە خاڵۆژن کە مناڵەکەی مرد ئەویش سکی دا، یان بەهۆی برینەکانی کە ئەو شیمیاییە لەسەر لەشی جێی بۆ کردبوو، مرد. بۆ ئەبێ ئەو ئەمانە بزانێ. ڕەنگە زانیبێتی، بۆیە گڕی لە خۆی بەرداوە یا نا دووعاکانی تۆ گیرابووبێ.

من دەبوایە تۆم بکێشایەوە من دەبوایە تۆم بدیایە. من دەبوایە بمزانیایە کە تۆ کێیت، دەبوایە بمویستایە کە لە شوێنێکا بتبینم و حەقی خۆمت لێ وەکەم. کە هاتی تەنیا توانیم پێت بڵێم زوو برۆ، با بەیەکەوە نەمانبینن. تابلۆکەت لە لەپی دەستما جێ هێشتبوو. دەبوایە نەمهێشتایە تۆ هیچ بڵێیت ئەگەر شتێکت بگوتایە دەبوایە بمگوتایا، کە وایە. هەموو شتێک وایە، تۆ ڕاست ئەکەی. من تۆم دیوە، ئەها چاوم لە چاوت بڕیوە ئەتوانم حاڵەتەکەشی بگۆڕم. لەگەڵتا ژیاوم ئەها دەست بەناوچەوانتا دێنم. ئێستاش تابلۆکەتم پێیە. ئەها لەملای سێپایەکەی تۆوە بەرامبەرت دایدەنێم. دەزانم ئەو منی حەوت ساڵ لەمەوبەرە، ئەها پێشە سەرم نەڕۆییوە. تۆش هێن دە ساڵ لەمەوبەری ئەها لە کارگەی نەقاشی هەرچیم دەکرد نەئەهاتیتە بەرچاوە و نەمئەتوانی بتکێشم. ئەم کارەت هیچ لە کارەکانی پیکاسۆ ناچێ. ئەها هێنەکەی منیش چاکم بۆ نووسی:

"باش بزانە تۆ ڕاست ئەکەی. بەڵام باش بزانە من ژنێک و دوو منداڵم هەیە. باش بزانە من بێجگە ئەو ڕۆژە قەت تۆم نەدیوە."

من. من لێرەیا درۆم کرد، پاشان درۆکەم ڕاست کردەوە و نووسیم "باش بزانە تەنیا تۆ لە خەون و خەیاڵەکانی منداڵیما نا لاوێتیما بوونت هەبووە، باش بزانە حەوت هەشت ساڵ بەدواتا گەڕام، باش بزانە لەمەڕ مێردەکەتەوە لێکۆڵینەوەم کردووە. باش بزانە کۆمەڵێ وێنەیم لایە. ئەوەش ئەزانی کە هیچ لە من ناچێ. بۆ ڕاستی وێنەیەکیت بۆ دەنێرم "ئەزانم ئێستا جێگەی سووتاوی ژنەکەم ئەکزێتەوە و نازانم خۆت ئەسووتێنی ناتوانی مەگین من بتسووتێنم ڕەنگە ئەو خۆی بسووتێنێ! تۆش تووشت بەتووشمەوە نابێ ئیتر. ئیتر هەموو شتێک دەتوانێ لە دوو چاوەوە دەست پێ نەکا هەموو کەسێ دەتوانێ لە دوو چاوەوە نەڕوانێتە دنیا، تۆش لە دوو چاوەوە هەستم پێ ناکەی کە نووقابێ وایە؟ وایە ....

**خوێندنەوەیەک بۆ چیرۆکی «ئەو نە ئەو»**

عەبدولخالق یەعقووبی

ئەو چیرۆکەی خاوەنی نرخ و بەهای ئەدەبی بێت، تەنیا بەنیشاندانی هەندێ مرۆڤ لە نێو جەرگەی چەند ڕووداو و بەسەرهاتێکی تایبەتدا ڕازی نابێ، بەڵکو هەوڵ دەدات سەرنجی خوێنەر بۆ لای ئەو تایبەتمەندییانەی کەسایەتییەکانی ڕابکێشێ کە پێکهێنەر و خولقێنەری ئەو ڕووداو و بەسەرهاتانەن. لە داستانێکی هونەریی

سەرکەوتوودا چیرۆکنووس تەنیا بەدوای ئەوەدا نییە کە پێمان بڵێ «چی ڕووی دا؟» یان بۆمان ڕوون بکاتەوە «بۆچی ئەمە ڕووی دا؟» چیرۆکنووسی داهێنەر دەخوازێ خوێنەرەکانی تا ئەو ئاستە لە کەسایەتییەکانی بگەیەنێ کە ئەو خوێنەرانە خۆیان ڕەوتی ڕووداوەکانی چیرۆک هەڵسەنگێنن و لە ڕەگوڕیشەی بەسەرهاتەکانی بکۆڵنەوە و لە هانە و هەڵسوکەوتی کەسایەتییەکان ورد ببنەوە و سەرجەم ژێرخانی ماناناسی و جوانی ناسی چیرۆکەکە تاوتوێ بکەن. دیارە بۆ ئەم مەبەستە چیرۆکنووس دەبێ خاوەنی گەلاڵەیەکی داستانی بێت و ئەم گەلاڵەیەش لە بەرهەمێکی ئەدەبی لە چەشنی چیرۆکدا بەهەڵکەوت و ڕێکەوت دابین ناکرێ بەڵکو پێویستی بەدەستە بژێرکردن و ڕێکخستن و سەرلەنوێ چێکردنەوەی ئەزموونی داستاننووس هەیە.

کەواتە چیرۆک بریتییە لە گێڕانەوەیەکی خەیاڵکرد، بەڵام کەم وزۆر شایانی باوەڕپێکردن کە تێکەڵ بەهەوێنی هەقیقەتە و لە هەمان کاتدا گۆڕانکارییەکانی پێوەندیگەلی ئینسانی وێنا دەکات. چیرۆک بە واتای بەدەستەوەدانی پەیامێکی ئەخلاقی یان غەیرە ئەخلاقی نییە، چیرۆک واتە خستنە بەرچاوی دۆزینەوەیەک لە بواری بووندا، هەقیقەتێک لە بەستێنی ژیاندا. ئەو بابەتانەی چیرۆک باسیان دەکات لە نێو دۆخی ئەزموون و کردەوەی مرۆڤدا مانایەکی نوێ پەیدا دەکەن و جیهانێکی نوێش دەخوڵقێنن. بەزمانێکی سادە ئەگەر سەیری و سەمەرەییەکیش لە چیرۆکدا هەبێت ئەوە ئی بابەتی شاراوەی نێو داستان نییە، بەڵکو ئی شێوازی گێڕانەوەی ئەو چیرۆکەیە.

بەوتەی فرانک ئۆکۆنور: «ڕووداو خۆی هەمیشە بوونی هەیە، ئەوەی ڕووداو نییەتی نووسەرەکەیەتی.» لێرەدایە کە پرسی: «بەداستانی کردنی دۆخە بەرهەستەکانی مرۆڤ» دەبێتە بابەتێکی گرینگ و گران بۆ چیرۆکنووس. چیرۆکنووس چی دەکات کە دۆخێکی ئاسایی ژیانی مرۆڤ تێکەڵ بەجەوهەری داستانیی داستانەکەی دەکات و واقیعی ژیان دەکاتە واقیعی داستان؟ چیرۆکنووس بەهونەری خۆی چۆن دەگاتە ئەو ئاستەی کە لە ڕێگای داستانەوە ناسینی واقیعمان بۆ ساناتر و چێژبەخشتر دەکات؟



کتێبخانەی ...

ئەگەر لە دەلاقەی خوێندنەوەیەکی بوتیقاییيەوە لە چیرۆکی «ئەو نە ئەو»ی محەمەد سدیق کەریم پوور بڕوانین ڕەنگە تاڕادەیەک بەوەڵامی پرسیارەکانی گۆڕین بگەین. لەم چیرۆکەدا کێشەی خۆشەویستییەکی کۆنی نێوان پیاو و ژنێک لە ڕێگای گێڕانەوەی چیرۆکەکەوە دەبووژێتەوە. دیارە ئەم کێشەیە لە ژیانی ئاساییماندا سەدان جار دووپات بووەتەوە و دەبێت و لەوانەیە زۆر یەک لە خوێنەرانی ئەم چیرۆکەش ژیانی ئەم ئەزموونەیان تاقی کردبێتەوە، بەڵام ئەو سنوورەی ئەم چیرۆکە لە ئەزموونی تاکە کەسی ژیانی ئاسایی جیا دەکاتەوە زەقکردنەوەی ململانێ دوو تێڕوانینە بۆ ئەم کێشە کۆنەی خۆشەویستی: تێڕوانینی پیاوەکە و تێڕوانینی ژنەکە. لەم چیرۆکەدا ڕووبەڕووبوونەوەی نێوان ئەم دوو تێڕوانینە دواجار ململانێی نێوان خەون و خولیاکانی دوو مرۆڤمان بۆ ڕوون دەکاتەوە: پیاوەکە، ئەو مرۆڤەی کە ناخوازێ لەسەر دەستی یادی ڕابردووی عیشقێکی دێرین بناغەی ماڵی ژیانی هەنووکەی برمێنێ، ژنەکە ئەو مرۆڤەی کە دەیەوێ لە پشکۆی بیرەوەریی عیشقی بەسەرچوو بەڵام نەمردووی جارانی ئاگری پێوەندییەکی نوێ هەڵاییسێنێ.

چیرۆکنووس بۆ ئەوەی ئەم ململانێیە لە دوو توێی گێڕانەوەیەکی تاک هێڵی و بێ گرێوگۆڵدا نەخاتە بەردەست و تاو و تەئسیری جوانی ناسانەی چیرۆکەکەی بەچەندین ڕەهەندی پڕ پێچ وپەنای تەکنیکیدا تێپەڕێنێ و خوێنەر لە چێکردنی ماناگەلی ڕووداوەکاندا بەشدار و خاوەن هەڵوێست بکات ئاخافتنی ژنەکە دەخاتە سەرزاری ئەو نامانەی کە بۆ پیاوەکە نووسیونی و پەیڤینی پیاوەکەش لەو شوێنانە دەردەخات کە بەشێوەیەک دژ کردەوەیەک (واکنش) بەو قسانە دێننە ئەژمار:

تۆ بۆت دەنووسیم و بۆ دەتنووسی؟: «هەموو هەوڵم ئەوە بوو تۆ وەبینم و لە شوێنێکی نادیارا لە هەڵاوی هەناسەکانت چێژ بەرم ...»

من؟ من لە ڕاستیدا بوونم نەبوو. بووم؟ نەبووم، تۆ دەتویست ببم و نەبووم. تۆ دەتویست، بێم و نەبووم تا بێم. ...

خاڵی سەرنج ڕاکێش ئەوەیە کە پاشماوەی ڕووداوەکانی نێوان ئەم دوو کەسایەتییەکە وەک ئاماژەی پێ دەکرێ «لە دوو چاوەوە دەستی پێکرا».

لە هەناوی ئەم ململانێیانەوە وەدەردەکەون و بێ ئەوەی چیرۆکنووس ڕاستەوخۆ

بمانگوازێتەوە بۆ ڕابردوو و ڕووداوەکانی ئەو کاتەمان پێ نیشان بدات لە دوو توێی ئەم گێڕانەوانەدا بۆمان ڕوون دەکاتەوە. بۆ نموونە ڕووداوی گرینگی خۆسووتاندنی ژنی وەرگێڕ دوای پێزانینی بەکێشەی خۆشەویستی نێوان وەرگێڕ (من) و کۆنە گراوییەکەی (تۆ) لەم چەشنەیە، بەڵام ئەو ڕوونکردنەوەیە خۆی بەشێوەیەکی لە کتوپڕ و بێ زەمینە نییە و نووسەر لە چەشنی لەتەکانی پازێلێک هەر جارە و ئاماژە بەسەرەداوێکی ئەم مەسەلەیە دەکات:

قۆناغی ١- من کەی منداڵم لە تۆ بووە؟ من سەرم ناوە بە بەدبەختییەکانی خۆمەوە. خۆم بە ئەو گۆشتە سووتاوەوە خەریک کردووە. تۆ منت بەوەوە خەریک کردووە.

قۆناغی ٢- لە ناکاوا منداڵەکانم تا نزیکی هەتیو بوون بچن. لە ناکاوا بۆنی سووتانی گۆشت لە دیوەکان ڕاپێچ بێ. لە ناکاوا ژنەکەم بەسووتاوی لە بیمارستان بێت.

قۆناغی ٣- ژنەکەم لە بیمارستان هێناوە دەم و چاوێکی باندپێچی سپی بوو. دەبوایە موو بەسەرییەوە نەمابایە، لەشی دەبوایە وەک خاڵۆژنمی لێ بهاتایە.

قۆناغی ٤- ئەزانم ئێستا جێگەی سووتاوی ژنەکەم ئەکزێتەوە و نازانم تۆش خۆت ئەسووتێنی، ناتوانی مەگین من بتسووتێنم.

ئەم مەنتقە، واتە گێڕانەوەی شێوە پازێلی، سەرلەبەری تان و پۆی چیرۆکەکە دەگرێتەوە و ئەم حاڵەتەش لەگەڵ خودی بابەتی چیرۆکەکە کە هەڵگری تەمومژە وەهەقیقەتی ڕووت ناشێ بەتەواوی و ڕێک وڕاست لای یەکێک لەو دوولایەنە بێت، یەکدەگرێتەوە. ئەم تەمومژە لە هەندێ شوێن تەنانەت دەبێتە دژوازیی نێوان دوو کەسایەتییە سەرەکییەکە:

(ژنەکە): «هاتبوویت و بەرگە سوورەکەت لە سەرتاپای داپۆشیبووی لە ژێر سێبەری دیوارەکەدا دەدرەوشایەوە....»

(پیاوەکە): «من؟ من چۆن پێت بڵێم؟! من هیچ حەزم لە بەرگی سوور نییە. چۆن بۆت بنووسم؟! تەنانەت قینم لە گۆرەوی سوورە».

یان دەبێتەجۆرێک لە گومان لەسەر ڕاستی و ناڕاستی گێڕانەوە:

«باش بزانە کە تۆ ڕاست ئەکەی. بەڵام باش بزانە من ژنێک و دوو منداڵم هەیە.

باش بزانە من بێجگە ئەو ڕۆژە قەت تۆم نەدیوە.»
من. من لێرەیا درۆم کرد. پاشان درۆکەم ڕاست کردەوە و نووسیم: «باش بزانە تەنیا تۆ لە خەون و خەیاڵەکانی مناڵیما نا لاویتیما بوونت هەبووە.»
ئەم تەمومژ و گومانانە وامان لێ دەکات کە ئەم پرسیارە ڕووبەڕووی خۆمان وەک خوێنەر بکەینەوە کە ئەم وەرگێڕە تا چ ئاست و ئەندازەیەک ئەو شتەی کە دەربارەی خۆی و کەسی بەرامبەری دەیگێڕێتەوە جێگای باوەڕە؟ ئەم وەرگێڕە بەجۆرێک لە خۆی و ژنەکەی بەرامبەری و ژنە سووتاوەکەی خۆی دەدوێت کە لە ڕاستیدا لە شێوەی تەفسیر و تەعبیری ئەو بۆ ڕووداوەکان و کەسەکانی دەوروبەری دڕدۆنگ دەبین و ناچارین بڵێین لەم چیرۆکەدا وەگێڕێک ئەرکی گێڕانەوەی لە ئەستۆیە کە زۆر شایانی متمانە پێ کردن نییە. ئەم قسەیە تەنانەت بۆ ژنەکەش وەڕاست دەگەڕێ ئەو کاتەی باسی کوژرانی پیاوەکە دەکات و پاشان پیاوەکە حاشا لەم بۆچوونەی دەکات:
(ژنەکە): «... ڕاستی بابیلێم کە گوتیان: شەوی چواردەی مانگ کوژراوی و شەلاڵی خوێن بووی باوەڕم نەکردبوو.»
(پیاوەکە) : «... من کەی ڕۆیشتووم؟ من کەی کوژراوم؟ ...»
بەکورتی لەم چیرۆکەدا گێڕانەوە لەسەر هێڵێکی مارپێچ دەڕواتە پێشێ و هیچ کام لە لایەنەکانی گێڕانەوە بەتەواوی جێی متمانە نین و پڕ پێچوپەنایی و پڕ ڕاز و ڕەمزیی ئەم پێوەندییە کۆنە لە نێو پێکهاتەی چیرۆکەکەشدا ڕەنگی داوەتەوە. دیارە چیرۆکنووس لەم داستانەدا گێڕانەوەی چەشنی شەپۆلێک بەدەستەوە داوە کە ئەم ساتە لە بەرزاییدایە و ساتێکی تر لە نزمایی، یان وێنەی هەورێک کە هەر ئانێک شکڵێک وەخۆ دەگرێ.
ئەوە خوێنەرە کە لە کارلێک و ئاوێتەبوونی سەرلەبەری ڕەگەزەکانی چیرۆک بەڕاڤەی تایبەت بەخۆی دەگات و چیرۆک لە بۆتەی تێڕوانینی خۆیدا قاڵ دەکاتەوە و جیهانێکی نوێی لێ بەرهەم دێنێ.

هەوارتی



بەکر دەروێش

# ڕەخنە...
## لە چیرۆکی یادەوەرییەکانی کۆلانێکی خاپوورکراودا، ترس لە نوێبوونەوە، ترسە لە مۆدێرنێتە

هەواڵنامەی کتێب

ترس لە نویێ بوونەوە ترسە لە مۆدێرنێتە، بۆیە هاتنی بەهاری تازەگەری بۆ نێو پایزی کاڵی ژیانمان نابێ پەست وقەڵسمان کات،، نابێ بەبینینی خانووی تازە و شەقامی قیرتاوکراو و ئەپارتمانی چەند نهۆمی پەست ودڵتەنگ بین، تازە لە نێو دنیایەکی پڕ لەهاڕوهوڕی سەیارە و تەقەی مەکینە و گرمەی تەیارەدا، گەڕان بۆ دنیای مناڵی و یادەوەری جاران و ژیانی سەرەتایی کارێکی پڕ لە عەبەسییەتە و گەواهی و ئاماژەیە بۆ پاشخانی ئەقڵێکی فیودالی کە دەیەوێ بۆ هەتاهەتا لە چوارچێوەی چەند خانوویەکی قوڕدا



بژێ، دەیەوێ ئەو یادەوەرییانەی ئەو خوی پێیانەوە گرتووە بە ئەزەلی بمێننەوە، نوێ بوونەوە و تازەبوونەوە سونەتی ژیانەو حەتمیەتێکی مێژووییە و لەگەڵ سوڕانەوەی سروشتدا ڕوو دەدەن، ڕاگرتن و وەستانیان زەحمەتە، لە چیرۆکی یادەوەرییەکانی کۆڵانێکی خاپوورکراودا کەهەر خۆیشی ناونیشانی کۆمەڵە چیرۆکێکی چیرۆکنووس (سیامەند هادی )یەو ساڵی ٢٠٠٦یانەی قەڵەم بە چاپی گەیاندووە باس وخواسێکی لەم جۆرە وڕوژێندراوە، کەوا تازەبوونەوە و نوێ بوونەوە بوونەتە هۆی نیگەرانی و سەرسامبوونی کەسێک، بەو پێیەی گوایە ڕوخانی ئەو گەڕەکەی کەئەو منداڵی تێدا بەسەر بردووە لەلای بووەتە هۆی هەستکردن بە ڕوخان و لەناوچوونی یادەوەرییەکانی، سەرەتای ئەم چیرۆکە بەو دیمەنە دەست پێ دەکات کاتێک پاڵەوان دوای ماوەیەکی زۆر دەگەڕێتەوە گەڕەکە کۆنەکەی خۆیان ئەوەی کاتی خۆی بەهۆی دۆزینەوەی تەرمێک لەنزیک ماڵەکەیان باریان لێ کردووە، دەبینێ گەڕەکەکەیان وەک جاران نەماوە، تەواوی خانووە قوڕەکانی ڕوخاوە و لە جیاتی ئەوان ئەپارتمان و خانووی تازە دروستکراوە، شەقامی قیرتاوڕێژ لە جیاتی کۆڵانە قوڕەکان ڕۆنراوە، کاتێک ئەم هەموو گۆڕانکارییانە دەبینێت تووشی شۆک دەبێت و بە فلاشباک دەگەڕێتەوە بۆ ڕابردوو چەندان یادگارو یادەوەری جارانی ژیانی خۆی دێتەوە یاد کەپێوەندییان بەم کۆڵانەوە هەیە و ئەو لەو چرکەساتەدا بەسەریان دەکاتەوە ، بینینی ئەم دیمەنە تازانە غەمبارو نیگەرانی دەکات، واهەست دەکات تەواوی یادەوەرییەکانی بوون بە ژێر خاک وخۆڵی خانووە ڕوخاوەکانەوە لەگەڵ ڕوخانی ئەواندا یادەوەرییەکانی ئەمیش ڕوخاو وێران بوون، ئەمە تەوەری سەرەکی چیرۆکەکەیە و لەسەر ئەم بناغەیە دامەزراوەو کراوە بەچیرۆکێک، کەئێمە هەوڵ دەدەین بەپێی تێگەیشتنی خۆمان شیی کەینەوەو لەگەڵ پاڵەوان و چیرۆکنووسەکەدا بکەوینە گفتوگۆ.

**تەکنیک لەچیرۆکی یادەوەرییەکانی کۆڵانێکی خاپوورکراودا:**

ئەم چیرۆکە گێڕەرەوەیەکی فرەزان دەیگێڕێتەوە کەهەر خودی چیرۆکنووس خۆیەتی و هەموو شتێک دەربارەی پاڵەوان دەزانێ ، زۆربەی قسەکان لە باتی ئەو دەکات، لە گێڕانەوەی ڕووداوەکاندا پێشی کەوتووەو لە جێگای ئەو گوزارش و تەعبیر لە دیاردەکان ودیمەنەکان دەکات، ئەمەش وای کردووە کەوا چیرۆکنووس زیاتر بیروڕای خۆی و جیهانبینی خۆی پیشاندات لەوەی کەوا پاڵەوان گوزارشت لە دید و بۆچونەکانی بکات، لە جیاتی ئەوەی قسەکانی پشتگیری بن بۆ دید و بۆچوونەکانی پاڵەوان، بە پێچەوانەوە قسەکانی پاڵەوانی بۆ پشتگیری کردن لە بۆچوونەکانی خۆی بە کارهێناوە ، لە کۆی (

٢٩٠) دێڕ کە چیرۆکەکەیان لێ پێکهاتووە تەنیا (٧) دێڕی قسەی پاڵەوانەو (٢٠) دێڕی قسەی دایکێتی و( ٣٤) دێڕ قسەی باوکی پاڵەوانە، ئەویتری قسەی چیرۆکنووسە ، ئەمەش وای کردووە ڕۆڵی پاڵەوان لاوەکی بێت و زیاتر لە چوارچێوەی یادەوەریەکانی باوکییەوە بێتە نێو چیرۆکەکەوە کە ئەمەش دیسان گێڕەرەوە یان ڕاستر بڵێین چیرۆکنووسە فرەزانەکە ئامادەی دەکات بۆ ئەوەی بیربۆچوونەکانی خۆی پێ پتەوکات،، هەرچەند من پێم وایە هیچ شێوازو ستایلێکی نووسین کۆن نابێت و هەر چیرۆکێکیش شێوەی گێڕانەوەی خۆی لەگەڵ خۆیدایە ، وەلێ لەم چیرۆکەدا ئەگەر هاتبا پاڵەوان ڕاستەوخۆ بەڕاناوی کەسی یەکەمی تاک ( من) قسەی بکردبایە باشتر بوو، چونکە ئەوکات ئازادانەتر بیروڕاو بۆچوونەکانی خۆی دەخستەڕو، هەروەها ئەوکات تێبینی و سەرنجەکانی ڕاستگۆیانەتر دەبوون لەوەی کەوا چیرۆکنووسێکی فرەزان بێت ولەجیاتی ئەو قسەبکات، بەم حاڵەی ئێستا چیرۆکنووس تەوەری چیرۆکەکەی بەلایەکی تردا بردووەو وای پیشان داوە کەوا هاتنی پیشەسازی و تیکنۆلۆژیا بۆ نێو ژیان و قرەقەڵەباڵغ بوونی شارەکان و پیس بوونی ژینگە هۆکاری نیگەرانی پاڵەوانن، هەروەها دروستکردنی خانووی نوێ و ڕوخاندنی خانووە کۆنەکان و قیرتاوکردنی جادەکان بوونەتە هۆی خاپوورکردنی یادەوەریەکانمان و تووشی غەمۆکی و شڵەژانیان کردووین ، مرۆڤیان لەژیانێکی سەرەتاییەوە گواستووەتەوە بۆ نێو ژیانێکی ئاڵۆزو پڕ لەچەرمەسەری، لەگەڵ وێران بوون وخاپوور

**ئەگەر هاتبا پاڵەوان ڕاستەوخۆ بەڕاناوی کەسی یەکەمی تاک (من) قسەی بکردبایە باشتر بوو**

هەواڵنامەی کتێب

بوونی خانووە قوڕەکانیشدا هەموو یادەوەریەکانمان تیاچوون، کە بەپێی ئەم لێکدانەوەیە بێت بەشێک لە مێژوومانیش بەر ئەم خاپوور بوونە کەوتووە و لەگەڵیدا ڕۆیشتووە، بەڵام هەموو ئەمانەی کەباسمان کرد ڕێگای ئەوەمان لێناگرن کەوا لەم خوێندنەوەیەماندا لەڕوانگەیەکی ترەوە بڕوانینە شێوازی گێڕانەوەی چیرۆکەکەو لایەنە جوان وفەلسەفیەکانی هەڵسەنگێنین و قسەیان لەسەر بکەین، پێشم وایە شێوەی داڕشتنی چیرۆکەکەو گەشەسەندنی ڕوداوەکانی وایانکردووە چیرۆکنووس ئەم تەکنیکە بەکاربهێنێ، هەروەها لەم چیرۆکەدا تەکنیکی پردی شاراوە بەکارهاتووە لەزانستی بیناسازیدا ئەندازیاران بەم پردانە دەڵێن پردی شاراوە( جسور مخفیە) ئەمەش کاتێک بەکاردێت کە سەقفی بینایەکە پانوپۆڕ بێت، لەم حاڵەتەدا ئەندازیارن بۆ قایمکردن و پتەوکردنی خانووەکە هەڵدەستن بە دانانی کۆمەڵێ پردی شاراوە بۆ ئەوەی بەباشی میچەکە ڕاگرێ و قایمیکات، ئەم پردانە بەشێوەیەک دادەڕێژرێن بەچاوی ئاسایی نابینرێن، لەم چیرۆکەدا هەمان تەکنیک بەکارهاتووە بەڵام بەئاستێکی تردا ئەویش ئەوەیە کەئەم پردانە لەناخی تێکستەکەدا هێما بۆ ترس و دڵەڕاوکێی پاڵەوان دەکەن و ئەوە دەسەلمێنن کەوا پاڵەوان لە نوێ بوونەوە و تازەگەری دەترسێ، حەزناکات ڕەگی پاشماوەی ئەقڵی فیوداڵی ببچڕێت و تێکەڵی خەڵکێکی نەناس و تازە ڕوخسارو دەوڵەمەند ببێت، لەچیرۆکدا مەرج نییە هەموو شتێکی نهێنی و شاراوە کەبوونی هەبێت بە شێوەیەکی ئاگادارانەو بەدەستی ئەنقەست لەلایەن چیرۆکنووسەوە داڕێژرابێ و

**لە چیرۆکدا مەرج نییە هەموو شتێکی نهێنی و شاراوە کەبوونی هەبێت بە شێوەیەکی ئاگادارانەو بەدەستی ئەنقەست لەلایەن چیرۆکنووسەوە داڕێژرابێ**

خرابێتە نێو چیرۆکەکەوە، بەڵکو بۆی هەیە هەندێک لەو شتانە لەکۆنەستی چیرۆکنووسەوە لەکاتی نووسیندا بەهۆی وشەکانەوە بڕژێنە ناو دەقەکەوە وەک کۆمەڵێ دال ئاماژە بۆ کۆمەڵێ مەدلول بکەن کە خودی نووسەر نەک ئەوانەی نەویستووە لە نووسینەکەیدا بەڵکو دەقاودەق پێچەوانەکەی ویستووە ، بوونی ئەم پردە شاراوانە لەم چیرۆکەدا لێرەوە هاتووە، تێگەیشتن لە هێمای ئەم پردانە مەرج نییە لەلای هەموو خوێنەرێک وەک یەک بێت و هەموو کەسێک پەیان پێ ببات، بۆی هەیە خوێنەر لەکاتی خوێندنەوەی ئەم چیرۆکەدا بەو ئینتباعانە بخەڵەتێ و ڕازی بێت کە پاڵەوان لەسەر خۆی دەیدات بەدەستەوە، گوایە ئەو غەمۆکییەکەی بەهۆی ڕوخان و خاپووربوونی یادەوەریەکانییەوەو ئەو لەتازەگەری وهاتنی دنیای سەرمایەداری ناترسێ و پێشی خۆشە، ترس و نیگەران بوونی پاڵەوانی ئەم چیرۆکە کە پاڵەوانێکی بێ ناونیشان وبێ روخسارەو سیمای مرۆڤێکی ڕەهای هەیە، تەنیا لەبەر خاپوور بوونی خانووەکان و یادەوەریەکان و هاتنی ماڵی دەوڵەمەندو دروستکردنی ئەپارتمانە چەند نهۆمیەکاندا نییە، بەڵکو ئەمە ترسێکە ئەم تخوبانە هەموویان دەبەزێنێ و پێوەندی بە ئەقڵەوە هەیە زیاتر لەوەی پێوەندی بە بەسۆزو عاتیفەمانەوە هەبێت، ئەمە ترسە لە هاتنی تازەگەری و نوێبوونەوە ، ترسە لە تێکشکاندنی ئەقڵیەتی فوداڵی کۆمەڵگەی ئێمە ، ترسە لە تێکەڵبوون بە دنیای سەرمایەداری و تازەگەری ، ترسێکە لەناخی هەرتاکێک لە تاکەکانی ئێمەدا هەیە، ترسە لە پچڕانی ئەو ڕەگوڕیشەیەی کەهێشتا ئێمە دەبەستێت بە دنیای لادێ و ژیانی ئاوایی وئەقڵی خێڵەکیمانەوە، هاتنی کۆمەڵێک ماڵی دەوڵەمەند بۆ ئەو گەڕەکەو بنیاتنانی چەندین خانوی نوێ لەشوێن خانوە کۆنەکان لەلایەکەوەو دیار بوونی جێدەستی پرۆژە خزمەتگوزاریەکان لەلایەکی ترەوە، بەتەواوی سیمای شوێنەکەیان لەیادەوەری ئەودا کاڵکردبووەوە، ئایا نوێبوونەوە و باشکردنی ژیان کە داخوازی هەموو مرۆڤێکە ترس و نیگەرانی دەوێ؟ بۆ وەڵام دانەوەی ئەم پرسیارە ئێمە لە پەرەگرافەکانی داهاتودا بە کۆمەڵێ بەڵگە کەلەنێو خودی چیرۆکەکەدان دەیسەلمێنین کەوا هەست کردنی پاڵەوان بە نامۆ بوونێکی لەڕادەبەدەر تەنیا پێوەندی بە ڕوخان و خاپوور بوونی یادەوەریەکانییەوە نییە، بەڵکو ترسە لە هاتنی دنیای تازەگەری وسەرمایەداری بۆ نێو سیستەمی چەقبەستووی ژیانی فیوداڵی ئێمە.

### پاڵەوان لەم چیرۆکەدا کەسێکی ڕەهایە:

ئەم چیرۆکە هەروەک وتمان گێڕەرەوەیەکی فرەزان کە هەر خودی چیرۆکنووس خۆیەتی دەیگێڕێتەوە و هیچ زانیاریەکی پێویست لەسەر پاڵەوان نادات بەدەستەوە، ناوی چییە؟

تەمەنی چەندە؟ خەڵکی کوێیە؟ ئەوەی باسی دەکات چ شوێن وچ شارێکە؟ چ ساڵێک ئەم چیرۆکە ڕویداوە؟ هەموو ئەمانە بەبێ زانیاری ماونەتەوە، بۆ وەڵام دانەوەی ئەم پرسیارانە ئەوەی دەمێنێتەوە تەنیا مەزەنەو کەشوهەوای چیرۆکەکەیە، بۆیە ئێمە ناچار بۆبەدەست هێنانی زانیاری تەواو لەمبارەیەوە پەنادەبەینەبەر ئەم دووڕێگایە، وەکوپێشتریش تێبینیمان کرد چەمکی شوێن لەم چیرۆکەودا بێ ناوەو هەروا بەرەهایی و کراوەیی هاتووە، ئەمەش وای کردووە چەمکی کاتیش لەگەڵ ئەودا کراوەو ڕەها بێت ، چونکە زۆرجار چەمکی کات لەگەڵ شوێندا دەردەکەوێت و دەبێتە تێهەڵکێشێ، بۆیە بۆ دۆزینەوەی ئەم دووچەمکە هەمان ڕێگای مەزەنەو کەشوهەوای چیرۆکەکە دەگرینەبەرو دەڵێین چیرۆکەکە لەهەر زەمەنێکەوە دەستی پێکردبێت هێشتا بەردەوامەو تەواونەبووە ، بەپێی گریمانەی خوندنەوەکەمانیش بێت ئەوا ئەم چیرۆکە لەبەر ئەوەی بەزمانی کوردی نوسراوە هەردەبێ لەکوردستاندا ڕوی دابێت و ئەو شوێنەش کە تیایدا ڕویداوە یەکێکە لەشارەکانی کوردستان، بەپێی ئەم میکانیزمە ئەوە پاڵەوانیش کوردە، کاتەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ نێوەڕاستی سەدەی بیستی چەرخی ڕابردوو، ئەمەش بەپێی دەلالەتی ئەو کەرەستەو ئامێرانەی کە لەچیرۆکەکەدا بەکارهاتوون، کەئامێرگەلێکن دەمانبەنەوە بۆ ئەو سەردەمەی کەلە سەرەوە ئاماژەمان پێدا ، دەگەڕێینەوە سەر پاڵەوانی چیرۆکەکە، هەروەک وتمان کەسێکی بێناو نیشانەو بێ مەلامحە، هیچ خاڵێکی سەرنج ڕاکێشی ئەوتۆی پێوەدیار نییە، بەهیچ شێوەیەک زانیاری لەسەر خۆی نادات بەدەستەوەو هیچ دەربارەی خۆی ناڵێ، سەرەتای چیرۆکەکە لەوەو دەست پێدەکات کاتێک پاڵەوان پاش ماوەیەک دەگەڕێتەوە بۆ گەڕەکە کۆنەکەی خۆیان بینینی خانووی تازە و ڕوخانی خانووە کۆنەکان تووشی شۆک ونگەرانی، دەکەن چونکە وادەزانێ یادەوەریەکانی ئەمیش لەگەڵ وێران بوونی خانووەکاندا وێران بوون و ببون بەژێر خۆڵەوە ، لەسەرتاسەری چیرۆکەکەدا تەنیا دوو ناو هاتووە یەکێکیان ( مام حەسەنە) کەخەڵکی ئاواییە ئەوەکەشیان ناوی(مام سمایلە) و خەڵکی شارە، بێجگە لەم دووناوە ئیتر ناوی هیچ کەسێک وشوێنێک نەهاتوە، ئەمەش وای کردووە چیرۆکەکە بەکراوەی بمێنێتەوە ئینتمای بۆ هیچ شوێنێک نەبێت، ئەم بێ ئینتیمابوونە وای کردووە چیرۆکەکە ئەگەری ڕودانی لەهەموو شوێنێکدا هەبێت و وەک چیرۆکێکی کەونی تەماشا بکرێت، پاڵەوان کەسێکە دەرکەوتنی لە چیرۆکەکەدا سنوردارەو زۆرجار چیرۆکنووس پێش لەو قسەدەکات وتەعبیر لە هەڵچوونەکانی دەرونی دەکات، پاڵەوان ئەوکاتە بەدەردەکەوێ کەپاش چەند ساڵێک دەگەڕێتەوە بۆ گەڕەکە کۆنەکەی خۆیان ، دەبینێ هەمووی خاپوورو وێران بووە، لە

هەواڵنامەی کتێب

شوێنەکەیدا کۆمەڵێ خانووی تازە دروستکراوە، ئەو پردەش کە ئەمبەرو ئەوبەری گەڕەگەکەیانی بەیەکەوە دەبەستەوە ڕوخێنراوەو شیوەکەش پڕکراوەتەوەو لەجێگاکەیدا شەقامێکی گەورەی قیرتاوکراو دروستکراوە، ئەم نوێ بوونەوەیە تووشی شۆکی دەکات ونیگەران دەبێت، وای لێ دێت لەنێوان بنیاتنان وخاپوورکردندا هیچ جیاوازیەک نابینێ، چونکە بەڕوخانی ماڵە قوڕەکان هەست دەکات هەموو یادەوەریەکانی ئەمیش بوون بەژێر خاکو خۆڵەوەو لەگەڵیدا دەفن بوون، ئیتر لەو کاتە کورتەدا کە تەماشای ئەو دیمەنانانە دەکات کۆمەڵێ یادەوەری بەبیردا دێتەوە لەوانەش بەسەرهاتی ماڵی مام حەسەن و پاشانیش قسەکانی باوکی کە بەسەرهاتی گوندەکەی خۆیان و ماڵی مام سمایلی بۆ دەگێڕایەوە، کەوا چۆن ئەوانیش کاتی خۆی لەلادێ لەبەر دۆزینەوەی تەرمێکی نەناسراو لەنزیک ماڵەکەیان باریانکردووە بۆشارو بۆ ئەو گەڕەکەی کە لەوێش بەهۆی ڕوداوێکی هاوشێوەوە دیسان لەوێش باردەکەن، لێرەدا وردەکاری زیاتر هەیە، هەروەها بەراوردێک هەیە لەنێوان ئەو دوو سەردەمەدا واتە سەردەمی منداڵی پاڵەوان لەشارو باوکی لەئاوایی، ئەویش ئەو بەراوردەیە کە لەنێوان ماڵی مام حەسەن ومام سمایلدایە، وەکو وتمان ئێمە هەوڵدەدەین بەکۆمەڵێ بەڵگە کە لەنێو خودی چیرۆکەکەدا هەن بیسەلمێنین کەوا نیگەرانی و حەسرەتزەدە بوونی پاڵەوان لەبەر خاپوور بوونی یادەوەریەکانی نییە بەڵکو لەبەر هاتنی مۆدێرنێتەو تازەگەرییە بۆ نێو ژیانی هاوچەرخمان.

**بەڵگەکان:**

ئەو بەڵگانەی ئەوە دەسەلمێنن کەوا نێگەرانی پاڵەوان لەبەر ڕوخان و لەناو چوونی یادەوەریەکانی و هەرەس هێنانی هەستە خۆشەکانی سەردەمی منداڵی نین کە بریتین لەکۆمەڵێ یادەوەری لەوگەڕەکە خاپوور بووەدا، بەڵکو لەبەر ئەوەیە پاڵەوان حەز لە نوێ بوونەوە ناکات و کەیفی بەتازەگەری و مۆدێرنێتەدا نایەتەوە، بەبینینی ئەو هەموو خانووە تازەو جوانانە تووشی شۆکی تازەگەری دەبێت و سەری سوڕدەمێنێ و غەم وپەژارە دایدەگرێ ، بۆیە بەهاوکاری و چاوساغی چیرۆکنووس دەیەوەێ ئەم ترسە بشارێتەوەو وا خۆی پیشاندات کەوا نیگەرانی ئەو لەسەر نوێ بوونەوەو دروست بوونی خانووە تازەکان نییە، بەڵکو ئەو غەم بۆ لەدەستچوونی یادەوەرەیکانی تەمەنی ڕابردوویی دەخوات و هەست دەکات بە خاپوور بوونی خانووەکان ئێستا ئەمیش مرۆڤێکی بێ یادەوەری و بێ مێژووە، هەروەها دەیەوێ پێمان بڵێ کەوا هاتنی خەڵکانێکی دەوڵەمەندو سەرمایەدار و تەکنەلۆژیا سروشتیان لەوتاندووە، ژیان ئەو تامە سادەو ساکارەی جارانی نەماوەو تەنانەت جریوەی

چۆلەکەکانیش تامی جارانیان نەماوە، لە هەموو ئەمانەشدا چیرۆکنووسێکی فرەزان پێشی کەتووەو ڕینوێنی دەکات، بەڵام بە هەڵدانەوەی پەردە لەسەر ئەو هێڵە نهێنی و شاراوانەی پشت ڕوومەتی پاڵەوان کەهێما بۆ ئەوەدەکەن پاڵەوان لە هاتنی تازەگەری و نوێ بوونەوە دەترسێ ئەو ڕاستیەمان بۆ ئاشکرا دەبێت کە ترسی پاڵەوان ترسە لە ئەقڵ و بەرپرسیارییەتەکانی نەک ترس لەناوچوونی یادەوەریەکانی، ئەو هێمایانەی لەم چیرۆکەدا بەدەردەکەون ئاماژە بۆ کۆمەڵێ مەدلولی شاراوەدەکەن کەزیاتر دەورنی وئەنتۆلۆژین و تێکستی چیرۆکەکە وەک کۆمەڵێ پردی نهێنی لەخۆیدا شاردونیەتیەوە کە ئێمە لەکاتی قسەکردنمان لەسەر تەکنیک باسمان کرد.

بەڵگەی یەکەم: لەم چیرۆکەدا کۆمەڵێ چەمکی دەرونی و عاتفی بوونیان هەیەو دیارو ئاشکرا بەهەموولایەکدا پەلوپۆیان هاویشتووە، لەپاڵیانیشدا ململانێی نێوان کۆنەو تازە بەدی دەکرێت،ئەم چەمکانە پەیوەندی تووندو تۆڵیان بەهەست ونەستی پاڵەوانەوە هەیە،، ئەگەر ئەمانەش لەپشتی بیروهۆشی ئەوەوە نەبن چی وای لێدەکات لەتازەبوونەوە بترسێ؟ بەبینینی خانووە تازەکان بێتاقەت بێت؟ هەروەها نەبوونی هەستی پرسیار کردن لەلای پاڵەوان بەڵگەیەکی تری ئەوەیە کەپاڵەوان حەزی لەتازەبوونەوە نییە بۆیە دەڵێ( هەر بۆیە بەخێرایی گەیشتە ئەو بروایەی بیرۆکەی پرسیار لەمێشکی خۆی دەرکات و پرسیار لەهیچ کەسێک نەکات) هیچ تازەگەرییەک و هیچ

**لەم چیرۆکەدا کۆمەڵێ چەمکی دەرونی و عاتفی بوونیان هەیەو دیارو ئاشکرا بەهەموولایەکدا پەلوپۆیان هاویشتووە**

هەواڵنامەی کتێب

مەعریفەیەک بێ پرسیار نابێت، لەمەشدا چیرۆکنووسێکی فرەزان پشتیوانی پاڵەوان دەکاو وەک کەسێک کەئەویش بەهەمان هەقیقەت گەیشتبێت دەڵێ ( دەربارەی چی پرسیار بکات؟ هەمووشتێک بەڕوونی لەبەرچاوە ئەو گۆڕانکارییە گەورەیەی بەسیمای شوێنەکانەوە دیارە بەتەواوی وەڵامی پرسیارەکانیان لەنێو خۆیاندا هەڵگرتووە) یەکەم هەنگاوی تازەبوونەو مۆدێرن بوون بە پرسیار دەست پێدەکات ئەوانەش لەپرسیار دەترسن و پرسیار ناکەن حەزیان لەمەعریفەو زانست نییەو لەتازەگەری و ژیانی هاوچەرخی دەترسن، حەز لە ئەقڵ ناکەن چونکە ئەقڵ بەرپرسیارێتییە بەرانبەر بە خودی مرۆڤ و سروشت، ئەگینا تازەگەری و تازە بوونەوە ئەو حاڵەتەنین کەوا مرۆڤ لێیان پەست وغەمناک بێت .

بەڵگەی دووەم: ئەو حاڵەتەی پاڵەوانی ئەم چیرۆکە تووشی هاتووە باری ئاسایی تێدەپەڕێنێت و لەوەدەردەچێت کە هەندێ کەس بۆمانەوەی یادەوەریەکانیان کۆمەڵێ شتی کۆنە بەخۆیانەوە ڕادەگرن، وەک بۆنەیەک بۆ یادکردنەوەی ڕابردوو یان بۆ خۆپێوە هەڵکێشان، ئەوەی لێرەدا ڕوبەڕوی دەبینەوە لەدەرەوەی ئەم ئاستەدایەو ناچێتە خانەی پارێزگاری کردن لەیادەوەریەکان، چونکە سروشتی ئینسانی ئاسایی لەگەڵ حەزەکانی تریدا حەزی لەبەدەست هێنانی شتی تازەو باشە، ئەوەی پاڵەوانی ئەم چیرۆکە تووشی بووە ئاستی پێوەندییە سروشتییەکان دەبەزێنێ ودەچێتە خانەی حاڵەتێکی نائاساییەوە کە پێویستی بە ڕامان ولێوەستان هەیە، چونکە ئەم حاڵەتە پێوەندی بە پاشخان و ئاستی ڕۆشنبیری پاڵەوانەوە هەیە کە بەڕۆخانی پردە چکۆڵەکە ئاڵۆز دەبێت، کەدەکرێ بڵێین ئەوە پردی نێوان کۆنەو تازەیە، یان نێوان ئەقڵ وجەهلە، یان نێوان ڕۆژئاواو ڕۆژهەڵاتە (ڕوخانی پردە بچکۆڵەکەو پڕکردنەوەی ئەو شیوە دورودرێژەی ماڵەکانی گەڕەکی دەکرد بەدوو بەشەوە، هەموو گەڕانەوەیەکی بۆ شوێنەکانی ڕابردوو لەلا ئاڵۆزکردبوو، هاتنی کۆمەڵێک ماڵی دەوڵەمەند بۆ ئەو گەڕەکە و بنیاتنانی چەندین خانووی نوێ لە شوێن خانووە کۆنەکان لەلایەکی دیکەوە بەتەواوی سیمای شوێنەکانی لەیادەوەریەکانی ئەودا کاڵکردبووەوە) کەوابوو تەنیا ڕوخانی خانووەکۆنەکان و پردەکە پاڵەوانیان تووشی غەمۆکی و پەژارە نەکردووە، بەڵکو هاتنی ئەو ماڵە دەوڵەمەندانەش نیگەرانیان کردووە، ئەمەش ئەوە ئەسەلمێنێ کەوا پاڵەوان تەنیا لەبەر ڕووخانی خانووەکان و بەژێر بەردوودارەوە بوونی یادگارەکانییەوە نیگەران نەبووە، بەڵکو هاتنی ماڵە دەوڵەمەندەکانیش ئەمیان تووشی غەمۆکی کردووە، هاتنی دەوڵەمەندەکان یانی هاتنی سەروەت و سامان، واتە هاتنی برژوازییەت بۆ ولاتێک کەهێشتا ئەقڵییەتی فیودالی بەسەریدا زاڵە، لێرەوەیە پاڵەوان

کەهێشتا گەرای ئەقڵییەتی فیوداڵیزم لەمێشکیدایە، یادەوەریەکانی پڕن لەشێوازی ژیانی فیوداڵی و جوتیاری، هاتنی برژوازییەت و تازەگەری و مۆدێرنێتە پەستی کردووە بەڵام چیرۆکنووس کەچاوساغی پاڵەوانە دەیەوێ کۆمەکی بکا، تائەم ڕاستییە بەوە بشارێتەوە کەگوایە ئەولەتازەگەری ناترسێ و لەغەم و پەژارەی یادەوەریەکانیدایە، چونکە ئەوانە بەشێکن لەژیانی ڕابردوی و بەویادەوەریانە دڵی دەکرێتەوە.

بەڵگەی سێیەم: لەم چیرۆکەدا پاڵەوان وچیرۆکنووس دەیانەوێ گەمەو فێڵ لەخوێنەر بکەن ، بەڵام ئەم فێڵەیان بۆ ناچێتەسەرو ڕاستییەکان ئاشکرا دەبن، ئەوەتا پاڵەوان هیچ جیاوازییەک لەنێوان خاپوورکردن و بنیاتناندا نابینێتەوە (ئەگەر خاپوورکردن لەگەڵ خۆیدا ڕوانین و یادەوەریەکان زیندەبەچاڵ بکات ئەوا بەهەمانشێوە زۆرجار بنیاتنانیش هەمانکار بەئاکام دەگەیەنێ) باشە گریمان خاپوور بوون کارێکی خراپەو لەگەڵ خۆیدا ڕوانین و یادەوەریەکان زیندەبەچاڵ دەکات ئەی بنیاتنان چۆن؟ ئایا دەکرێ ژیان ڕاگرین وهیچ شتێک تازە نەکەینەوە نەوەک یادەوەریەکانمان زیندەبەچاڵ بن؟ ئەم بەیەکسانکردنەی بنیاتنان و خاپوورکردنە دیدێکی ڕەشبینانە دەخاتەڕوو بەو پێیەی ئاوەدانکردنەوەو نوێکردنەوە یەکسانن بەخاپووربوون، ئەمەش بەڵگەی ئەوەیە کەوا پاڵەوان چونکە خۆی حەزی لە تازەکردنەوە نییە دەیەوێ لەبەر چاوی خوێنەریشی ناشرین کات.

بەڵگەی چوارەم: بێجگە لەهەموو ئەمانەی کە باسمان کرد بوونی خوێن و خوێن ڕشتن و کوشت و کوشتار لە هەردوو حاڵەتەکەدا واتە هەم لە لادێ و هەم لە شاریش بەڵگەی ئەو ڕاستییە مێژووییەن کە دەیسەلمێنێ هەموو گۆڕانکارییەکی گەورە لە ژیاندا هاوشان بووە بەڕشتنی خوێن و کوشت و کوشتار، دەبینین پاڵەوان لەبەر دۆزینەوەی تەرمێک لە نزیکی ماڵەکەیان لەو گەڕەکە باردەکەن دەچنە گەڕەکێکی تر، کەوا بوو گواستنەوە لە قۆناغی فیوداڵێتەوە بۆ قۆناغی برژوازیەت کە دەوڵەمەندەکان و خانووە تازەکان ڕەمزی ئەمەی دواییانن، پێویستی بەقوربانیدان هەیە، ئەم قوربانیدانەش خۆی لە ( شۆڕش و خەباتکردندا دەبینێتەوە ) هەروەها تێپەڕاندنی قۆناغی بەرهەمهێنانی فیوداڵی و گەیشتن بە قۆناغی پیشەسازی پێویستی بەهەمان قوربانیدان وخوێن ڕشتن هەیە، هەر بەپێی دانپێدانانی خودی پاڵەوان کاتی خۆیشی ماڵی باوکی لەلادێوە لەبەر دۆزینەوەی تەرمێک لەنزیکی ماڵیان باریان کردووە بۆ شار ، ئەوەی شایانی سەرنج و وردبوونەوەیە ئەوەیە کەهەردوو حاڵەتی کوشتنەکە هەم لەلادێ و هەم لەشاریش لەشێوەدا زۆر لەیەکەوە نزیکن فەرق وجیاوازیەکی ئەوتۆیان لەنێواندا نییە ئەگەر چی لەئاڕاستەدا جیان وپێچەوانەی

یەکن ، هەروەکو لەم نەخشەیەی خوارەوەدا دەیبینین، کەوا بوو تێپەڕاندنی هەردوو قۆناغەکە وەک یەک پێویستیان بەهەمان قوربانیدان هەیە، کە لەشێوەدا لەیەک دەچن وگەواهی لەسەر یەک ڕاستیش دەدەن ، ئەویش ئەو ڕاستییەیە کەوا تێپەڕاندنی قۆناغە گەورەکانی ژیان پێویستی بە قوربانیدان هەبووەو هەیە، ئەمەش بەڵگەی ئەوەیە کەوا هاتن و بارکردنی باوکی پاڵەوان لەئاواییەوە بۆ شار ناچاری بوو بۆیە حەزی لەشار نییە.

کوژرانی کوڕێک لەشار – کوژرانی ژنێک لەلادێ

تەرمی کوڕێکی گەنج – تەرمی ژنێکی بەتەمەن

کراسی سپی و شەواڵی ڕەش – کراسی ڕەش وشەرواڵی سپی

پێلاوی ڕەش وگۆرەوی سپی – پێلاوی سپی وگۆرەوی ڕەش

تاکی چەپی پێلاوەکەی لەنزیک خۆیەوە کەوتووە – تاکی ڕاستی پێلاوەکەی لەلای خۆیەوە کەوتووە

،سەری بەلای ڕاستدا ئاوڕی داوەتەوە – لەسەر پشت فڕێدراوە سەری بەلای چەپدا ئاوڕی داوەتەوە

دەستی ڕاستی لەسەر دڵێ – دەستی چەپی خستووەتە سەر دڵێ

بەچەقۆ کوژراوە – خنکێنراوە

بەڵگەی پێنجەم: پاڵەوان بەبەردەوامی هەست بەوەدەکات کەوا دروستکردنی پەیوەندییەکان و گرێدانیان لەنێوان ئێستاو ڕابردوودا جارێکی تر کارێکی مەحاڵەو ئەویش بەهیچ شێوەیەک ناتوانێ ئەم پێوەندیانە پێکەوە ببەستێتەوە چونکە ئەم دووقۆناغەی ئێستاو ڕابردوو دووقۆناغی جیاوازن و زۆر لەیەکەوە دوورن، بۆیە دەڵێ( دوای ئەو ماوە کورتەی لەکۆڵانەکەدا بەسەربرد، گەیشتە ئەو بڕوایەی بەهیچ شێوەیەک ناتواتنێت ئەو پەیوەندییەی لەنێوان ئێستاو ڕابردوودا دروستبکاتەوە) ئەمەیان تەواو دروستە و بێگومان جارێکی تر نەپاڵەوان نە ئێمەش ناتوانین ئەو پێوەندیانە بەیەکەوە ببەستینەوەو دۆخی ئێستا بگەڕێنینەوە بۆ جاران، چونکە قۆناغی ئێستاو ڕابردوو زۆر لەیەکەوە دوورن و ژیانیش لە پێشکەوتنی بەردەوامدایەو بەری ڕەوڕەوەی بەهیچ کەسێک ناگیرێت، ئەوەشی بیەوێ بەری بگرێ تەنیا خۆی زەرەرمەند دەبێت و دوادەکەوێ .

بەڵگەی شەشەم: بەڵگەیەکی تر کە ئەوە دەسەلمێنێ نیگەرانی پاڵەوان تەنیا لەبەر بزربوونی یادەوەریەکانی نییە باوکییەتی، کەئەوییش ڕۆڵێکی زۆری لەچیرۆکەکەدا هەیەو هیچی لەپاڵەوان کەمتر نییە، ئەگەر زۆرتر نەبێت، بڕوانە باوکی پاڵەوان چۆن باسی

هەواڵنامەی کتێب

گوندەکەی خۆیان دەکات( ئەو گوندە لەسەردەمی ئێمەدا زۆرخۆش بوو بەڵام ئێستا گۆڕانکاری گەورە بەسەر سروشت و خەڵکەکەدا هاتووە) ئەم ڕاستیەش ئەوە دەگەیەنێ کەوا گۆڕانکارییەکانی ژیان و نوێ بوونەوە گەیشتووەتە گوندیش بۆیە باوکی پاڵەوان تووشی شڵەژانی فکری بووەو لەلایەکەوە حەزی لە گوندەکەی خۆیان نییەو لەلایەکی تریشەوە بیری دەکاو حەزی لێیەتی، ئەمەش وای لێدەکات لەگەڵ ئەوەی کەزۆربەی کات باسی کارەسات ونەهامەتی و برسێتی سەردەمی منالّی خۆی دەکا بەڵام بەهەموو شێوەیەک ئەو سەردەمەی لەلاخۆشتربێت و لەکۆتایی هەموو باسکردنێکی ڕابردوودا بڵێت ( جاران چۆن بوو، ئێستا چۆنە؟) هەروەها باوکی پاڵەوان هەست بەو گۆڕانکاریانە دەکات کەژیانی نوێ و سەرمایەداری لەگەڵ خۆیدا هێناویەتی و تووشی دڵەڕاوکێ و نیگەرانی کردووە، لێرەدا دەپرسین ئاخۆ ئەم شل بوونی پێوەندیە کۆمەڵایەتیانە هیچ پێوەندییەکیان بەیادەوەریەکانەوە هەیە؟ بێگومان نەخێر ئەوەتا باوکی پاڵەوان هەست بەمەترسی ژیانی تازەکات و حەزی لێ ناکات، حەزی بەژیانی ئاوایی و لادێیە، بەڵام مانەوەی ئەم حاڵەتە بەدەستی ئەو نییەو تاسەر بۆی نامێنێتەوەو دەگۆڕێ ، بۆیە هەموو جارێک لەکۆتایی قسەکانیدا ئەوە دووپات دەکاتەوەو دەڵێ: ئەگەر کوشتنی ئەو ژنە نەبووایە کەتەرمەکەیان لەنزیک ماڵی ئێمە فڕێدابوو هەرگیز نەدەهاتینە شار، کەوابوو باوکی پاڵەوان ناچار بووە ڕوو لەشار بکات و ئاوایی بەجێ بهێڵێ، ئەگینا ئەو قەت بەژیانی شار ڕازی نییەو لێیبێزارەو هەست دەکات لەشاردا پێوەندییەکان پچڕاون و خەڵکی وەک جاران نەماون، هەڵبەت ئەمەش بەڵگەی ئەویە کەشار قۆناغێکی پێشکەوتوترە لەژیانی ئاوایی، نەک تەنیا ئەمە بەڵکو ژیان لەشارێکەوە بۆشارێکی تر دەگۆڕێ، هەروەها ئەو کەرەستانەی کەلەئاوایی و شاردا بەکاردێن هەردوکیان جیان، ئەمەش بەڕونی وبەئاشکرا لەم چیرۆکەدا باسکراوە وەک لەم نەخشەیەی خوارەوەدا هاتووە:

| | |
|---|---|
| کەرەستەکانی لادێ | کەرەستەکانی شار |
| بەکارهێنانی تراکتۆر | بەکارهێنانی سەیارە |
| خۆکێشان بەدیواری ئاشێکدا | خۆکێشان بەعەمودێکدا |
| بەکارهێنانی بێڵ بۆ کوشتن | بەکارهێنانی دەمانچە بۆ کوشتن |
| بەکارهێنانی چرا | بەکارهێنانی جگەرەو شقارتە |
| سوتانی کاوکۆتەڵ و گوریس | سوتانی بەنزین وسۆندە |

ئەمانە پوختەی ئەو بەڵگانە بوون کەلەنێو خودی چیرۆکەکەوە ئەوە دەسەلمێنن کەوا

نیگەرانی پاڵەوان لە ڕوخانی کۆڵانەکەو خاپوور بوونی یادەوەرییەکانییەو نەهاتووە بەڵکو پێوەندی بە هاتنی سیستەمی ژیانی تازەگەری و مۆدێرنێتەوە هەیە.

**کۆتایی:**

ڕووخانی پردەبچکۆڵەکەو پڕکردنەوەی ئەو شیوە دورودرێژەی ماڵەکانی گەڕەکەکەی دەکرد بەدوو بەشەوە، هەموو گەرانەوەیەکی بۆ شوێنەکانی ڕابردوو لەلا ئاڵۆزکردبوو.هاتنی کۆمەڵێک ماڵی دەوڵەمەند بۆ ئەو گەڕەکەو بنیاتنانی چەندین خانووی نوێ لەشوێنی خانووە کۆنەکان لەلایەکەو جێدەستی پرۆژە خزمەتگوزاریەکان لەلایەکی دیکەوە بەتەواوی تووشی شۆک ونیگەرانیان کرد، خودایە چەند بەبینینی ئەم خانوانە پەست وقەڵس دەبم، چەند ڕقم لەم شەقامە قیرتاو کراوانەیە، بەخوا هەر کۆڵانە خۆڵاوییەکەی جاران خۆش بوو، لەگۆتایی خوێندنەوەکەماندا بەو ئەنجامە دەگەین کەوا پاڵەوان لە چاوگێڕانێکی خێرادا بەگەڕەکەکەیاندا بەتەواوی هەست بەغەمباری و نیگەرانی دەکات، هیچ جیاوازییەک لە نێوان بنیاتنان و خاپوورکردندا نابینێتەوە، ئەم بەناو بنیاتنان و تازەکردنەوەیە، ئەم هاتنی شکڵ و شێوەی خانووی مۆدێرن و نوێیە بوونەتە هۆی پچڕان و لەڕەگ وریشە هەڵکەندنی ئەو پەیوەندییە ئۆرگانییەی کەئەم دەبەستن بە دنیای لادێ وژیانی جوتیاری وبیری خێڵ و سیستەمی بەرهەمهێنانی فیوداڵیەوە، دوای ئەوەی لەتەماشاکردنێکی بەپەلەدا چەند ڕوانینێک بەبیری خۆیدا دەهێنێ دەیەوێ پرسیار لەم گۆڕانکارییە بکات تابزانی چۆن وەبەرهەم هاتووە، بەڵام هەر زوو پەشیمان دەبێتەوە خولیای پرسیار کردن لەمێشکی خۆی دەردەکات چونکە دەزانێ پرسیار دەرگای کۆمەڵێ گێرەو کێشەی فەلسفیانەی لێ دەکاتەوە کەڕەنگە زیانی بۆ زۆرێک لە بیروبۆچوونەکانی ئەم هەبێت و لەهەندێکیان پەشیمانیان کاتەوە، بۆیە حەزی لەپرسیارنییەو بەلایدا ناچێت، هەر لەو چاوگێڕانە خێرایەدا هەست بەدابڕانێکی گەورە دەکات لەنێوان خۆی و ئەو گەڕەکەدا، ماڵی مام سمایلی بیرهاتەوە ژیانی گەڕەکێکی میللی لەکوێ وئەم قرِوقەڵەباڵغییەی ئێستا لەکوێ ، هاوسێتی مام سمایل لەکوێ وهاوسێتی ئەم هەموو ئەفەندییە لەکوێ؟ بێگومان ئەوەی یەکەمجار لەلادێوە بێتە شار هەست بەنامۆی دەکات ، هەروەک چۆن ئەگەر ئێستا یەکێک لە ئێمە لە شارێک لە شارەکانی کوردستانەوە بچێتە ئەوروپا هەست بەنامۆ بوون دەکات ، ئەوکات بۆ پاڵەوانی چیرۆکەکە ئاوا بووە کەئەو هەموو خانوو ئەپارتنمانەی بینییەوە تووشی شۆکی تازەگەری بووە، بۆیە کاتێک بەئاسانی لەشەقامەکە دەپەڕێتەوە بڕواناکات و هەست بەنامۆ بوونی خۆی دەکات، وەک ئەوەی لەنێو شارێکی گەورەی دنیادا بێت، بڕوانە لەجیاتی ئەوەی

بینینی ئەو هەموو دیمەنە بەرەو بیرەوەری ئایندەی ببەن، دڵی بە بینینی ئەو هەموو گەشەکردنە بکرێتەو کەیفی پێی بێتەوە، بیری تەپوتۆزی هاوین وقوڕوچڵپاوی جاران دەکات، بۆیە دەگاتە ئەو بڕوایەی بەهیچ شێوەیەک ناتوانێت ئەو پەیوەندییەی جاران لەنێوان ئێستاو ڕابردودا دروستبکاتەوە،لێرەوە لەم خەیاڵانەوە بەکوتوپڕی هەموو ئەو قسانەی بیردەکەوتەوە کەباوکی دەربارەی گوندەکەیان بۆی دەگێڕایەوە، چی وای لێدەکات ئاوایی بیر بێتەوە خۆ ئەو لەدایک بووی لادێ نییە، تەنانەت ئاوایەکەی ماڵی باوکیشی نەدیوە، ئەگەر پاشماوەی هۆشێکی فیوداڵی لە ئەقڵ وهزریدا نەبێت ! چی وای لێدەکات بیری ئاوایی بکات لەکاتێکدا خۆیشی بەتەواوی نازانێ هۆی چییە لەکاتی چاوگێڕان بەکۆڵان و گەڕەکەکەی خۆیاندا بەکتوپڕی هەموو ئەو بەسەرهاتانەی بیردەکەوێتەوە، کە باوکی لە کاتی خۆیدا دەربارەی گوندەکەیان دەیگێڕایەوە باوکی لەگەڵ ئەوەی زۆربەی کات باسی کارەسات ونەهامەتی و برسێتی سەردەمی مناڵی خۆی دەکات ، بەڵام بەهەموو شێوەیەک ئەو سەردەمەی ڕابردووی لەلا خۆشتر بوو بۆیە دەیگوت جاران چۆن بوو ئێستاش چۆنە، بەڵێ دنیا گۆڕاوە و ئێستا ئەو سەردەمە نەماووە کەخەڵک یارمەتی و کۆمەکی ماڵی مام حەسەن و مام سمایلیان دەکرد، لەشاردا شێوەی پێوەندییەکان دەگۆڕێن و لەپەیوەندییەکی دەستەجەمعیەوە دەبێتە هەڵوێستی تاکانە، ئەوەش قۆناغەکان دەگۆڕێ و ژیان بەرەو نوێبوونەوە دەبات قوربانی دانە هەربۆیە دەبینین گۆڕانی پێوەندییەکان و شێوازی بەرهەمهێنانی قۆناغی فیوداڵی پێویستی بەقوربانی و خوێن هەیە، هەروەها لە شارەکانیشدا بەهەمان شێوە ئەو قوربانیانە پێویستن، بۆئەوەی ئاستی گەشەسەندن و تازە بوونەوەکان بەردەوام بێت، لەم چیرۆکەدا هەموو ئەمانە بەڕون ئاشکرا بوونیان هەیە، نەپاڵەوان ونەباوکی نەیانتوانیوە بیانشارنەوە، هەروەها کەرەستەکانیش بەپێی سەردەم و قۆناغەکانیان جیان و بەپێی جوگرافیاو زەمەنەکانیان لەگۆڕاندان، ئەوەی کە جێگای سەرنجە ئەوەیە هەروەک چۆن لەژیانی واقعی ڕۆژانەماندا ڕۆڵی ژنان پەراوێز خراوە لەم چیرۆکەشدا هەمان ڕەنگدانەوەی هەیەو دایکی پاڵەوان جگە لەوەی کەوا هەر لەخۆیەوە بڕێک تۆمەت بۆ کوژراوەکە دەردەکات هیچ ڕۆڵێکی تری نییە، سەرجەمی هەموو ئەمانە گەواهی و شایەتی ئەوەن کەوا گۆڕانکاریەکان بەپێچەوانەی ویست و ئیرادەی پاڵەوان بەڕێوەدەچن بۆیە ئەویش لەهەر کوێیەک ئەم نوێ بوونەوەو مۆدرین بوونە دەبینێ پێیان پەست ودڵتەنگ دەبێت.

دوزخورماتوو/ ٢٠٠٨



د. مارف خەزنەدار

# بووکەشووشە!

هەولێنامەی کتێب

بۆ ئەو خۆشەویستەی سەرچاوەی نووسینەوەی ئەم دێڕانە بوو.. بۆ ئەوە ئادەمیزادە ژیر و ساکارەی هەمیشە دەیگوت: بۆ پیاو پیاو دەکوژێ! بۆ فابریقەکان لە باتی گولله و بۆمبا بووکەشووشە و گولاو دروست ناکەن؟!

بووکەشووشە! بووکەشووشە!

گەلێ سەیر و جێگەی سەر سوڕمانە بووکەشووشە ببێ بە ناوەرۆکی کارێکی ئەدەبی هونەری!.

ئەدەب یا هونەر ئەو ووشە پرشنگدارەیە هەستێکی نەمرلە دەروونیدا دەجوولێتەوە. بەڵام بووکەشووشەی ڕەق و تەقی بێ گیان، نازانم چۆن لە مێشکی هونەرەوەدا ڕەنگ دەداتەوە و دەبێتە هێنانەدی بیر و مانا و وێنەی بەرز!

بووکەشووشە لە لۆکە و پارچە پەڕۆ، لە تەنەکە و نایلۆن، لەتەل و زەمبەرەک، لە دار و بزمار دروست دەکرێ بۆ ئەوەی منالٚ یاری لەگەڵا بکا. خۆ نان نییە و بخۆرێ، گوڵ نییە و بۆن بکرێ، ئاواز نییە و گوێی لێ بگیرێ، نیگار و دیمەن نییە تەماشا بکرێ، بووکەشووشە قسەی هیچە!

تا نەبووم بە ئاشنا و هاوڕێ و خۆشەویستی قارەمانی ی{م بوو کەشووشەیە لە سەر ئەم باوەڕە بووم، دیارە لەو کاتەدا هێشتا بە قووڵی نەچووبوومە ناو جەرگەی گێتیی هەستی مرۆڤایەتییەوە، بەڵام لە پاشانا بۆم دەرکەوت کە بووکەشووشە نەرم و نۆڵییە بۆ دەست و پەنجە ناسک و جوانەکانی منالٚ، گوڵزارێکی ڕەنگین و ئاوادارە بۆ چاوەکانی، بزووتنەوەی ژیان و ئاواتە بۆ ئەم ئادەمیزادە بچووکە ساردەیەی کە لە پەڕەی گوڵ ناسکتر و لە ئاوونگ خاوێنترە.

بووکەشووشە بۆ ئەوە دروست دەکرێ کە ببێ بە هۆیی یاری بۆ منداڵ. ئایا لە گەمە کردن بەولاوە شت هەیە گرنگتر بێ بۆ خەڵکی بچووک! منداڵ خۆی یاری و ئازادییە، دەسەڵاتی لە سەرووی هەموو دەسەڵاتێکی تری کۆمەڵەوەیە، بووکەشووشە هەموو شتێک بۆی. سەبارەت بەوەیە ئەگەر چاوبرسی لە خەوا گەنجینە بدۆزێتەوە، کرێکار بە چەکوشە پۆڵاییەکەی سەری وورگ زلەکان وورد و خاش بکا، جووتیار داسە تیژەکەی لە ملی دەرەبەگ گیر بکا، نەتەوەی ژێر دەست خاکی پاکی لە داگیر کەر و خوێنخۆر پاک بکاتەوە، هەمیشە منداڵ، سپی بێ یا ڕەش، زەرد بێ یا ئەسمەر، لە خەوا بوو کەشووشە دەبینێ.

قارەمانی ئەم بووکەشووشەی من منداڵ نییە، دەمێکە ئەو تەمەنەی بەڕی کردووە، بەڵام هەر گیزاو هەرگیز بووکەشووشەی لە یاد نەچۆتەوە ناچێتەوە، چونکە، وەکو منداڵی تر پەروەردە نەبووە و پێ نەگەیشتووە.

***

ڕۆژێ لە ڕۆژانی سەرەتای پاییز، ڕاستتر دەتوانم ئەو ڕۆژە دیار بکەم، ڕۆژی ٩ی ئەیلوولی ساڵی ١٩٦١ بوو، ئێوارە بەرەو باغچە ڕەنگینەکانی نزیک ماڵەکەمان کەوتمە ڕێ. لە پاییزی پارەوە دڵبەندی پاییزی ئەم وولاتە بووم. لە ڕۆژانی ڕابردوومدا بە سروشت لە پاییز دڵ تەنگ دەبووم، جگە لە مردن و لە ناو چوون و توانا بوون شتێکی ترم تیایا بەدی نە دەکرد. لەوانەیە لەبەر ئەوە بووبێ، چونکە لەم کەژەدا گەڵای دار و درەخت دەوەرێ، تۆز و گەردەلوولە بەری ڕۆژ دەگرێ، باران دەست پێ دەکا، ئەمرۆ ساردەو سبەینێ گەرم، پیاو نازانێ لە ژوردا بخەوێ یا خود لە سەربان، لە هەمووشی گرنگتر هەر لەم کەژەدایە دەرگای قوتابخانەکان دەکرێنەوە، ئەمەش وەنەبێ ڕووداوێکی دڵ گوشاد کەرەوە بێ بۆ قوتابیان!.

بەڵام لە ساڵی پارەوە لەگەڵ پاییزا بووین بە دەستەبرا، گەڵای درەختی ئەم هەرێمە بە ڕەنگێکی زەردی ژەنگدار داناپۆشرێ، بەڵکو گەڵاکان بە هەموو جۆرە ڕەنگێک خۆیان دەنوێنن، دارستان و باغچەکان لە سەردەمی بەهار و هاوینیان جوانتر دەبن. لەم کەژانەدا هەر سەوزن و سەوز، بەڵام لە پایزدا گەڵای سەر درەخت و وەریو هەموو ڕەنگەکان دەپۆشن، تەنانەت زێڕین و زیوینیشیان تیایە.

لە سووچێکی باغەکە، لەسەر کورسییێک لە کورسییە درێژە کەسکەکاندا دانیشتم، کزەبایێکی فێنێک شنەی دەهات زەردەی خۆر بێ تین بوو، ناوە ناوە چەند گەڵایێک هەڵدەوەری و سەمای ڕۆژ دەکرد، لە ناو زەریاچەکەی بەرامبەریشمدا چەند بەلەمێک بە هێمنی لە جووڵانەوەو هات و چۆدابوون، زۆربەی سەیرانکەرانی ناو بەلەمەکان دڵدار و دلبەری تازە نەمام بوون.

لەو دەمەدا بێجگە لە سرنجدان لە دیمەنی سروشت بیرم بۆ هیچ لایێکی تر نەڕۆیشتبوو، بە تایبەتی ئەو ڕۆژە خۆم ئامادە نەکردبوو ناسیاوی لەگەڵ کەسا پەیدا بکەم، یا خود هاوڕێ و

دۆستێکی تازە بدۆزمەوە، چونکە لەو ڕۆژانەدا ئەرکێکی زانیستیی قورس کەوتبووە سەر شانم دەبوو جێبەجێی بکەم.

سەیرانکەران زۆر بوون، بەبێ ووچان بە بێشما ڕادەبردن، کەسیان بیری لەوە نەدەکردەوە بۆ ماوەیێک دابنیشێ، واش ڕێک دەکەوت هەندێ مێردمناڵی لە خۆبایی و سەر گەرم هەر لەسەر ئەو کورسییەی من لە سەری دانیشتبووم پشوویێکیان بۆ دەدا بەڵام کەمتر لە جێگەرەکێشانێک. لە ڕاستیدا هەر من بووم میوانی هەمیشەیی ئەو کورسییە.

لەپڕ کیژێکی تازە پێگەیشتوو، بە بێ ئەوەی هیچ بایەخێک بە من بدا، یاخو هیچ نەبێ تکای ئەوە بکا کە ڕیگەی دانیشتنی بدەم لە خواروی ئەولای کورسییەکەدا دانیشت و دەستی خستە بن چەناگەیەوە. دیمەنی وای دەردەخست وەکو بیر لە شتێکی گرنگ بکاتەوە، گرژ و مۆن بوو، هەروەها من ئاسایی دڵخۆشیش نەبوو، وا دیار بوو بە هیوای ئەوەش نەهاتبوو دۆستێک، یا هاوڕییێکی تازە بۆ خۆی بدۆزێتەوە.

کەوتمە دوو دڵییەوە، لە لایێک وام زان دەکرد کە ئەویش وەکو من بە ئیش و کاری زانستییەوە خەریکە و بڕیاری داوە لەگەڵ هیچ کەسێک ئاشنایی پەیدا نەکا، چونکە کاتی نییە، لە لایێکی تریشەوە دەبێ چاوەڕوانی کەس نەکا! تەنانەت ئەو کچانەی کە دێن بۆ جێگەی چاوەڕوانی دڵداری لەو جێگایەدا ئەگەر بێگانە و نەناسیاوی لێ بێ ئەوەندە ڕووخۆش نابن لەگەڵیانا، بۆ ئەوەی هەر بە بزوتنەوەو نیگا خەڵکەکەتێ بگەیەنن لەو کەسانە نین ئەوانەی ئەوان بە شوێنیان دەگەڕێن.

ئەگەر لەم ماوەیەدا کچەکە نەهاتایە تەنیشتمەوە لەوانە بوو زوو هەڵسم و بەرەو ماڵەوە بگەڕێمەوە، بەڵام گەلێ جاری وا هەیە ئەنجامی ڕووداو کەلێک گرنگ دەبێ بۆ پیاو، با ئە ڕووداوە زۆر بچووکیش بێ. من نەمدەویست ناسیاوی لەگەڵ پەیدا بکەم، بەڵام ئارەزووی ئەوەم بوو بزانم ئەویش وەکو من ئیش و کاری زۆرە و بە شوێن هاوڕێی تازەدا ناگەڕێ! یاخود ئەو کەسە ببینی کە چاوەڕوانی دەکا!

لەیەکەم بینینا کچە دڵی نەرفاندم، سرنجێکی دەروونی ئەوتۆی ڕانەکێشام، لەو کاتەدا تەنیا دەمویست بگەمە ئەنجام. کچەکە گەلێ خۆی قورس گرتبوو، ئاوڕی لێ نەدەدامەوە، منیش دوو ئەوەندەی ئەو لووتم بەرز کردبووەوە، دیار بوو نە ئەو لە کەلی شەیتان دەهاتە خوارەوە، نە منیش، بۆێی هەردووکمان ئەوەی لە لامان گرنگ نەبێ هاوسێکەی بوو. بەڵام نازانم چۆن بوو بە بێ ئەوەی هەست بکەم ڕووم وەرگێڕا و ویستم نگایێکی لێ بدزم، لەو کاتەدا ئەویش وەکو من، لەبەر ئەوە هەر کە چاومان بە یەکتری کەوت دەست بەجێ بۆ ئەوەی وێنەی شلەژاوی لە دەم و چاوی لابەرم بە گاڵتەوە پرسیارێکم لێ کرد.

– مێردەکەت، هاوڕێکەت، نازانم کامەیانە، وا دیارە دوا دەکەوێ، بزانە لەگەڵ کێ دەسووڕێتەوە!

– من نەمێردم هەیەو نەهاوڕێ.

– ئەی بۆ چ هاتووی بۆ ئێرە؟

– گوایا ئەو کەسەی بێ بۆ ئێرە دەبێ هەر بۆ چاوەڕوانی بێ! دیارە تۆش بۆ ئەوە هاتووی؟

– نا، من بۆ ئەوە نەهاتووم، ماڵەکەمان لێرەوە نزیکە، هەموو ئێوارەیێک بۆ سەیران بۆ ئەم ناوە دێم.

– منیش وەکو تۆ.

– تۆ حەز بە هاوڕێ دەکەی؟

– بەلای منەوە هەموو ئادەمیزادێک ئەگەر هەست بە مرۆڤایەتی خۆی بکا، هەر گیز بە بێ هاوڕێ ناژی.

– کەوابێ تۆ حەز بە هاوڕێ دەکەی.

بەسرنجێکی قووڵ تەماشای کردم، هەناسەیێکی هەڵکێشاو گوتی:

– بەڵێ! هاوڕێی باش، بەڵام داخی گرانم هاوڕێی باش کەمە.

دیار بوو لەم کاتەدا خۆی کۆ دەکردەوە بڕوا، ئەو ڕۆیشتنەی بۆ من شتێکی ئاسان نەبوو. لەوەپێش گەلێکی وام دیبوو، بە سێ قسەی سەرپێیی، هەندێ جاریش فشەگاڵتەو پێکەنین، لە یەکتری جیا دەبووینەوەو هەردووکمان لەم شارە گەورەیەدا نوقوم دەبووین و جارێکی تر چاومان بە یەکتری نەدەکەوتەوە.

پێش ئەوەی بڕوا، ڕووم تێ کرد و گوتم:

– ماڵتان لێرەوە دوورە؟

– بە ئۆتۆمۆبیل نیو سەعات دەبێ.

– دە باشە! ماڵی ئێمەش لێرەوە هەمووی بیست دەقیقەیە با پێکەوە بە پیاسە بەرەو ماڵی ئێمە بڕۆین، لەوێوە بەڕێت دەکەم.

– من ووتم هاوڕێی باش کەمە!

– مەبەست لەمەدا چییە؟

– سەیرە! چارەکە سەعاتێک نابێ یەکتریمان ناسیوە، هێشتا ناوی یەکتریش نازانین کەچی بانگم دەکەی بۆ ماڵەوە!

– تکایە لێم ببووری، من مەبەسم ئەوە نەبوو لەگەڵما بێی بۆ ماڵەوە، من گوتم تا لای ماڵەکەی ئێمە با پیاسە بکەین، لەوێوە ئیتر بۆ خۆت بڕۆ بۆ ماڵەوە. بە زەردەخەنەیێکی نهێنییەوە سەری لە قاند، هیچی لێ تێ نەگەیشتم. ئەو ڕۆیشت و منیش کەوتمە دوای، لە ماوەی ئەم بیست دەقیقەیەدا شتێکی وای لێ تێ نەگەیشتم کە بتوانم هەندێ لە خوو و ڕەووشتی بگەم. تووشی گەلێ ئافرەتی وا هاتووم لە ماوەیێکی کەما توانیومە لە بنج و بناوانی بگەم و بچمە ناو ژوورووی دڵیەوە. مەندی

هەزارنامەی کتێب

و لەسەرخۆیی کچە منی خستبووە گومانەوە، کاتێ بیرم دەکردەو وام بۆ دەر دەکەوت ئەم ئادەمیزادە دەبێ گەلێ زۆرزان و ئالۆز بێ، هەندێ جاریش وا دەهاتە بەر چاوم وەکو زۆر ساکار و سادە بێ.

تا گەیشتینە سەر شەقامەکەی لای ماڵی خۆمان تاڕادەیەک ئەو منی تاقیکردەوەو توانی لە من بگا، بەڵام من هەرگیز نەمتوانی بچمە ناو ئەوەوە.

هەر چەندە دەمکرد و دەمکرد بڕیارێکم بۆ نە دەدرا، ئایا داوای ئەوەی لێ بکەم جارێکی تر چاومان بە یەکتری بکەوێتەوە؟ لە ئێستگەی پاسدا لە تەکیەکەوە وەستابووین چاوەڕێی پاسەکەی ئەو بووین. کە ئۆتۆمۆمبیلەکە لە دوورەوە دەرکەوت، دیسانەوە بە بێ ئەوەی بیر بکەمەوە گوتم:

– دەتوانم جارێکی تر چاوم پێت بکەوێتەوە؟

– بۆ من گرنگ نییە، بەڵام ئەگەر تۆ ئارەزوو دەکەی دەتوانی ئێوارەی ڕۆژی شەممەی داهاتوو لە جێگەکەی ئەمڕۆ چاوەڕوانم بکەی .

***

لە تێلایی چاوییەوە بە ووردی لە ژێرەوە تەماشای دەکردم، نیگاکانی پڕ شەرم و نائۆمێدی بوون، ڕەنگی زەرد هەڵگەرابوو، هەموو لەشی هاتبووە لەرزین، دوو دڵۆپ فرمێسک لە چاوە ڕەشە جوانەکانیا قەتیس مابوون، دەستی بۆ قوتووی جگەرەی سەر مێزەکە درێژ کرد. لە دەوری مێزەکەدا تەنیا من ئەوا دانیشتبوین لە ژوورە خنجیلانە جوانەکەدا ئەمە یەکەمین جار بوو دەستی بۆ جگەرە دەبرد، لەو کاتەدا کەوتبووە گێتیی بێ هۆشییەوە، نەیدەزانی بیر لە چی دەکاتەوە، بەڵکو هەر خۆی وون کرد بوو، دەستم بۆ شقارتەکە برد و جگەرەکەم بۆی داگیرساند. دەست و پەنجە و جیگەرە، مژی دووکەڵ و بەبادا کردنی، وەکو جیگەرەکێشکێ پسپۆر دەهاتە پێش چاو.

بەقووڵی لەو ووتەیە وورد بوومەوە کە ماوەیێک لەمەو بەر لە دەمما دەرچوو و بوو بە هۆی کێشانی وێنەی ئەم دیمانە ڕۆمانتیکی تراجیدییەی کە هەردووکمان لەو دەمەدا تیایا دەژیاین. بەڵێ، گوتم: گیانەکەم! من تۆ خۆش دەوێ، زۆر تۆم خۆش دەوێ هەر لەبەر ئەوەیە ئەوپەڕی ئاواتم لەوەدایە کە تۆ منت خۆش نەوێ، بۆ ئەوەی تۆ بەختیار بی.

بیرم لەم ووتەیەم دەکردەوە، هەر چەندە زیاتر قووڵ دەبوومەوە زیاتر بە شەرما دەکەوتم. لە پێشانا وام زان نەدەکرد ئەم ووتەیەم دەبێتە هۆی ئەم دڵ ڕەنجاندنە بێ سنوورە، بۆیی نەوەکو هەر پەشیمان بوومەوە بەڵکو ئارەقی شەرمەزاری لە دەم و چاوما هاتە خوارەوە. خۆشەویستەکەم بێ دەنگ بوو وەکو لە شاری خامۆشان، یا لە پرسەی باوکە مردووی دانیشتبێ بە ڕەنگی زەرد و دەستی لەرزۆکییەوە، مژی بە هێزی لە جگەرەکە دەدا و بە بایدا دەدا، منیش بێ دەنگ بووم، هەر بیرم دەکردەوە کە شتێک بڵێم بەڵام هیچم بۆ نە دەهات، زمانم گیرابوو. لە نەکاو بێ ئەوەی هەست بە خۆم بکەم دەستم بۆ قاپی مەیەکە برد و دوو پێکم تێ کرد، بە ئەسپایی بە بێ ئەوەی

پەرداغەکانمان لە یەکتری بدەین و نیازێک بخۆینەوە، پەرداغەکانمان بۆ دەممان برد بە یەکجاری هەڵمانقوراندن. چاوەڕوانی ئەوە بووم کە ووشەیێک لە دەمی بێتە دەرەوە، تەنیا ووشەیێک ، بەڵام بێ دەنگ بوو.

هێمنی و کش و ماتی باڵی بە سەر ژوورەکەمانا کێشا بوو، بێجگە لە چرکە چرکی سەعاتە بچووکەکەی سەر مێزی نووسین هەست بە دەنگێکی تر نەدەکرا، هەر چرکەیێک لە چرکەکانی سەعاتەکە وەکو ماوەی سەدەیێک وابوو. دوو پێکی تریشم تێ کرد بە هێوای ئەوەی بەڵکو هەندێ سەری گەرم ببێ و بکەوێتە قسەکردن، ئەنجامی ئەمەش هەر وەکو دوورەکەی پێشوو وا بوو. نیازم وا بوو دوو پێکی سێیەمم تێ بکەم کە لە پڕ ئەوەم بە بیرا هات: لەوانەیە ئەمجارە نەیخواتەوە، هەندێکم لە پەرداغەکە کردبوو کە دەستم کشاندەوە، بەڵام دیسانەوە بیرێکی ترم بۆ هات: خۆ ئەگەر نەشیخواتەوە قسەیێک هەر دەکا، خۆ دەڵێ، بەسە، ئیتر ناخۆمەوە، لەبەر ئەمە بوو بە گورجی هەر دوو پەرداغەکەم پڕ کرد، ئەمجارە بە تەمای ئەوە بووم تەماشایێکم بکا، هیچ نەبێ بە چاو بڵێ، فەرموو با بیخۆینەوە، بەڵام نە تەماشای کردم و نە بە چاویش ووتی با بیخۆینەوە، ئەوەی لە هەمووشی سەیرتر بێ ئەوە بوو کە لە پێش منا پەرداغەکەی خۆی هەڵقوڕاند و پەرداغە بەتاڵەکەی خستە سەر مێزەکەوە. ئینجا بە چاوێکی پڕ لە فرمێسک و ڕوخسارێکی پڕ لە زەردەخەنەی نا ئومێدییەوە ڕووی تێ کردم و گوتی:

– سوپاست دەکەم!

بەشەرمەزارییەوە، بە بێ ئەوەی سەیری بکەم گوتم:

– من هیچی وام نەووت تا دێت بڕەنجێ، تۆ خۆت دەزانی من تۆم زۆر خۆش دەوێ.

– بەڵێ دەزانم تۆ منت خۆش دەوێ، بەڵام من لە باتی تۆ بوومایە ئەم قسەیەم نەدەکرد.

– ببوورە.

– لام وایە دەزانی کە دڵداری لە بازاڕی کڕین و فرۆشتنا سەودای لەسەر ناکرێ.

– بەڵێ، ڕاستە، جا من خۆ مەبەستم ئەمە نەبوو.

– کەوابێ بۆ چ ئەم قسەیەت کرد!

– چونکە من تۆم خۆش دەوێ، بەرامبەر بە تۆ من خۆم خۆش ناوێ.

– ئەمە ئەوپەڕی خۆ خۆییە، تۆ وا دەزانی مافی ئەوەت هەیە منت خۆش بوێ، بەڵام ئەم مافە لە من قەدەغە دەکەی و دەتەوێ من تۆم خۆش نەوێ، ئای لەم خۆ خۆییە!! دەمەوێ ئەوە بزانی ئەوەی لە ژیانی پڕ ئازار و ئەندێشەی ڕابردووم مابێتەوە ئەم دڵدارییەیە، ئەمەش تۆ ناتوانی لێمی بسەنیەوە!

– تۆ دەڵێی چی! کامە ژیانی پڕ لە ئازار و ئەندێشە؟ ئەرێ پێم ناڵی تەمەنت چەندە؟

– بۆ ژیانی بەدبەختی تەمەن گرنگ نییە، دەشێ لە ژیانی مناڵێکی ساوای بەرمەمکان دا

هەزاران کارەسات بەدی بکرێ و لە ژیانی پیرێکی ئیفتادەی سەد سالەشدا ترووسکەیێک ناخۆشی نەبینرێ.

– قسەکانت جوان و پڕ مانا و فەیلەسووفانەی، بەڵام بۆ تۆ ئازادی چی کارەساتی چی؟ لێم ببوورە دووبارەی دەکەمەوە پێم ناڵێی تەمەنت چەندە؟

زەرەخەنەیێکی پڕ لە خۆبایی و قەشمەری ئامێز لە دەم و چاویا سەمای دەکرد. دەستی بۆ جگەرەیێکی تر درێژ کرد، شەپۆلی قژی درێژ لە سەر سنگە نەرم و نۆڵە مەرمەرییەکەی شڵپ و هۆڕی بوو، دڵۆپە ووردەکانی ئارەقە وەکو مرواری لە شەوقی چرا کە دەدرەوشانەوە و بە دەم یەکتریا پێدەکەنین دەستم بۆ شقارتەکە برد و جگەرەکەم بۆی داگیرساند، ئەو خەریکی جگەرە کێشان بو، منیش بۆ قسە دەگەڕام، بۆ ئەوەی دیسانەوە بێ دەنگی باڵی بە سەرمانا نەکێشێ.

– ئەرێ جگەرە کێشان بەس نییە؟

– ببوورە ئەم جگەرەیەش دەکێشم.

پاش ئەوەی قومێکی قووڵی لە جگەرەدا، گوتی:

– پێکێکی تریشم بۆ تێکە!

بەمە زۆر بەختیار بووم، چونکە دەبوایست بکرێتەوە وپەردەی بێدەنگی بدرێ دیارە هەموو قسەیێکیشی دەرمانێک بوو سارێژی ئەو برینەی دەکردم کە لە ئەنجامی دڵگیرکردنی ئەو لە ناو دڵما چرۆی دەرکرد. لە پاش هەڵقوڕاندنی پەرداغی چوارممان ڕووی تێ کردم و وەکو مامۆستایێک پرسیار لە قوتابییەکەی بکا گوتی:

– تۆ سەردەمی مناڵیت لەبیرە؟

– بەڵێ لەبیرمە.

– ژیانت چۆن بوو؟

–خراپ نەبوو.

– کە بیر لەو کاتە دەکەیتەوە گوشادیێک دڵت فێنک دەکاتەوە؟

– بێ گومان.

– بەڵام من نا، چونکە سەردەمی مناڵی خۆم لە بیر نییە، کە دایکم بۆمی دەگێڕێتەوە موچڕکێکی کوشندە بە لەشما دگەڕێ و دەمارەکانم سڕ دەکا، باوەڕ بەوە ناکەم بە ژنێکی ڕەشی وادا ڕابردبم، بەڵکو باوەڕ بە بوونی خۆم ناکەم، چونکە گەلێک درەنگ هەستم بەوە کردووە کە من هەم، ئێستاش وا زان دەکەم تەمەنم لە دە دوانزە ساڵ تێپەڕی نەکردووە، لەم تەمەنە بچووکەدا هۆگری تۆ بووم، خەریکە ئەوەم لە بیر دەچێتەوە کە سەردەمی مناڵیم نەبووە.

***

نزیکەی دوو ساڵ بە سەر جەنگا تێپەر بوو بوو، سوپا تاوانبارەکەی ئەڵەمانیای فاشیست

هەموو گێتیی هینابووە شڵەژان، بەشێکی زۆری ئەوروپای داگیر کردبوو، کەسێکی بێ ئەژماری لەم ئادەمزادەی سەر ڕووی زەوی کوشت بوو، گەڵی سامانی خوندەواریی بەنرخی مرۆڤایەتی تەفر و توونا کرد بوو. ئا لەو ماوەیەدا وەکو دایکم بۆمی دەگێڕایەوە لە ڕۆژی دووەمی کانوونی یەکەمی ساڵی ١٩٤٠ لە خانووێک لە پاشماوەکانی سەدەی پێشوو شاری لینیگراد دا لە دایک بووم. ماڵەکەمان سێ ژووری تیا بوو، یەکێکیان هی هاوسێکەمان بوو، بریتی بوو لە ژن و مێردی مناڵێکی بچووکیان، دوو ژوورەکەی تر خێزانی ئێمەی تیا بوو، دایک و باوک برایێکی لە تەمەنی نۆ ساڵی.

دایکم وە نەبێ ئەوەندە دڵخۆش بووبێ بە بوونی من، منی «کچی جەنگ». ڕاستە ئێمە هێشتا نەچووبووینە ناو جەنگەوە، بەڵام بۆنی لاشەی ئادەمزاد کە لە ڕۆژاواوە بابۆی دەهێنایین کاسی کردبووین، کەس نەبوو گومان لەوەدا بکا کە ها ئەمڕۆ ها بەیانی، ئەم ئەژدەها بێ پەروا و ناڕەسەنە هێرش دەباتە سەر ئێمەش.

دایکم بەزەیی بە منا دەهاتەوە، جار جارە کە سەرنجی دەدام ئەنجامێکی پڕ سام و لەش داچڵەکێنەری لە نێوچەوانما دەخوێندەوە. دەڵێن کەس چارەنووسی خۆی نازانێ، بەڵام دایکم و هەموو دانیشتوانی شارەکەی ئێمە لە ئاوێنەی دڵە پاکەکەیانا سبەینێی خۆیان دەدی، مردن کوشتن، بڕین، تالان کردن قەلاچۆی خەڵکی کردن، لەگەڵ ئەوەشا خەڵکی هەموویان هەر نامرن.

هێشتا تەمەنی یەک ساڵەم بە بەڕێ نەکرد بوو، کە دێوی بێ ئامان وەکو هەورەتریشقە لە ناو ئاسمانی ئێمەدا دەیگرماند و دەینەڕاند، لێشاوی سوپای فاشیستەکان وەکو نەخۆشی ڕشانەوە بە خوڕ بەسەر وولاتەکەمان هاتە خوارەوە، ئادەمزاد و ئاژاڵ و دارستان و کوڵخۆز و سۆفخۆزی ڕامالی، گەڵی هەرێمی وولات داگیر کرا، پێپانە پیاو کوژەکان بە پۆتینە چەپەڵەکانیان خاکە پیرۆزەکەمانیان  گلاو کرد.

باوکم چووە ناو ئاگری جەنگەوە، پەیمانی لەگەڵ نیشتماندا کە لە ڕێزەکانی پێشەوەدا خەبات بکا. مامەی هاوسێشمان بە شوێن ئەوا چوو، گەلێکی تریش کەوتنە دوای ئەوان، نەوەکو تەنیا پیاو بەڵکو ژن مناڵی دوانزە سێنز ساڵەش. ئای کە بەختیار دەبووم ئەگەر منیش لەو سەردەمەدا تەمەنم  دوازە سێنزە ساڵی بوایە، منیش دەچوومە جەنگەوە، بەڵام چی بکەم، ئەمە بە من ڕەوا نەبینرا، لەم شانازییە بێبەش بووم!

لە پاش چوونە دەرەوەی خەڵکێکی زۆر، شارە ڕەنگینەکەمان ئابڵۆقە درا، پێوەندیی لەگەڵ هیچ لایێکا نەما. دەبوو سوپا و چەک جەبەخانەی خۆی بەشی ئەم جەنگەی بکا، دەبوو خواردەمەنی ناوەوەی شارەکە بەشی هەموو دانیشتووانی بکا کە بە ملیۆن دەژمێرریێن. بەم جۆرە شاری جوان بووکی سەر ڕووی زەوی کەوتە جەنگی مردن و ژیانەوە.

***

ڕۆژێ لە ڕۆژان شـار هـەندێ هێـمن بوو لە چاو ڕۆژانـی تردا، دەنگی بۆمـبـا و مـەترەلیـۆز لە دوورەوە دەهات، گـەڕەکـەکـەی ئێـمـە ئەو مـاوەیە چوو بووە جیـهـانـی هێمنییـەوە. دایکم و ژنەکـەی هـاوسێـمـان شـەش ڕۆژ بوو تامی نـانیـان نەکرد بوو، هـەفـتـەی پێـشـوو هـەر یەکێکیـان چەند سـەد گـرامێک نانی ڕەشی وەرگـرتبوو، بەڵام خۆیان نەیان خـواردبوو، هـەر ڕۆژەی هـەندێکیـان دابووە بە منـاڵـەکـانیـان. نانەکـە ئەوەندە کـەم بوو بەشـی دوو ژەمی نە دەکـرد، بوێی بە بێ ووچان براکـەم و کوڕی هـاوسێکەمان داوای نانیـان دەکرد. لەبەر ئەوە هـەر دوو دایک نـانەکانیان بێکەوە دەشاردەوە لە جـێگەیێکی وا کـە منـاڵـەکـان نەیانـدۆزنەوە. لەو کـاتـانەی کـە دەبوو نـانیـان بدەنـێ، یەکـێکیـان منـاڵـەکـانی ژیر دەکر بۆ ئەوەی نـەزانن نانەکە لە کـوێیـە، ئەویتـریـان دەچوو هـەندێکی لە نانـەکە بۆ دەهێنان.

ئەو ڕۆژە هـەر دوو دایک ئەم هێـمنییـەیان بە هـەل زانـی، پیکەوە چوونە دەرێ بەڵکو نان بدرێ! براکـەی منیش لە مـاڵ نەبوونی دایکمی پڕ بە دڵ بوو، بۆیێ، چووە کـۆڵان . دایکم و هـاوسێکەمان ئەو ڕۆژە چوار سـەعـات لە ڕیز وەسـتـان بۆ ئەوەی نیـو کـیلۆ نانـی ڕەش و سـەد گـرام شـەکـر وەربگرن. ئەم شـەکرە بۆ دایکم ئەو پەڕی بەخـتـیاری بوو، شـەکـر بۆ من، چونکە خـۆی لـە برسـانا شـیری نەبوو، بـەڵام من لە باتی شیر هەمـوو ڕۆژێ ئاوێکی ڕووتی مـەمکەکـانیم دەمژی. ئەو ڕۆژە گوشـادییـێکی ئەوتۆ گـرتبووی هـەر مـەپرسـە، هیچ نەبێ ئەمـرۆ لەباتی ئاوی مـەمکەکـانی هـەندێ شـەکـراوم دەداتێ. لـە ڕاسـتـیـا دایکم هیـوای بە من نەمـا بـوو کـە بۆی دەژیم، بەڵام لەوانـەیە ئەم شـەکراوە هـەندێ مـردنم دوا بخا. لەم کاتە بەختیـاریەی دایکمدا کە شەکراوی بە کەوچک دەکردە دەممەوە لە پڕ زیرەی لێ هـەڵسـا. ئەوە قـەت دایکم نـەبوو بۆ چەند سـەعـاتێک کـوڕەکـەی لە بیـر بچێـتـەوە! برام دیار نـەبوو، چوو بۆ کوێ؟ دایکـم خـۆی کـردە کـۆڵان، بۆ مـاڵـی هاوسـێکان، بەڵام کوڕەکەی لە هـیـچ لایێکا دیار نەبوو. کچێکی هـاوسێـشـمـان ڤالیا ناوێک لە تەمـەنی براکـەم ولە یەک قوتابخانە لە پۆلی دووەم پێکەوە دەیانوێخوێند ، ئەویش دیار نەبوو دایکی بە دوایا دەگەڕا.

دایکم ڕووی کـردە گـەڕەکـەکـانی تر، ئینجا شـەقـامـەکـانی ئەو نـاوە، بەڵام کـوڕ دیار نـەبوو. دەبێ نەچووبێتە ماڵی خزمەکـان، بەڵام چۆن دەچێ! بە چی دەچێ؟! ماڵی خزمەکان هـەر یەکەی دە پانزە کـیلۆ مـەتر لە یەکـتـری دوورن، هـیچ ئۆتـۆمـۆبیلێک و ترامـوییێکیش لە شـارا ئیشـیـان نە دەکـرد و کوڕەکـەش خـۆی مـاڵی خـزمـەکـانی نە دەناسی. ئەی خـوا هـاوار کـوڕ لە کـوێیـە؟ چی بەسـەر هـات؟ دەبێ ئەڵەمـانەکان نەیان بردبێ؟ بـەڵام سوپای تاوانبـار لە ناو شارا نییـە، بەڵکو وەکو ئەمـوستیلە دەوری شـاری داوە و لە ئاسـمـانـەوە ئاگـر دەبارێنێـتـە سـەر ئەم خـەڵکە. ئەی دەبێ چی بە سـەر هـاتبێ؟! ئیتر کـوڕ وون بوو نەگەڕایەوە ماڵەوە، نەسبەینێ و نە دووسبەی دایکی کڵۆڵم بەمە کۆستی دووەمی کەوت، باوکم لە پشت سـەنگەرەکانی بێشـەوەدا دەجەنگا، لە پێش وون بوونی براکـەم تەنیا بیـری لـەو دەکـردەوە. دەبێ مـابێ! نا، ئێـمـە لە ناو شـارین و ڕۆژی هـەزارانمان لە بـرسـانا سـەر

دەنێنەوە، بەڵام   ئەو لە ناو ئاگرەکە دایە! لەوانەیە کوژرابێ، لەوانەشە نەکوژرابێ، خۆ ئەوانەی لە ناو جەنگن هەموویان ناکوژرێن. ئاخ! سەد هەزار تف لە ئەڵەمانە ڕوورەشەکان، ئێستا کە ئەگەر شارەکەمانیان ئابڵۆقە نەدایە، نامەم لێی وەر دەگرت، کێ دەزانێ لەوانەیە مابێ ! هەموو هەفتەیێک نامەیێکی بۆ نووسیبم و نامەکان لە مۆسکۆ کۆ بووبنەتەوە. ئاخ! خۆزگە لە مۆسکۆ دەبووم، هەموو نامەکانم وەردەگرت، بریا فڕۆکەیێکی خۆمان قارەمانانە خۆی دەگەیاندە ئێرە و نامەکانی لە ئاسمانەوە فڕێ دەدایە خوارێ!

لە دوای وون بوونی براکەم ماوەی دەرد و هەناسە ساردی دایکم فراوانتر بوو، بەڵێ مرد، مرد، لە ناو چوو، بەڵام خۆ هەر دەمرد، ئەگەر بۆمبایێکیشی بەر نەکەوتایە، بێ گومان لە برسانا دەمرد، بەڵام خۆزگە لە برسانا بمردایە، خۆ هیچ نەبێ لە سەرەمەرگا لە باتی نان ئاوم دەکرد بە قوڕگیا و گۆڕێکی بچووکیشم لە ناو باغەکەمانا بۆ هەڵدەکەند و دەمناشت.

ژوورە هەرە بچووکەکەیماڵەکەمان بێ براکەم مایەوە. لەبەر سەرما و لە ترسی بۆمباباران لە هەموو ماڵێکا ژن و منداڵانی هەموو خێزانەکانی خانووەکە لە ژوورێک کۆ دەبوونەوە، بە تایبەتی لە نهۆمەکانی ژێرەوە، بۆیێ ماڵی ئێمەو هاوسێکەمان لە ژوورە بچووکەکەی ئێمەدا دەخەوتین، لەسەر عەرز چونکە گەرمتر بوو، ڕووناکیشمان هەر نەبوو.

ساردی زستانی ساڵانی جەنگ بە دەگمەن لە مێژووی وڵاتی ئێمەدا ڕووی داوە، بۆیێ بەبێ بەزەیی دایکم و هاوسێکەمان بە شەوانی زستان مێز و کورسی و قەنەفەیان دەسووتاند و لە ڕاستیشدا شتێکی بێ کەڵک بوون، چونکە نەدەکڕان و نەدەفرۆشران، ئەوەی بێ نرخترین شتیش بێ پارە بوو، چونکە شت چنگ نە دەکەوت کە بە پارە بکڕڕێ، کەسیش نانی بە شتومەک نە دەگۆڕییەوە، تەنیا ئەوە ناڵێم مامەی مۆسیقای هاوسێمان نەبێ هەندێ نانی بەپیانۆیێک کڕی مامەی مۆسیقا مرۆڤ بوو، ناچار بوو بۆ ژیان پیانۆ کە بفرۆشێ، بەڵام ئەوەی پیانۆکەی لێ کڕی بە نانەکە یەکێکە وەکو ئەڵەمان هیچ جیاوازێکی لەگەڵ ئەوانا نییە، ئەوەندە هەیە لە ژێر ناوی هاووڵاتی ئێمەوە خۆی شادبووە. بەڵام داخی گران بۆ مامەی مۆسیقا، نانەکە تەنیا دوو ڕۆژ مردنی دواخست.

***

شەوێک لە شەوانی زستان، سەهۆڵ بەندان بوو، دەرەوە ئەوەندە سارد بوو تف لە ناو دەما دەیبەست. پیر و منداڵ و ئافرەت خزابوونە ناو یەکتری لە نهۆمی ژێرەوەی خانووەکەمانا. لە پڕ وەکو کێچ داچڵەکین لەو کاتانەی کە گرم و هۆڕی بۆمبا دەیتۆقاندن. ئەوە ڕاستە هیچ تیشکێکی ڕووناکی لە شارا بەدی نە دەکرا، بەڵام شار ڕووناک و شلەژاو بوو بە هۆی بۆمبا باران وەکو هەورەترشقە ئەرزو ئاسمانی شارەکەمانی هێنابووە لەرزین. من و کوڕەکەی هاوسێمان لە نێوانی هەر دوو دایکا پاڵ کەوتبووین خۆمان بە سنگیانەوە نووساندبوو بۆ ئەوەی گەرممان ببێتەوە،

لەگەڵ هەر گرمەیێکا ئێمەی هەر دوومناڵ زیاتر خۆمان دەقرمساندە ناو لەشی دایکمانەوە.

لەو کاتە درەنگەدا، کە دەڵێم درەنگ مەبەستم ئەوەیە کە شەو بوو، چونکە شەو و ڕۆژمان لە یەکتری جیا نە دەکردەوە، لەو لاوە بەرانبەر ماڵەکەمان، لە پڕ ئافرەتە گەنجە هاوسێکەمان زیڕەی لێ هەڵسا، بە کوڵ دەستی کرد بە گریان و لاوەندنەوە. بۆ هاوسێکان ئەمە شتێکی سەیر نەبوو، دەبێ کۆرپە پێنج ساڵی یەکەی بێ و لە برسانا سەری نابێتەوە، سەبارەت بەوە بوو کە ژنەکانی هاوسێ هەڵسان و چوون بە هانای دەستە خوشکەکەیانەوە، هەر یەکە پارچە نانێکی بە دەستەوەبوو، پۆلێ ژن خۆیان کردە ژوورەوە، مناڵە هێشتا نەمرد بوو، بەڵام لە سەرەمەرگا بوو و گیانی دەدا. ژنێکیان بە زۆر هەوڵی دەدا نان بئاخنێتە قورگی مناڵەوە، بەڵام بێ سوود، چونکە مناڵەکە دەمێک بوو ناوی لە دەفتەری شاری مردووان تۆمار کرا بوو.

دایکم هەموو ڕۆژێ یەک دیمەنی وای دەدی، مردن لە برسانا، نە وەکو تەنیا مناڵ و پیر، بەڵکو ژنی گەنجیش. وەها بە مردن ڕاهاتبوو شتێکی سەیر نەبوو لەلای. چاوەڕوانی ئەوە بوو سەرەش بێتە سەر من، لەمەدا گومانی نەبوو و ژنەکەی هاوسێشمانی ڕاسپارد بوو ئەگەر بێت و دایکم لە پێش منابمرێ، جێگەیێک، واتە گۆڕێکی دیار کرد بوو لە ناو باغەکەمانا کە تیایا بینێژن لە پاشانا منیش بخەنە تەکیەوە. ئەگەر مردنیش ماوەی باوک و براکەمیدا ڕۆژێ لە ڕۆژان بگەڕێنەوە گۆڕەکەیان پێ پیشان بدەن.

***

جەژنی سەری ساڵ نزیک بوو بوو، ئەو ساڵە گەلێ سارد و ووشک بوو، خەڵکیووڵاتی ئێمە حەز بە زستانی سارد و ووشک دەکەن، بەتایبەتی لە دەور و بەری جەژنی سەری ساڵدا، ئەگەر جەنگ و برسێتی و نەخۆشی و پەژمودەیی نەبوایە، جەژنی ئەو ساڵەمان گەلێک خۆش دەبوو.

بیرەوەریی جەژنەکانی سەری ساڵانی ڕابردوو، وەکو خەوێکی شیرین دەهاتەوە یادی خەڵکی. ڕۆژێ پێش جەژن شەقام و کۆگاو دوکانەکان یەکێکی تریان نە دەگرت، وەکو شارە مێرووڵە ئەم هەموو خەڵکە لە بزووتنەوەدا بوون، کەس نەبوو شتومەک نەکڕێ، چونکە کەس نەبوو کار نەکا و ئەو شتانەی دەیانکڕین وەکو یەک بوون. هەموو خێزانێکیش درەختێکی سەوزی سنۆبەری بە دەستەوە بوو، دەیبرد بۆ ماڵەوە بۆ ئەوەی بڕازێنێتەوە، بە ئینجی و مووروومی ڕەنگا و ڕەنگ، بە چوکلێت و گوڵی لە کاغەز دروست کراو، بە مۆم و گڵۆپی بچووکی هەمە ڕەنگ.

بێ پشوو دان خەڵکەکە لە هاتوچۆدا بوون، لەبەیانییەوە تا سەعات یانزەی ئێوارە. هەموو شوێنێک قەلەباڵغ بوو، کۆگاکان، بازاڕەکان، تەراشخانەکان و گەرماوەکان، هەرچی لە گیرفانی خەڵکەکە دا بوو دەکرا بە خواردن و خواردنەوە و دەخرایە سەر مێز، ئینجا بە لە دایک بوونی ساڵی تازە، واتە سەعات دوانزەی شەو جەژنی سەری ساڵ دەستی پێ دەکرد تا بەیانی دەخایاند شەویان دەکرد بە ڕۆژ ڕۆژیش دەحەسانەوە.

سێ ڕۆژ مابوو بۆ جەژنی سەری ساڵ، مژدەیێکی خۆش بڵاو بووەوە، جەژنانەی ئەو ساڵە وەکو هیچ جەژنانەنێک نەبوو، نرخی هەر تەواو نابێ. لە ساڵانی پێشوودا سەرۆکی وڵات کە پیروزبایی لە هو وولاتییان دەکرد بە هۆی جەژنی سەری ساڵەوە جەژنانەشی پێشکەش دەکردن، کەم کردنەوەی نرخی خواردەمەنی و شتی پێویستی مرۆڤ. بەڵام لەو ساڵە تەنگادا گوتیان پەتاتە هاتووە، بە هۆی جەژنانەوە بە سەر خەڵکیدا دابەش دەکرێ، دەیانگوت:

هەر ماڵەی کیلۆیێکی بەر دەکەوێ. لە ڕاستی دا مژدە لەمە خۆشتر هەر نەبوو، جەژنی سەری ساڵ بە پەتاتەوە، لەوە پیش هەر نان بوو ئەویش نەوەکو هەموو ڕۆژێک.

پەتاتە بە سەر خەڵکیدا دابەش کرا، خۆ کەسیش ناوکی پەتاتەی لە توێکڵەکەی جیا نەدەکردەوە، تەنیا بە ئاو دەشۆرایەوە، ئێنجا دەکوڵێنرا.

دایکم و هاوسێکەمان و چەند هاوسێی تری گەرەکەکەمان بڕیاریاندا ئاهەنگی جەژنی سەری ساڵ پێکەوە بکەن، هەر یەکە دوو سێ قل پەتاتەی دانا، هەندێکیان کوڵاند، هەندێکی تریشیان پاش کوڵاندن کرد بە هەویر، دوو بابەت خواردنیان لێ دروست کرد، بە سوورەوە کراوی بۆیان نەکرا چونکە ڕۆن نەبوو، بە شۆربایی بۆیان نەکرا چونکە گۆشت نەبوو. بەم جۆرە پەتاتەیان لە سەر مێزەکە ڕیز کرد. تەنیا پەتاتە، نە ڕۆنی کەرە و پەنیر، نە ماسی و نەگۆشت، نە نانی ڕەش، نە ڤۆدکا و شەمپانیا. لە پێش سەعات دوانزە بە چەند دەقیقەیێک ژنێک لە ژێر کراسەکەیەوە شووشە یێکی بچووکی هێنایە دەرەوە، شووشەکە هەندێ شەرابی تیا بوو، لە دەمێکەوە بۆ ئەو ڕۆژە هەڵگیرا بوو.

ئەم خەڵکە هەژرە پێشوازی ساڵی تازەیان کرد، دەمیان بە شەراب تەڕ کرد، زگیان بە پەتاتە گەرم کرد، بە یادی ئ[وەی لە ساڵی داهاتوودا هەر چێێکی لە سەر مێزەکە دا نییە بێتەوە سەری و هەر کەسێکی لە دەوریشیا نییە بگەڕێتەوە بۆ لای.

بەڵام ئەمە هیوا بوو، هیوای ڕووت، تا دەهات ژیان سەخت تر دەبوو، قەدەر بێ بەختانە چڕنووکی لە سنگی ئەم ئادەمزادە بێ تاوانە گیر کرد بوو، گەنج و لاو لە مەیدانکانی جەنگا دەکوژران، لە بەندیخانەکانا هەڵدەواسران، مناڵ و ژن و پیر لە شارا لە برسانا دەمردن. نان بۆ برسی و چەک بۆ سوپا ڕۆژ لە دوای ڕۆژا کەم دەبووەوە، بەڵام شاری قارەمانیش هەر خۆی نە دەدا بە دەستەوە، چونکە نەوەکو تەنیا بڕیاری ئەوەی دابوو بە کوشتنی دوا دانیشتووی شارەکەمان ئەڵەمان دەتوانێ بە تەواوی داگیری بکا، بەڵکو بە لە ناو بردنی دوا هاووڵاتی وڵاتەکەمان ئینجا دەتوانێ بێتە ناو شارەوە.

لە جەژنی سەری ساڵی ئەو ساڵەدا ئامانجی خەڵکەکە ئەوە بوو لە جەژنی سەری ساڵی داهاتوودا هەموو شتێک بێتەوە دۆخی جارانی، بەڵام بەستەزمانانە نەیاندەزانی لە جەژنی داهاتوودا ئەو پەتاتەیەش نابێ، ئەم دوو سەد گرامە نانەش نامێنێ، وە نەک ئەوانەی کە لە پار لە

دەوری مێزەکە نەبوون دەگەڕێنەوە، بەڵکو ئەوانەی لە دەوری مێزەکە بوون زیاتر لە نیوەیان دەچنە ژێر گڵەوە بۆ لای میلیۆنەهای لە ڕێگەی سەربەرزی نیشتیمانەوە سەریان نایەوە.

***

لە تەمەنی سێ ساڵی دا لەبەر لەڕی و لاوازی و بێ هێزی، هێشتا نەمدەتوانی وەکو منالّی ئەو تەمەنە لەسەر پێ بوەستم و پێڕۆکە بکەم. ترسی ئەوەش لە دایکی کڵۆڵما نیشتبوو لەوانەیە گەورەش ببم هەروا بمێنتەوە، چونکە ئەگەر لە منالّییەوە مەشقی لەسەر پێ وەستان و ڕۆیشتن نەکەم دەشێ بە درێژایی ژیانم هەر بە دانیشتوویی بمێنێتەوە.

ڕۆژێکیان بەیانی کە دایکم لە خەو هەڵسا چاوی بە دیمەنێکی ناڵەبار کەوت، دەبێنێ هەر دوو چاوم سپی بوون و دەستە کوتێ دەکەم. بە بزووتنەوەکانما هەستی بەوە کرد کە بینایی چاوم ڕژاوە، ئەوەندە سووی بووەوە چاوی بەرایی نەهات لێم بپرسێ، ویستی بە شێوەیێکی تر تاقیم بکاتەوە.

– کچە خۆشەویستەکەم کراسەکەت پیس بووە، دەی با جلت بگۆڕم، ئەها! بزانە ئەم کراسە جوانەم بۆت درووە، ڕەنگەییت لا جوانە؟

– دایە هیچ شتێک نابینم، هەموو شتێک لەبەر چاوم هەر ڕەشە.

– چاوت دێشی؟

– چاوم نایێشێ، بەڵام هیچ نابینم.

فرمێسکی ژیانی پڕ لە ئەندێشە و ناسۆر بە چاوی دایکما هاتە خوارەوە، گرتیمە باوەشی، نامی بە سنگییەوە: هیوا و ئامانجم لە ژیانا هەر تۆی، با لەڕ بی، با لاواز بی، با کوێر بی، با ئیفلیج بی، بەڵام هەر مەمرە.

ئارام گرتن لە ووزەی کەسا نەما بووم، برسیەتی بە تەواوی شارەکەمانی شڕ کردبوو، گۆشتی سەگ و پشیلەش چنگ نە دەکوت. مردوو ناشتن بوو بووە تەنگوچەڵەمیێکی گەورە بۆ دانیشتووانی شار. میری کەوتە خۆ بۆ ڕزگار کردنی خەڵکی لە بێ نانی. ئەمەش دیار بوو تەنیا بەوە دەکرا خەڵکەکە بە نهێنی ڕزگار بکرێن بۆ ناوچەکانی تری ووڵاتەکەمان، ئەو جێگە هێنمانەی کە جەنگیان تیا نییە و نانیان تیا چنگ دەکەوێ. لای باکووری شارەکەمان ئومێدی ئەوەی لێ دەکرا بە شەو هێڵی جەنگی ئەڵەمانەکان ببڕێ و خەڵکی ڕزگار بکرێن بۆ دەرەوەی شار، سەبارەت بەوە بوو بە هۆی ڕێکخراوەکان بە خەڵکی گەیێنرا خۆیان ئامادە بکەن بۆ شتێکی وا بە تایبەتی پیر و ئەو ژنانەی منالّی بچووکیان هەیە.

شەوێکیان لە کاتێکی درەنگا، چەند سەربازێکی خۆمان خۆیان کرد بە حەوشەکەمان و بە خانووەکانا گەڕان و خەڵکەکەیان ڕاسپارد خۆیان ئامادە بکەن. لەسەر شەقامی پێش ماڵەکەشمانا چەند ئۆتۆمۆبیلێکی سوپایی وەستا بوون، بە خەڵکەکە گەیێندرا کە بە بێ دەنگی و

بە ئەسپایی بچن بۆ ناو ئۆتۆمۆبیلەکان، گەلێکی خەڵکی ئەو ناوە بە تایبەتی ژنی پیر و مناڵ ڕوویان کردە ناو ئۆتۆمۆبیلەکان. بەڵام دایکم بڕیاری ئەوەیدا کە خۆی نەچێ و تەنیا من بنێرێ، چونکە زۆرباش دەیزانی ئەگەر لە شار بمێنمەوە بێ گومان لە دەست مردن ڕزگاریم نابێ، بە چوونە دەرەوە لە شار هیوایێک دەمێنێ، ئەگەر ئەم هەموو ئادەمزادە شتێکیان بە سەرا هات ئەوا با منیش لەگەڵیانا بم، خۆ ئەگەر ڕزگاریش بێن مردنمان لێ دوور دەکەوێتەوە.

من بە باوەشی دایکمەوە بووم، بەرەو ئۆتۆمۆبیلەکە دەیبردم، لەوێ ڕووی کردە سەربازێک.

– من دایکی ئەم کچە کوێرەم، نامەوێ شاری خۆشەویست بەجێ بهێڵم، ئەگەر ئەم شارە مرد با منیش لەگەڵیا بمرم، یا خود با ببمە قوربانییێک بۆ ئەوەی شار بمێنێتەوە بۆ مێرد و کوڕ کچ و ئەم هەموو هاو وولاتانەی تر، با جارێکی تر بە ئاسوودەیی لە شارە ڕەنگینەکەیانا بژین، بە ڕۆیشتنی ئەم کچەم ئەرکی سەر شانم هەندێ سووکتر دەبێ و دەتوانم لەسەر خەباتی خۆم برۆم.

سەربازەکە هەندێ داما، ئەم قسانەی دایکم شانازی و پاڵەوانیەتی سەربازی لاوی بە هێز تر کرد، ڕووی کردە دایکم و گوتی:

– باشە، لە سەر پارچە مقەبایێک ناوی کچە و باوکی و بنەماڵەی بنووسە، لەگەڵ ناوونیشان ی ماڵەوە و ڕۆژی لە دایک بوونی، ئنجا بە پەتێکەوە بیبەستەو وەکو قەلەتە بیکە بە ملی کچەکەوە. ئێمە دەیبەین، بێ گومان لە دوا ڕۆژێکی نزیکدا بە چاو ساغی و تەندروستییەوە دەگەڕێتەوە بۆ لات.

دایکی بێ هێز و توانا و کەساسم لە پێش ئۆتۆمۆبیلەکەوە وەستا بوو، منی نابوو بە سنگییەوە، ماچی دەکردم، بۆنی دەکردم، هەڵی دەلووشیم. چاوەڕوانی ئەوە بوو بە تەواوی ئۆتۆمۆبیلەکان پڕ بن و بکەونە بزووتنەوەی. لە پاش ماوەیێکی کەمدا من کۆچکەری ڕێی هات بووم. سەربازەکە منی لە دایکم سەند و دامی بە ژنێک لەژنەکانی ناو ئۆتۆمۆبیلەکە. ژنەکە تەماشایێکی منی کرد، ئێنجا ڕووی وەرگێڕا بۆ لای دایکم.

– ئەمەش وەکو کچی خۆم وایە.

دڵۆپێک فرمێسک بە ڕووی هەر دوو دایکدا هاتە خوارەوە، ئۆتۆمۆبیلەکان خەریک بوو دەکەوتنە بزووتنەوە، لە پڕ دایکم هەندێ نانی لە باغەڵیا دەرهێنا و بە سەربازەکەی گوت:

– باوکم بە ساقەت بێ، ها ئەوا هەندێ نان، بۆ کچەکەم، بۆ یەکەمین جار بیدەنێ، هێشتا فێری نان خواردنم نەکردووە، چونکە نانمان نەبووە، تەنها شیری مەمکەکانمی خواردۆتەوە.

– دایە! ئەم نانە با بۆ تۆ بمێنێتەوە، ئێمە نانمان هەیە. بەڵام لە دڵی خۆیا دەیگوت: هیچمان نییە، یا ئەوەتە ئەم هەموو خەڵکەکە لە ناو دەچن، یا ڕزگارییان دەبێ بۆ دەرەوەی شار کە نانی لێیە.

***

گرم و هۆڕی نارنجۆک و بۆمبا له هەموو لایێکا دەهات. که ئۆتۆمۆبیلەکانمان له دەنگی تۆپ نزیک دەبوونەوه مەترسی لەشی هەموو کەسێکی دادەچڵەکاند، هەندێ جاریش دەنگ له دوورەوه دەهات.

کاروانی ئۆتۆمۆبیلی سوپایی گەیشته ئێستگەیێکی شەمەندەفەری فەراغ شار. شەمەندەفەرێکی کۆن لەو ناوەدا وەستا بوو، له هەموو لایێکەوه خەڵکی بۆ دەهات، خەڵکەکه هەموویان وورووژا بوونه ناو یەکتری، کەسیش نەیدەگوت بەسه و جێگه نەماوه، تا خەڵکی زۆر بن ناو شەمەندەفەرەکه گەرمتر دەبێ و کەسیش نایەوێ تەنیا خۆی ڕزگاری ببێ.

به بێ فیکه لێدان شەمەندەفەرەکه کەوته بزووتنەوەی، فەرمان بۆ هەموو لایێک دەچوو بوو که دەبێ بێ دەنگ بن و هەست و نەست له خۆیان ببڕن، به تایبەتی ژنەکانیش دەبێ مناڵەکان ژیر و دابین بکەن. شەمەندەفەر له فەراغ شار نزیک بووەوه، ناوچەی مردن، سنووری فاشیستەکان. بڕیاری ئەوەیاندا که به هێزی هەوایی شەمەندەفەر هەلا هەلا بکەن، بۆمبا بارانێکی به هێزیان کرد، دوو فارگۆنی شەمەندەفەرەکه به خۆی و خەڵکەکەوه هەپڕوون به هەپڕوون بوون و شەمەندەفەرەکه وەستا. هێز و بازووی سەرباز و ژنەکانی ناو شەمەندەفەرەکه دوو فارگۆنه شکاوەکەیان له شەمەندەفەرەکه پچڕاند، فارگۆنەکانی تر لەسەر ڕێگەی ئاسن دەرنەچوو بوون. داخی گرانم ئەو خەڵکەکه که شەهید بوون هەموویان له دانیشتووانی گەڕەکەکەی خۆمان بوون.

له شار دەرچوون تەگەرەی هەره گرنگی ئەم کۆچەمان بوو، بۆیی به درێژایی هەفتەیێک تەنگوچەڵەمەیێکی ئەوتۆمان نەهاته ڕێ. شەمەندەفەرەکەمان بەو ناوچانەدا تێدەپەڕی که هێشتا ئەڵەکان داگیری نەکرد بوون. له ڕێگاش پەیتا پەیتا له هەموو شارو دێهاتێکی که پیایا تێدەپەڕین، خەڵکەکه به پیرمانەوه دەهاتن، به نرخترین دیارییان نان بوو، له هەندێ جێگەش دا لەگەڵ نان پەنیر و شیریان بۆ دەهێنایین.

له هەندێ ئێستگەکانی سەر ڕێمانا دایکی دووەمم له باوەشی دەکردم و دەیبردمه دەرەوه، خەڵکی بەزەییان پێما دەهات، کوێر و دانیشتوو، هی واش هەبوو داوایان له دایکم دەکرد که بۆیانم بەجێ بهێڵی. له هەندێ ئێستگەی تریشدا دایکم له فارگۆنەکه نەیدەهێنامه دەرەوه. بەم جۆره له پاش هەفتەیێک گەیشتینه شاری تاشقەند، له ئەوروپاوه بۆ ئاسیا، بەڵام هەمووشی هەر وولات و خاکی خۆمانه.

گەلێ له دانیشتوانی شاری تاشقەند به پیرمانەوه هاتبوون، زیاتری ئەو خەڵکەکەش ئەو ژن مێرده دڵسۆزانه بوون که کوڕی لاویان له هێڵەکانی جەنگا خەبانەتیان دەکرد له پێناوی سەربەرزی و ئازادی نیشتیمان. مناڵ چنگ نه دەکەوت، به تایبەتی ئەو مناڵانەی کەسیان نەبوو، باوەڕ بکەن شەڕیان له سەرا دەکرا.

له ئێستگەی شەمەندەفەری شاری تاشقەندا خەڵکێکی زۆر لەسەر منا کۆ بووبوونەوه، که له

دایکمیان دەپرسی من کچی ئەووم! دەیگوتک: نا. مشت و مڕ. ژنێک هەوڵیدا بە زۆر من لە دایکم بسێنێ، گوتی:

– ئەمە کچی خۆمە و دەیبەم!

ژنێکی تر لەولاوە هاتە پێشەوە، چاوی پڕ بووبوو لە گریان، بە دەم هەنسکەوە ڕووی کردە ژنەکە.

– چۆڕێ دڵسۆزیت ببێ،ئەمە هەفتەیێکە بە چاوی خۆت دەیبینی لەم ئێستگەیەدا کەوتووم، بۆ ئەوەی منالێکم چنگ بکەوێ، بمیدەرێ، خوا کارت ڕاست کا.

– ئەمە ئیتر خۆمە، منیش وەکو تۆ، خۆ من ئەلەمان نیم!

دایکی دووەمم ناوونیشانی دایکی سێیەمی وەرگرتم. ئیتر دایکی سێیەم لە باوەشی کردم و ناهی بە سنگییەوە، لەگەڵ مێردەکەی دا بە ڕا کردن لەم حەشاماتە دەرچوون بەرەو ماڵەوە.

لە ڕێگەی ژنەکە مقەباکەی ملمی بۆ مێردی دەخوندەوە، بەدەم ئەمەوە ڕووی کردە مێردەکەی و گوتی:

– پیاوەکە ئەم منالە لە برسانا وا لەڕ و لاواز و کوێر و دانیشتوو بووە، گومانم لەوەدا نییە بەم زووانە دێتەوە سەر خۆی، پێ دەگرێ و و چاویشی دەکرێتەوە.

وەستا عەلی جان و مەملەکەت خانمی ژنی، خەڵکی تاشقەند بوون، وەستا عەلی لە فەبریقەیێکی دارتاشی کاری دەکرد، هێشتا هەر لە خانووە کۆنەکانی شاردا دەژیان. کوڕێکی لاوی بیست و یەک ساڵەیان هەبوو ناوی حەکیم بوو، قوتابی زانستگای ئاسیای ناوەڕاست بوو، کتێب و دەفتەرەکانی لە ماڵەوە بەجێ هێشتبوو وەکو هەزارانی تر چوو بووە ناو ئاگری جەنگەوە. ناوە ناوە نامەی بۆ دایک و باوکی دەنووسی.

لە پاش چوار پێنج مانگ هاتمەوە سەر خۆ، بەرە بەرە پێم گرت و دەستم کرد بە ڕۆیشتن، چاویشم کرایەوە. دایکم هەموو شتێکی لای خۆیانی بۆ دەگێرامەوە، هەموو شتێکیشی لێ دەپرسیم لە بابەت لینینگرادەوە بەڵام نەمدەتوانی وەرامی بدەمەوە، چونکە هیچم لە بیر نەبوو و هیچیشم نە دەزانی، تەنیا ئەوە نەبێ کە سێ دایکم هەیە، یەکێکیان لە لینینگرادە، ئەویتریان هەفتەیێک لە ناو شەمەندەفەرەکە لەگەڵیا بووم، وە مەملەکەت خانم کە لەوانەیە دەبێ بە دایکی ڕاستەقینەم.

***

ئینجا با بێمەوە سەر باس و خواسی دایکی لینینگرادم.

دایکم بە هیوا دەژیا، بەڵام هیوایێکی هەناسە سارد، باوکم لە جەنگا بوو، نەیدەزانی لە کوێیە؟ لەچی ناوچەیێک ؟ ماوە یا خود مردووە؟ سەر و سۆراغی براکەشمی نەدەزانی، زیاتر وای زان دەکرد کە نەماوە منیش کە ڕۆیشتم دیسانەوە نەیدەزانی ئایا لە شار چووینەتە دەرەوە یا نا؟ چونکە لەشار چوونە دەرەوە کارێکی گەلێک قورس بوو، دەی ئەوا لە شاریش چووینە دەرەوە، بەڵام

بەم ڕەنگە دایکی ناڵەبارم تەنیا مایەوە، نە مێرد، نەکوڕ، نە کچ. سوێندی خوارد تا تنۆکێک خوێن لە ناو دەمارەکانیا مابێ دەبێ خەبات بکا و بجەنگێ، شار بەدەستەوە نەدا و دەبێ بیکا بە گۆرستانی فاشیستەکان.

تەنیایی دایکم لە لاێیکی ترەوە جێگەی گوشادی بوو بۆی، بە ڕێکوپێکی دەیتوانی ئەرکەکانی سەر شانی بهێنێتە دی، هەموو جۆرە خەباتێکی تاقی کردەوە. کە بەیانی لە خەو هەڵدەسا خۆشی نەیدەزانی ئەو ڕۆژە چی کارێکی بێ دەسپێررێ. پەیامنێری بۆ پاتیزانەکانی ناو شار دەکرد ئەوانەی هەمیشە هێرشیان دەبردە سەرو سەنگەرەکانی ئەڵەمانەکان، لە تیپەکانی تەندروستیدا برین پێچ بوو، لەو فابریقانەی کە چەک و نارنجۆکیان بۆ پارتیزانەکان دروست دەکرد کرێکار بوو. سەرپەرشتی ناشتنی هەموو ئەو مردووانەی دەکرد کە لە گەڕەکە کەمانا لە برسانا دەمردن، هەمیشە تفەنگیشی بە شانەوە بوو.

***

هێزی تاریکی کەوتە لێژییەوە، فاشیستەکان خۆیان لەبەر گورزی مرۆڤایەتیدا ڕا نەگرت، سوپا تاوانبارەکەی ئەڵەمان لە هەر چوار دەوری جیهانەوە بە سەر شۆڕی و شەرمەزاری پشتیان لەگەڵ و ڕوویان لە ئەڵەمانیا گەڕانەوە، بەڵکو بەرەو شاری بەرلین کە دەیانویست بیکەن بە پایتەختی هەموو گێتی.

پێش ئەوە ئەڵەمان خۆی دا بدا بە دەستەوە، شارە نازەرەکەمان ئازاد بوو، بەڵام گەلێکی خەڵکی شارەکەمان بە ئاهەنگی سەرکەوتن شاد نەبوون، زۆر تریش هێزی ئەوەیان تیا نەمابوو نان بخۆن و بێنەوە سەر خۆیان، لەبەر ئەوە نان بە هانایان نەگەیشت و لە برسانا سەریان نایەوە.

لە پاش ئەوەی کە شار کرایەوە، خەڵکەکە کەوتە خۆ، کەسی وا نەبوو کە چاوەڕوانی نامە نەبێ، چونکە کەسی وا نەبوو یەکێکی لە جەنگا نەبێ. نامە! بەڵێ نامە! شتێکی گەلێک قورس بوو، کارەساتێکی جیگەر بڕ بوو. ئەو نامەنەی بۆ خەلکەکە دەهاتن دوو بابەت بوون، بەشێکیان ئەو نامانە بوون کە یەکسەر لە نووسەرەکانیانەوە دەنێرران، مژدەی ژیان و مانی ئازیزەکانیان دەهێنا، بەڵام بەشەکەی تر ئەو نامانە بوون کە میری دەیناردن بۆ کەس و کاری کوژراوەکە، لە ناو هەمووشیانا ئەمە نووسرابوو: «لە ڕێگەی پاراستنی نیشتمانا پاڵەوانانە شەهید کرا».

پۆستە چییەکان نامەی مردنیان بە شەو دەهێنا یاخود لەکاتی وادا کە خەڵکی چاویان لێ نەبێ و دەیانخستنە ناو سندووقی پۆستەی ماڵەکانەوە.

دایکم بە کوڵ چاوەڕوان بوو، وەکو لەسەر ئاگر دانیشتبێ وا بوو. دەبێ نامە وەرگرێ، دەبێ هەواڵێک هەر ببێ، لە مێردەکەی، لە کوڕەکەی لە کچەکەی، لەبراوخزم و کەس و کارەکانی مۆسکۆ و ئۆکرانیاو بێلۆڕووسیا. نەخۆشی نامەی گرتبوو، ئەم نەخۆشییە ناخی دەروونی سمی بوو، هەر

که چاوی به پۆستەچی دەکەوت دڵی دەخورپا، هەر کە دەستی بۆ سندووقی پۆستەی ماڵەوە درێژ دەکرد دەستی سڕ دەبوو، تەزووی مردن بە هەموو لەشیا دەگەڕا، لەبەر ئەوە بوو لەم ماوەیەدا لە پۆستەچی و سندووقی پۆستە دەترسا وەکو ئەڵەمانەکان دەهاتنە پێش چاوی هەندێ جاریش خووی دەگرت و لە خۆ دەچوو!

هەواڵی مردن، هەواڵی ژیان بۆ گەلێک لە هاوسێکانمان هات، بەڵام بۆ دایکم هیچ نەبوو! دەبێ هەموویان نەمردبن، نا! ئەگەر مردبن دەبێ هەواڵێک هەر ببێ، ئەگەر مابن دەبێ هەواڵێک هەرببێ!

دایکم هەناسە ساردم ماوەییێکی زۆر چاوەڕوانی نامە بوو، تا ڕۆژێک لە ناکەو نامەی گۆڕین، نامەی مردن و ژیان لە ئۆکرانیاوە هات. نامەکە لە لایەن براژنییەوە نێررا بوو، مژدەی نەمردنی باوکمی تیا بوو، لەم ماوەیەدا نامەی بۆ ئەوان نووسی بوو، بەڵام بۆ دایکمی نە ناردبوو چونکە دەیزانی شار ئابڵۆقەو دەورە دراوە ناردنی نامە بێ سوودە. هەواڵی کوشندە، فاشیستەکان دوو خاڵمیان زیندە بە چاڵ کردووە، چەند خزم و کەسێکی تریشمانیان سووتاندوون و هەڵواسیوون لە بنەماڵەی ئۆکراینامان لە پەنجا و چوار کەس تەنیا دوانزە کەس مابوونەوە، لەمانەش دووانیان شێت و سییاننیان شەل و کوێر بوو بوون.

دایکم چاوەڕێی ئەو بوو کە باوکم بگەڕێتەوە یا خود نامەی بێ، بەڵام نە خۆی و نە نامە لە هیچ لایێکەوە دیار نەبوون. هەموو ڕۆژی دایکم لەگەڵ خەڵکێکی زۆری شارەکەمان دەچوونە پێشوازی ئەو شەمەندەفەرانەی سەربازیان دەهێنایەوە شار، هەموو ڕۆژێکیش بە نامرادی دەگەڕایەوە. جاری وا هەبوو یەک دوو ڕۆژ لە ئێستگەی شەمەندەفەر دەمایەوە.

چاوەڕوانی دایکمی پەژمردە کرد، لە پەل و پۆ کەوت و هێوای بڕڕا، وای بە دڵا دەهات کە باوکم دەبێ کوژرا لەوانەیە خاڵۆژنەکەم بەزەیی پێداهاتبێتەوە بۆێی هەواڵی مردنی باوکی بۆ نەنووسبێ ، یا خود لەوانەیە پاش ناردنی نامە بۆ ئۆکرانیا ئینجا کوژرابێ، خۆ نابێ سەرباز تەنیا لە سەرەتای جەنگا بکوژرێ!

لەم کاتەدا ڤالیای کیژۆڵە وون بووەکەی گەڕەکەکەمان بە کوێری و شەلی و گۆجی گەڕایەوە. کچەکە وای گێڕایەوە کە ئەو ڕۆژەی وون بوون، لەو ڕۆژەدا هەموو مناڵەکانی ئەو ناوچەیەیان کۆ کردەوە و بردیانن بۆ ناوچەی کیرۆڤسک، لە ڕێگا شەمەندەفەرەکە بۆمبا باران کرا، لە ئەنجامی ئەمەوە گەلێک لە مناڵەکان کوژران، زۆریشیان بریندار بوون. ئینجا کچەکە گێڕایەوە کەلە پاش ئەم کارەساتەی شەمەندەفەرەکە لەگەڵ لیۆنیدی براما لە یەکتری دابڕان لە پاش ئەمە نەیدەزانی چی بەسەر هاتووە! لەوانەیە مابێ، چونکە خەڵکەکەی ناو شەمەندەفەرەکە هەموویان لەیەک جێگە نە دەژیان. ئەمە بوو بە هۆی ئەوەی دایکم دەست لە براکەم بشوا، چونکە ئەگەر لە ژیانا بووایە ئەویش وەکو ئەم کچەی هاورێی دەگەڕایەوە!

ڕۆژێکیان کچێکی تری هاوسێی ماڵی پوورم لە دەرەوەی شار بوو و گەڕابووبووەوە، باسی ئەو

منالانە دەکا کە لە یەک شوێن دا پێکەوە ژیا بوون، دیار بوو لیۆنیدیش یەکێک بوو لە هاورێکانی ئەم کچە. کچە دەڵێ: لیۆنید ماوە و لەگەڵ تاقێکی ترا ئەوانیش بەم زووانە دەگەڕێنەوە. هەواڵ بە دایکم گەیشت، گورج خۆی ئامادە کرد کە بچێ بۆ لای براکەم و لەگەڵ خۆیدا بیهێنێتەوە. لەم کاتەدا بۆ ماوەیێک بیری لە باوکم نەدەکردەوە، ئەو ئێوارەیە نەچووە پێشوازی ئەو شەمەندەفەرەی کە سەربازی دەهێنایەوە شار، بەڵکو ڕووی کردە ئێستگەیێکی تر بۆ لای براکەم.

دایکەم لە ئێستگە بوو کە باوکم گەڕایەوە ماڵەوە، دەبینێ کەس لە ماڵ نییە، سەری لەمە سوڕ نامێنێ، شتێکی زۆر ئاساییە ئەگەر هەموویان لە بۆمبابارانی یا لە برسانا مردبن، بەڵام زوو هاوسێکەمان دڵنیایی دەکا و تێی دەگەیێنێ کە دایکم بۆ ئێستگەی شەمەندەفەر ڕۆیشتوە بڕ لای کوڕەکەی بە ڕاکردن باوکە خۆی گەیاندە ئێستگە، لەو عانەدا شەمەندەفەرە خەریک بوو دەکەوتە بزووتنەوە. هەر ئەوەندەی بۆ کرا کە بە چاوێکی پڕ لە فرمێسکەوە دەست لە ملی ژنە خۆشەویستەکەی بکا و لە شەمەندەفەر بیهێنێتە خوارەوە و خۆی لە باتی ئەو بڕوا بە شوێن براکەما.

دایکم بە مێرد و کوڕە تاقانەکەی شاد بوو، بەڵام هێشتا ئەنجامی منی نە دەزانی، ئەگەر منیش لەو کاتەدا بۆی بگەڕامایە ماڵەوە هەندێ برینی ئازاری مردنی براکانی سارێژ دەبوو چاوەڕوان بوو هەموو ڕۆژێ هەرچاوەڕوان بوو، چوار ساڵ بوو ئێش و ئازاری چاوەڕوانی چێشتبوو. چاوەڕوانی هاوسێکانی بوو، ئەوانەی لەگەڵ منا لە شار چوونە دەرەوە، بەڵکو لەگەڵ خۆیانا بمهێننەوە،یا خود هیچ نەبێ سەر و سۆراغێکی من بزانێ، بەڵام هێشتا کەس نەگەڕاوەتەوە و ئەویش هەر چاوەڕوانە.

***

مەملەکەت خانم نامەیێکی بۆ دایکم نووسی، مژدەی مانی منی بۆ نارد، ئەوەشی تێ گەیاند کە بوومەتە ئادەمزادێکی تەواو، تەندروستیم باشە و چاویشم کراوەتەوە. لە نامەکەدا تکای تایبەتی لە دایکم کرد بوو کە ماوەی بدا جارێ من نەنێرێتەوە تاوەکو حەکیمی کوڕی لە جەنگ دەگەڕێتەوە و ئەوەشی بۆ نووسی بوو کە نەیێ بە شوێنما چونکە مەبەسی ئەوە نییە زەوتم بکا. خۆ ئەگەر دایکیشم خوا بکا دڵی نەرم ببێ و بۆ ئەوانم بەجێ بهێڵێ دیارە ئەو پەڕی خۆشی و شادییە بۆ ماڵی وەستا عەلی جان. ئەم نامەیە نامەی یارانی نار.داران بوو، نامەی ئەو ئازیزانەی کە خۆر وە پایانەوەیە، لە ئاسۆی ژیانێکی پڕ لە ناسۆری و نائومێدییەوە سەریان دەردەهێنن و خەندەی ژیان شادی و خۆشەویستی پێشکەش بە دڵداران دەکەن، منیش نەمردووم، بەڵێ! منیش نەمردووم!

زۆری پێ نەچوو حەکم گەڕایەوە، ئەوەندەی بە باوک و دایکی شاد بوو زیاتر بە من، ئەو خوشکەی بۆ یەکەمین جار دەیبینێ، بەڵام ئەو شادییە ئەوان زۆری نەخایاند ناچار بوون من بنێرنەوە. لەگەڵ ئەو ڕێکخراوە تایبەتییە ڕێککەوتن کە خەڵکی ئاوارەی شارەکانیان دەگەڕاندەوە

جێگەی خۆیان. هەر چەندە ڕۆژی گەڕانەوەی من نزیک دەبووەوە سەد ئەوەندە لە ناخی بیری قوولّی دەست لێک بەردان دەچوونە خوارەوە. بەڵێ برووسکەشیان بۆ دایکم نارد بۆ ئەوەی بۆ پێشوازیم بێت.

هەر سێکیان دایک و باوک و برای تاشقەندم، بە چاوی پڕ لە فرمێسکەوە لە ئیستگەی شەمەندەفەردا وەستا بوون، منیان بە ڕێ دەکرد. کە لە لنینگرادەوە منیان هێنایە تاشقەند هەموو سامانم مقەباکەی ملم بوو، بەڵام کە لە تاشقەندەوە بە ڕێ کرام هەموو لەشم هێز و توانای مرۆڤایەتی بوو.

زۆر سەیرە! من خۆشی ژیانم خستە ناودڵی دایک و باوک و برام لەو کاتەی کە لە لینینگردا بە من شاد بوون، هەروەها تاڵی ژیانیشم خستە ناو دڵی دایک و باوک و برای ئەو لام لەو کاتەی هەتا هەتایێ لێیان جیا بوومەوە.

بەڵام سووچی منی تیا نییە، ژیان و ڕۆژگار وەرامی ئەمە دەدەنەوە.

***

هەموو کەسێک یەکەمین ڕۆژی چوونە قوتابخانەی لە بیرە، بەڵام من ئەوەم لە بیر نییە، تا پۆلی چوارەمیش نە قوتابیان، نە مامۆستاکان کەسیانم لە بیر نەماوە. لە پۆلی چوارەما بووم کە ڕۆژێکیان باوکم بووکەشووشەی بۆ هێنامە ماڵەوە، بەڵێ بووکەشووشە، بەڵام نەمدەزانی بووکەشووشە چییە! بۆچی دروست کراوە! چی لەگەڵا دەکرێ!

بووکەشووشەم پێ سەیر بوو، لەبەر ئەوە بوو بۆ ڕۆژی دوایی لەگەڵ خۆما بردمە قوتابخانە، نەخێر دەبینم هەموو منالّی قوتابخانەکەمان بە کوڕ و کچەوە بووکەشووشەیان لەگەڵ خۆیانا هێناوە، مامۆستاکانمان کە چاویان بەم هەموو بووکەشووشەیە کەوت دەستیان کرد بە گریان.

گوتم:

– کە جەنگ کۆتایی هات لە تەمەنی پێنج ساڵیدا بووی، هێشتا نەچووبوویە قوتابخانەوە، ئەی بۆچی لە پۆلی چوارەمدا باوکت یەکەمین بووکەشووشەی بۆ هێنایتە ماڵەوە؟

– هەیهوو! هەیهوو! دیارە گوێت لەم بەسەرهاتە نەگرتووە، یا خود قسەکانم لە گوێی ڕاستت چوونەتە ژوورەوە لە گوێی چەپتا هاتوونەتە دەرەوە.

ئەفسووس و سەد مەخابن، لە پاش کۆتایی جەنگدا هەموو ئاواییێکی وولاتەکەمان کەوتبووە خۆ بۆ ئامادە کردنی نان و جل و بەرگ و پێڵاو بۆ ئەوەی بگەنە فریای ملیۆنەها لە هاونیشتمانەکانمان تاکو لە مردن رزگاریان بکەن، هێشتا نۆرە نەهاتبووە سەر دروست کردنی بووکەشووشە.

**لینینگراد (سانت پیترسبورگ) بەهاری ١٩٦٤**

سەرچاوە: بەرەوڕۆژ، د. مارف خەزنەدار.